وعلم آدم الأسماء كلها

# ئاوا ئادەمی فێرکرد

دیرۆکی فێرکردنی ناوەکان لەلایەن خوداوە بۆ ئادەم

ئیعجازی زانستی لەو بوارەوە

# ئاوا ئادەمی فێرکرد

## دیرۆکی فێرکردنی ناوەکان لەلایەن خوداوە بۆ ئادەم

## ئیعجازی زانستی لەو بوارەوە

نووسینی: پ. د. مەحمود فەرەج دەمرداش

وەرگێڕانی: د. مەحمود عەبدوڵڵا مەحمود

**ئاوا ئادەمی فێرکرد**

**دیرۆکی فێرکردنی ناوەکان لەلایەن خوداوە بۆ ئادەم**

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٦)

- نووسینی: پ. د. مەحمود فەرەج دەمرداش
- وەرگێڕانی: د. مەحمود عەبدوڵڵا مەحمود
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٧٩٣)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# پێڕست

پێشەکی وەرگێڕ.......................................................... ٧
دەسپێك ........................................................................ ٩
بەشی یەکەم: ئادەمی فێرکرد– وعَلَّم آدَمَ.................................. ١٣
بەشی دووەم: الأسماء - ناوەکان ........................................ ٣٣
بەشی سێیەم: چەند تێڕوانینێك بۆ زانستە تاقیکارییەکان .............. ٥٩
بەشی چوارەم: هەمووی (کلها) ........................................ ١٠٣
دەرەنجام ........................................ ١١٦

# پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری بێ هاوتا، درووود و سەلامی خودا لەسەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی و یار و یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی.

ئاشکرایە قورئانی پیرۆز فەرمایشتی پەروەردگارە و بۆ هەموو سەردەم و کاتێک و لە هەموو ڕوانگەکانەوە موعجیزەیە، ئادەمیزاد و پەرییەکانیش بێ توانا بوون و دەبن لەوەی بە وێنەی تەنها سوورەتێك، یاخود چەند ئایەتێکیشی بهێنن، دەرکەوتنی ئەو ئیعجازەش بە تێڕامان و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لێی، دەردەکەوێت.

گومان لەوەدا نییە، فێربوونی قورئانی پیرۆز چەندێك پاداشتی لەسەرە، هەروەکو لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودادا (درووودی خودای لەسەر) هاتووە، بەڵام ئەوەی گرنگە و ئێمە وەکو پێویست گرنگییمان پێ نەداوە، تێگەیشتن و بیرکردنەوە و تێڕامانە لە مانای ئایەت و سوورەتەکانی، کە ئەوەش دەچێتە بازنەی فێربوونی قورئانی پیرۆز و ئەوەیان گرنگتریشە. ئەوەتا دەبینین هاوەڵانی پێغەمبەری خودا باس لەوە دەکەن کە کاتێك پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) چەند ئایەتێکی قورئانی فێر دەکردن، سەرەتا خوێندنەوەکەی فێر دەبوون، پاشان تێدەگەیشتن لێی و هەوڵیان دەدا بزانن چی تێدایە لە زانیاری و کارپێکردنی، پاش ئەوە چەند ئایەتێکی دیکەیان وەردەگرت، جگە لەوەی تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و وردبوونەوە لێی فەرمانی خودای گەورەیە. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ {النساء: ٨٢}. واتە: (ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە لە قورئان و سەرنجی نادەن و لێی ورد نابنەوە؟ خۆ ئەگەر

له لایەن غەیری خوداوە بوایە ئەوا جیاوازی و ناڕێکییەکی زۆریان تێدا دەبینی). له ئایـەتێکی دیکـەدا هەڕەشـە لـەو کەسـانە دەکـات کـە لـە ئایەتـەکانی قورئـان ورد نابنـەوەو لەبارەیانـەوە دەفـەرموێت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ {محمد: ٢٤}. واتە: "ئەوانە دڵەکانیان لە ئاستی ڕاستییەکاندا قفڵی لێ دراوە!".

ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆزیش بەو ئەرکە هەستاون و ئایەتەکانی قورئانیـان ڕاڤـە کردووە و دەرخەری بەشێکی زۆر لە لایەنەکانی ئیعجاز و گەورەییبوون لە سەرجەم بوارەکاندا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ هەموو سەردەمێکی نوێتر دەیـان ئیعجـاز و گەورەیی نوێ دەردەکەون لـە ئـەنجامی تێڕامـان و لێکدانـەوەی کەسـانی پسـپۆر و پشتبەست بە ڕاڤەی زانا پێشینەکان و خوێندنەوەی نوێ.

یەکێك لەو ئایەتانەی قورئان کە جێی تێرامان و لێ وردبوونەوەیە. ئەو ئایەتەیـە کە باس لەوە دەکات خودای گەورە ناوەکانی فێری ئادەم کرد، چۆنێتی فێرکردنـی ناوەکان و مەبەست لێیان و هۆی لەپێشبوونی ئـادەمیزاد بەسـەر فریشـتەکاندا بـە فێربونیانەوە پرسـێکی گـرنگ و هاوکـات ئـاڵۆزە و ڕاڤـەکارانی قورئـان لـە مێـژەوە هەڵوێستەیان لەسەر کردووە.

نووسەری ئەم کتێبەی بەردەستمان زۆر بە جوانی ئەم بابەتەی ڕوونکردووەتەوە لە دوای خوێندنەوەی ڕاڤەی ڕاڤـەکارانی قورئـان و لێکدانـەوە و ڕوونکردنـەوەی بـە زانستی نوێ و نموونـەی ڕوونکـاری سـەردەم کـە بـە ڕای بەنـدە شـتانێکی جـوان و بابەتگەلێکی نوێ لە خۆ دەگرێت.

وەرگێڕ

# دەسپێك

کۆکردنەوە لە نێوان دوو خوێندنەوەدا، خوێندنەوەی پەرتووکی (نووسراو) و گەردوونی (بینراو)، خوێندنەوەی سروش (وحي) و بوون (وجود) لە گرنگترین ئامانجەکانی دۆزی ئیسلامییەتی مەعریفەیە، ئەوە تەنها دووبارە خوێندنەوەیە، جار لە دوای جار بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ناوی قورئان کە پێویستبوونی دووبارەکردنەوەی کاری خوێندنەوە و درێژەپێدانی و چەسپاندنی واتای لێوردبوونەوە بە خوێندنی لەسەرخۆی بەردەوام کە هۆشیاری و هەوڵدان، و زانست و کارکردن، و لێوردبوونەوە و کار پێ کردن پێکەوە گرێ دەدات ﴿أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ [محمد: ٢٤]. واتە: (ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لە قورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن؟ یان ئەوەیە دڵەکان لە ئاستی ڕاستیدا قفڵیان لێ دراوە).

ئەم کۆکردنەوەیەش تەنها کۆکردنەوەیەکی میکانیکی نییە، بەڵکو کۆکردنەوەیەکە هەر دوو خوێندنەوەکە بەرەو بەیەکگەیشتن و موتوربەکردنی یەکدی و کارلێککردن و گفتوگۆ دەجووڵێنێت. بەڕاستی کۆکردنەوەی دوو خوێندنەوەکە بریتی نییە لە کاری خوێندنەوە بە مەبەستی ئەوەی پێی دەوترێت ئیعجازی زانستیی قورئان و بڵاوبوونەوەی وەك گەڕان و کنەکاری بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی بیردۆزە زانستییەکان لە قورئاندا، چونکە سەرەنجامی لێکۆڵینەوە لەم

کایانەدا جێی باوەڕ نییە. کۆکردنەوە لەنێوان دەقی چەسپاو لەلایەك و ئـەوەی کـە دەگۆڕێت (بیردۆزە زانستییەکان) لەلایەکی دیکەوە، پێویسـتە پـەیوەسـت بێـت بـە میتۆدێکی بەهێز کە بنەماکانی خوێندنەوەی هۆشیارانە بجوولێنێـت، نـەوەك تـەنها خوێندنەوەیـەك بێـت کـە بۆچـوونەکان بخاتـەڕوو و ڕا و بۆچـوونەکان لـە یەکـەم تێڕوانینەوە بونیاد بنێت و خێرا بیردۆزێکی زانستی و ئایەتێکی قورئـان پـەیوەسـت بکات بەیەکەوە، بێ سەرنجدان و ئەوەی لەو خوێندنەوە سادەیەی کـە بـەدەرە لـە سنووری دووبارەکردنەوەی خوێندنەوە بە گوێرەی میتـۆدێکی ڕێکوپێـك کـە ببێتـە هـۆی شـارەزابوون و فێربـوونی خوێندنـەوەی وردبینانـە لێـی، کەواتـە بۆچـی هـەر کەسـێك لێکۆڵینـەوەی کردبێـت لـە سـۆنگەی قوتابخانـەی ئیعجـازی زانسـتی لـە قورئاندا، لە بنەماکانی بیردۆزە زانستی و سروشتی و بایۆلۆجییەکاندا کردوویەتی و لەم ئەندازەیەدا وەستاوە و تێنەپەڕیوە، ئەوانە دوور و نزیك ئاماژەیان بە ئیعجـازی قورئـان لـە بـوارە مرۆیـی و دەروونـی و کۆمەڵایەتیـەکان نـەداوە؟ لەگـەڵ زۆری ئاماژەکـانی قورئـان کـە کردوونـی لـەو بوارانـەدا و لـەو ئایەتانـەدا کـە بـەمانا ڕوون (محکم) دادەنرێن. بەڕاسـتی سیسـتمی یاسـاکان کـە یاسـا گەردوونییـەکان تیایـدا پەیوەندیدارە بـە یاسـا کۆمەڵایـەتی و دەروونـی و مێژووییـەکان، بەدڵنیاییـەوە بـە یەکێك لەو کایانەی ئیعجاز دادەنرێت کە بـە دەگمـەن گرنگییـان پـێ دراوە، یـاخود توێژینەوەیان تیادا ئەنجام دراوە.

ئێمە لـەم توێژینەوەیـەدا لەبـەردەم چـەند جـۆرێکی خوێندنـەوەداین کـە چـەند جارێك ئایەتەکەی خوێندووەتـەوە و لـە ماناکـانی ورد بووەتـەوە و هـەوڵی داوە لـە لایەنە شارەاوەکانیدا قووڵبێتەوە، بێ ئەوەی مانایەکی بۆ ساختە بکات، یـاخود بـە ڕواڵەتیانە بەسەریدا تێپەڕێت و لێکدانەوەی بـۆ بکـات. ئەمـە ئـەو ئایەتەیـە کـە بـە

كليلـى مرۆڤايـەتى دادەنرێـت لـە كـردار و كاريگەرێتيـدا ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ [البقرة: ٣١].

به ڕاستى زانستى ناوەكان گرنگترين بنچينەى كارى بەجێنشينكردن و هەڵگرتنى بەرپرسيارێتى بوو بۆ ئادەميزاد، ئەم ئايەتە بووە نموونەيەك بـۆ ئيعجـازى قورئـانى لە پەيوەندى زانست بە ناوەكان و بە ئادەميزاد و بە كارە گرنگەكەى و پەيامەكەى و جووڵەكەى لەم گەردوونەدا. ئا ئەمەيـە كـە ئێمـە بـە ئيعجـازى زانسـتيى قورئـانى دادەنێين، نەوەك هەوڵ بدەين بڵێين لێكچوون هەيە لە نێوان بيردۆزە زانسـتييەكان و چەند ئايەتێكى قورئانيدا، بێ خوێندنەوە و لێوردبوونەوەيەك كە كۆكەرەوە بێـت لەنێوان خوێندنەوەى سروش و خوێندنەوەى بوون.

پەيمانگەى جيهانى فيكرى ئيسلامى

قاهيرە

# بەشی یەکەم
# ئادەمی فێرکرد- وعَلَّم آدَمَ

لە قورئانی پیرۆزدا چیرۆکی دروستکردنی ئادەم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و دابەزینی بۆ سەر زەوی، لە زیاتر لە شوێنێکدا باس کراوە. لە سوورەتی (البقرة)دا زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە لە نێوان زاتی پەروەردگار و فریشتەکانیدا ڕوویداوە، کاتێك پەروەردگار پێیان دەفەرموێت: جێنشینێك لە زەوی دادەنێت، فریشتەکان وەڵامیان دایەوە بە جۆرێك لە نابەدڵیەوە بەوەی کە ئەو جێنشینە خراپەکاری تێدا دەکات و خوێنی تێدا دەڕژێت، لە کاتێکدا ئەوان ـ واتە فریشتەکان ـ پاك و بێگەردی دەدەنە پاڵ پەروەردگار و سوپاسگوزارن و بە گەورە و پیرۆزی دادەنێن. فریشتەکان هەستیان بە گەورەیی ڕووداوەکە کرد کە چۆن دەکرێت دروستکراوێك ببێتە جێنشینی خودا لە زەویدا، چۆن لە توانایدا دەبێت ئەو ڕاسپاردەیە هەڵبگرێت و خێر و چاکە بڵاو بکاتەوەو و خۆ لە خراپە بپارێزێت، چونکە ئەوە بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیە.

فریشتەکان خزمەتکاری عەرشن و بە فەرمانی خودا هەڵسوکەوت دەکەن و یادی پەروەردگاریان دەکەن و سوپاسگوزاری ئەون و بە پیرۆزی ڕادەگرن، چونکە

ئـەو زاتـی تـاك و تـەنیا و بـێ هاوتایـە، نیـازی بـە کـەس نییـە و هـەمووان نیـاز و پێویستیان بەوە، زاتی بەرزو بێ هاوتا پێی فەرموون: ئەوەی ئەو دەیزانێـت ئـەوان نایزانن.

پـەروەردگار بـۆ ئـەوەی بۆیـان بسـەلمێنێت ئـەوان ئـەو شـتانە نـازانن کـە ئـەو دەیزانێت، ئادەمی (درودی خودای لەسەر) فێری پێویستییەکانی دەوروبەری کرد، پاشان ئەو شتانەی نیشانی فریشتەکاندا و پێی فەرموون: "ئادەی ئێـوە نـاوی ئـەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن؟" وەڵامە ڕاستەکەیان دایەوە و وتیان: پـاك و بێگەردی و ستایش هەر بۆ تۆیە، ئێمە هیچ شتێك نازانین مەگەر ئەوەی خۆت فێرت کـردبین، بـە ڕاسـتی هـەر تـۆ زانـاو دانایـت. خـودا بـە ئـادەمی فـەرموو: "ئـادەی ناوەکانیان پێ بڵێ"، کاتێك ناوەکانیانی پێ وتن، خودا فەرمووی من پێم نەوتن بـە ڕاستی من ئاگادارم بە نهێنییەکانی ئاسمانەکان و زەوی و ئاگـادارم بـە هـەموو ئـەو شتانە، بە کارە ئاشکراکانتان، هەروەها ئەوانەش کە دەیشارنەوە؟

ئەم چیرۆکە گرنگی ناوەکان و گەورەییانمان بۆ دەردەخات، هەر یەکێك لە ئێمە ناوی شتەکان و کەسەکان و واتاکان بە کارێکی سووك و ئاسان دەزانێـت و هـیچ بـە قورسی نازانێت بە بەراوورد بە باسەکانی ماتماتیك و بیردۆزەکانی فیزیـا و پێکهاتـە بایۆلۆجییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوانە ئەوە بوون کە پەروەردگار فێری ئادەمی کردبوون، تا بیسەلمێنێت بۆ فریشـتەکان کـە ئـادەم ئامـادە کـراوە بـۆ ئـەوەی لـە زەویـدا جێنشـین بێـت، تـا بەشـێك لـە زانسـتی خودایـان نیشـان بـدات، ئـەوە بـوو فریشتەکان وتیان: پاك و بێگەردی و ستایش هەر بۆ تۆیە پەروەردگارا، ئێمـە هـیچ شتێك نازانین، مەگەر ئەوەی خۆت فێرت کردبین، بە ڕاستی هەر تۆ زانا و دانایت.

پاك و بێگەردی بۆ خودا، تەنانەت خودی فریشتەکانیش زانیارییان بـە ناوەکـان نییە، لە کاتێکدا لەنێو ئەواندا فریشتەی وا هەیە کە لە نێوان ئاسمان و زەویدا دێت

و دەچێت و پەیامەکان بۆ پێغەمبەران دەهێنێت، وەکو جیبریل (سەلامی خودای لەسەر)، هەیانە تایبەتمەندە بە (با)کان، وەکو میکائیل، هەیشیانە گیان و ڕۆحی زیندەوەران دەکێشێت بە فەرمانی خودا و کۆتایی بە مرۆڤەکان دەهێنێت، وەکو عیزرائیل، ئا ئەم فریشتانە نەبوونی زانیارییان لەبارەی ناوەکان ڕاگەیاند و لە ڕاگەیاندنەکەشیاندا ڕاستگۆ بوون. هەر بۆیە، بێگومان ئەو ناوانە ئاماژە و گرنگییەکی تایبەتمان دەداتێ، ئەو ناوانەی کە بەڵگەی بەرزی پایەی عەرشی خوداوەند بوون لەسەر زانستی پەروەردگار و توانای مرۆڤ، کە ببێتە جێنشین لەسەر زەوی، بۆیە ئەم کتێبەمان تایبەت کردووە بە قسەکردن لەسەر ئەو ناوانە، بە پشتیوانی خودا دەست دەکەین بە ڕاڤەکردنی چیرۆك و بەسەرهاتی ئادەم، لە نێو ئەوانەشدا باسی فێربوونی هەموو ناوەکان دەکەین، هەروەکو لەو تەفسیرانەدا هاتوون کە لەبەردەستماندان، پاشان بە درێژی باسی فێربوونی هەموو ئەو ناوانە و گرنگییان لە ژیانی ئادەمیزاددا دەکەین.

## وتەی ڕاڤەکارانی قورئان لە بارەی ڕاڤەی ئایەتەکە:

خودای گەورە لە سوورەتی (البقرة) دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلآئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (٣٠) وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلآئِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلآءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٣١) قَالُوا سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (٣٢) قَالَ يَا آدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ (٣٣)﴾. [البقرة: ٣٠-٣٣]

## تەفسیری قورتوبی:

ئیمامی قورتوبی دەڵێت[1]: وشەی (إذ) بۆ ڕابردوو بەکار دێت، (جاعل) بە مانای دروستکەر دێت، (خلیفة) دەبێتە جێنشینی ئەوانەی پێش خۆیان لە زەویدا کە فریشتەن، یان ئەوانەی پێش خۆیان نیشتەجێی بوون و فریشتە نەبوون، کۆی پێشەوایانی قیرائەت بە (خلیفة) خوێندوویانەتەوە، جگە لە زەیدی کوڕی عەلی کە بە (خلیقة) بە (قاف) خوێندوێتیەوە. بە ڕای ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و کۆی ڕاڤەکاران "ئادەم جێنشینی خودایە لە بە جێگەیاندنی کار و فەرمانەکانی، چونکە یەکەم نێردراوە بۆ زەوی و بووە پێغەمبەری منداڵەکانی کە ٤٠ منداڵ بوون لە ٢٠ منداڵبوونی خێزانەکەی، هەر جارێك کوڕێك و کچێکی بووە".

زانایان یەکدەنگن کە ئادەم پێشەوا و جێنشینە، فەرمانەکانی دەبیسترێت و گوێڕایەڵی دەکرێت، تا کۆدەنگیی بۆ دروست ببێت و کاروبارەکانی جێنشینایەتی پێ جێبەجێ بکرێت، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ﴾ [ص: ٢٦]. واتە: (ئەی داود بە ڕاستی ئێمە تۆمان کردووەتە جێنشین لە زەویدا).

لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾. [النور: ٥٥]. واتە: (خودا بەڵێنی دڵنیابەخشی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە دەیانکات بە جێنشین لە زەویدا).

فریشتەکانیش هیچ شتێك نازانن جگە لەوانەی کە پێیان وترابێت و قسە لە فەرمایشتی خودادا ناکەن، دیارە ئەم وەسفەش گشتگیرە بۆ گشت فریشتەکانی

---

[1] تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن): أبو عبد الله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، دار الريان للتراث، القاهرة، ١٩٨١.

خودا، چونكه ﴿لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ﴾ [الأنبياء: ٢٧]. واته: (هەرگيز قسه له فەرمايشتی خودادا ناكەن و له گوفتاردا پێشی ناكەون). له ستايشی ئەواندا هاتووه، باشه كەواته چۆن وتوويانه: (بۆ كەسانێك دەخەيته زەوی كه خراپەكاری تێدا بڵاو دەكەنەوه؟). هەندێك وتوويانه: واتاكەی ئەوەيه كه ئەوان كاتێك گوێيان له وشەی (خليفة) بوو وا تێگەيشتن كه لەناو نەوەی ئادەمدا كەسانێك هەن خراپەكاری دەكەن، بەڵام ئەو وشەی خەليفەيەی كه مەبەست بوو چاكسازی و دووركەوتنەوه بوو له خراپەكاری، بەڵام ئەوان بڕيارەكەيان گشتگير كرد بەسەر هەمووان‌دا به نافەرمانی، بۆيه خودای گەوره ڕوونی كردەوه بۆيان كه لەناوياندا هەيه خراپه دەكات و تياياندا هەيه نايكات، فەرمووی: (**إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ**). واته: "ئەوانەی من دەيزانم ئێوه نايزانن". بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستييەش ئادەمی فێری ناوەكان كرد. هەندێك وتوويانه كه فريشتەكان خراپەكاری و خوێنڕێژی جنۆكەيان بينيوه و زانيوه، چونكه زەوی پێش دروستكردنی ئادەم جنۆكەی لێ بووه، كه خراپه و خوێنڕێژييان تێدا ئەنجامداوه، خودای گەوره ئيبليسی بۆ ناردوون لەگەڵ كۆمەڵێك له فريشتەدا، كوشتوونی و دەری پەڕاندوون بۆ دەرياكان و لوتكەی چياكان، هەر ئەمه بووه وای لێكردوون كه بپرسن: ﴿أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ﴾ [البقرة: ٣٠]. واته: "ئايا كەسێكی تێدا دەكەيته جێنشين كه خراپەكاری بڵاو بكاتەوه و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام بدات؟!".

سەعيدی كوڕی جوبەير (ڕەزای خودای لێ بێت) دەفەرموێت: بۆيه ناونراوه (ئادەم)، چونكه له بەرگ و ڕووپۆشی زەوی دروستكراوه. ناونراوه به (إنسان) چونكه لەبيری چووەوه.

قورتوبی له بارەی ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ [البقرة: ٣١] دەڵێت: (عَلَّمَ) به واتای پێی ناساند وفێری كرد، فێركردنەكەشی خستنه نێو دڵی زانستەكان بووه بێ گەڕان بەدوايدا، دەشگونجێت له ڕێی فريشتەيەكەوه بووبێت كه جيبريله. زاناكانی ئەهلی

تەصەوف دەڵێن: ئادەم فێری بووە بە فێرکردنی پەروەردگار بۆی و پاراستوویەتی بۆی تا لەبەری بێت و ئەو بەڵێنەی لێی وەرگیرا بوو لە بیری چووەوە، خودا فەرمووی: ﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا﴾ [طه: ١١٥]. واتە: (بە ڕاستی ئێمە پێشتر پەیمان و بەڵێنمان لە ئادەم وەرگرت، بەڵام ئەو لەبیری چووەوەو لێبڕانمان لەودا نەبینی). ئیبن عەتا دەڵێت: ئەگەر زانستی ئەو ناوانە بۆ ئادەم دەرنەخرایە، ئەوا لە فریشتەکان بێ تواناتر دەبوو لە هەواڵدان لەبارەیانەوە.

قورتوبی هەر لەسەر هەمان بابەت دەدوێت و دەڵێت: (الأسماء) لێرەدا بە واتای دەستەواژەکان دێت، چونکە هەندێکجار وشەی (اسم) بەکاردێت و مەبەست لێی (ناولێنراو)، (مسمي)یە.

ڕاڤەکاران لە بارەی مانای ناوەکان کە فێری ئادەم (دروودی خودای لەسەر) کراون ڕاجیاییان هەیە، ئیبن عەبباس و عیکریمە و قەتادە و موجاهید و ئیبن جوبەیر دەفەرموون: ناوی هەموو شتەکانی فێر کرد، گرنگ و بێ بەهاش. عاسیمی کوڕی کولەیب لە سەعدەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: لای ئیبن عەبباس دانیشتبووم باسی ناوی قاپەکان و ناوی قامچی کرا، ئیبن عەبباس فەرمووی: (وعلم آدم الأسماء كلها).

وشەی (كُلَّها) سەرتاپاگیری وگشتگیری دەگەیەنێت، لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە، ئەنەس دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: ((وَيَجْتَمِعُ الْمُؤْمِنُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيَقُولُونَ: لَوِ اسْتَشْفَعْنَا إِلَى رَبِّنَا، فَيَأْتُونَ آدَمَ فَيَقُولُونَ: أَنْتَ أَبُو النَّاسِ خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ وأسجد لك ملائكته وعلمك أسماء كل شيء..)) الحديث. واتە: ((ئیمانداران لە ڕۆژی دواییدا کۆدەبنەوە و دەڵێن: خۆزگە داواکاری تکامان ببردایە بۆ لای پەروەردگارمان، بۆیە دێن بۆ لای ئادەم (دروودی خودای لەسەر) و پێی دەڵێن: تۆ باوکی مرۆڤەکانیت، خودا بە

دەستی خۆی دروستی کردوویت و هەموو فریشتەکانی بۆ بردیت بە کڕنووشدا و ناوی هەموو شتەکانی فێرکردیت..)).

ئیبن مەنداد دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فێبوونی زمان بە تەوفیقی خودا دەست دەکەوێت و خودای گەورە هەموو شتەکان فێری ئادەم کردووە.

ئیبن عەبباسیش دەڵێت: ناوی هەموو شتەکانی فێر کرد، تەنانەت قاپی گەورە و قاپی شیردۆشینیش. شەیبان لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە وتوویەتی: لە ناوەکاندا ئادەم فێری ناوی دروستکراوەکان کراوە کە فێری فریشتە نەکراون، هەر شتێکی بە ناوی خۆیەوە ناو ناوە، سوودی هەر شتێکی داوەتەپاڵ ڕەگەزەکەی خۆی. نەححاس وتوویەتی: ئەمە جوانترین ڕیوایەتە لەم باسەدا و واتاکەی ئەوەیە کە ناوی ڕەگەزەکانی فێر کردووە و سوودەکانی پێ ناساندووە، ئەمە ئەو شتەیە و بۆ ئەوە بەکار دێت. تەبەری وتوویەتی: ناوی فریشتەکان و نەوەکانی خۆی فێرکردووە و ئەم ڕایەی بۆیە هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە بە بەڵگەی: ﴿ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَآئِكَةِ﴾ [البقرة: ٣١]. ئیبن زەید وتوویەتی: سەرجەم ناوی وەچەکانی فێرکردووە. ڕەبیعی کوڕی خەسعەم وتوویەتی: (ناوی فریشتەکانی بە تایبەت فێرکردووە). قەتبی دەڵێت: (ناوی ئەوانەی فێرکردووە لەسەر زەوی دروستی کردوون)، هەندێکی دیکە وتوویانە: ناوی ڕەگەزەکان و جۆرەکانن. قورتوبی دەڵێت: یەکەمین کەس کە بە هەموو زمانەکان قسەی کردووە لە مرۆڤەکاندا ئادەمە (درووودی خودای لەسەر)، قورئانیش شایەتی بۆ دەدات. خودا دەفەرموێت: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ [البقرة: ٣١]. زمانەکانیش هەموویان دەچنە ژێر ناوی (الاسماء).

فەرموودەش بە هەمان شێوە باسی دەکات، پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّها حَتَّى الْقَصْعَةَ وَالْقُصَيْعَةَ)) واتە: (خودا ئادەمی فێری ناوەکان هەموویان کردووە، تەنانەت قاپی گەورە و جامۆڵکەش).

## تەفسیری ئیبن کەسیر:

ئیبن کەسیر دەڵێت[1]: ئەمە پلە و پایەیەکە خودای گەورە تیایدا باسی گەورەیی ئادەم دەکات بەسەر فریشتەدا، بەوەی کە ناوی هەموو شتەکانی فێری ئادەم کردووە نەك ئەوان، ئەمەش دوای کڕنووش بردنیان بۆی، ئەم بەشەی پێش خستووە بەسەر ئەو باسەدا، لەبەر پەیوەندی لە نێوان ئەم بابەتە و نەبوونی زانیارییان بە دانایی و هۆی دروستکردنی جێنشین، کاتێك پرسیاریان لەبارەیەوە کرد، پەروەردگار پێی ڕاگەیاندن کە ئەوەی ئەو دەیزانێت ئەوان نایزانن، هەر بۆیە خودای گەورە لەم شوێنەدا پاش ئەوە باسی کرد بۆ ئەوەی گەورەیی ئادەمیان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەوەی کە بە زانست فەزڵی داوە بەسەر ئەواندا. خودا فەرمووی: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ [البقرة: ٣١]. سوددی تابیعی لە ڕاویەکەوە گێڕاویەتییەوە لە ئیبن عەبباسەوە کە وتوویەتی: ناوی یەکەیەکەی منداڵەکانی فێر کردووە، هەروەها ئاژەڵەکانیش، پێی وتراوە ئەوە: گوێدرێژە و ئەوە وشترە و ئەوە ئەسپە. زەحاکی تابیعی، لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: ئەو ناوانەن کە مرۆڤەکان پێیان دەیانناسنەوە، وەك: مرۆڤ و ئاژەڵەکان و ئاسمان و زەوی و دەشت و دەریا و ئەسپ و گوێدرێژ و هاوشێوەکانیان لە گەلان و چەندەهای دیکەیش.

ئیبن ئەبو حاتەم و ئیبن جەریری تەبەری لە عاسیمی کوڕی کولەیبەوە لە سەعیدی کوڕی مەعبەد، ئەویش لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: ناوی قاپ و دیزەی فێر کردووە. وتوویەتی: بەڵێ تەنانەت باسی (با)ی کردووە. موجاهید دەڵێت: ناوی هەموو ئاژەڵ و باڵندەکان و هەموو شتێکی فێر کردووە. هەروەها لە سەعیدی کوڕی جوبەیر و قەتادە و زانایانی دیکەی پێشینیشەوە گێڕراوەتەوە کە

---

[1] تفسير القرآن العظيم للإمام الجليل الحافظ عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن كثير القرشي الدمشقي، مكتبة دار التراث، القاهرة، ١٩٨٢.

فێری ناوی هەموو شتەکانی کردووە. لە ڕیوایەتێك لـە ڕەبیعـەوە گێڕراوەتـەوە کـە وتوویـەتی: نـاوی فریشـتەکانە. حەمیـدی شـامی دەڵێـت: نـاوی ئەسـتێرەکانە. عەبدوڕەحمانی کوڕی زەید وتوویەتی: ناوی هـەموو نـەوەکانی فێـر کـردووە. ئـیبن جەریر ئەو بۆچوونەی هەڵبژاردووە کـە مەبەسـت لێـی ئەوەیـە نـاوی فریشـتەکان و نەوەکانی ئادەمی فێر کردووە، چونکە وتوویەتی: [ثُمَّ عَرَضَهُم].

ئیبن کەسیر بۆچوونی وایە کە ڕای دروست ئەوەیە کـە خـودا ئـادەمی فێـری هـەموو شتەکان کردووە، خـودی شـتەکان و تایبەتمەندییـەکانیان و کارەکانیـان، ئـیبن کەسـیر وتەی بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەهێنێتەوە بە بەڵگە کـە ئەمـە دەقەکەیەتی: حَدَّثَنَا مُسْلِمُ بْنُ إبـراهيم حـدثنا هشـام عَـنْ قَتَـادَةَ عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ قَـالَ «يَجْتَمِـعُ الْمُؤْمِنُـونَ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ فَيَقُولُـونَ لَـوِ اسْتَشْفَعْنَا إِلَى رَبِّنَا، فَيَأْتُونَ آدَمَ فَيَقُولُونَ: أَنْتَ أَبُـو النَّـاسِ خَلَقَـكَ اللَّـهُ بِيَـدِهِ وَأَسْـجَدَ لَـكَ مَلَائِكَتَهُ وَعَلَّمَكَ أَسْمَاءَ كُلِّ شَيْءٍ فَاشْفَعْ لَنَا عِنْدَ رَبِّكَ حَتَّى يُرِيحَنَا مِنْ مَكَانِنَا هَذَا، فَيَقُولُ: لَسْتُ هناكم، ويذكر ذنبه فيستحي. ائْتُوا نُوحًا فَإِنَّهُ أَوَّلُ رَسُولٍ بَعَثَهُ اللَّهُ إِلَى أَهْلِ الْـأَرْضِ فَيَأْتُونَهُ فَيَقُولُ: لَسْتُ هُنَاكُمْ، وَيَذْكُرُ سُؤَالَهُ رَبَّـهُ مَـا لَـيْسَ لَـهُ بِـهِ عِلْـمٌ فيسـتحي. فَيَقُـولُ: ائْتُوا خَلِيلَ الرَّحْمَنِ، فَيَأْتُونَهُ فَيَقُولُ: لَسْتُ هُنَاكُمْ، فَيَقُولُ: ائْتُـوا مُوسَـى عَبْـدًا كَلَّمَـهُ اللَّـهُ وَأَعْطَاهُ التَّوْرَاةَ فَيَقُولُ: لَسْتُ هُنَـاكُمْ وَيَـذْكُرُ قَتْـلَ الـنَّفْسِ بِغَيْـرِ نفس فيسـتحي مِـنْ رَبِّـهِ. فَيَقُولُ: ائْتُوا عِيسَى عَبْدَ اللَّهِ وَرَسُولَهُ وَكَلِمَةَ اللَّـهِ وَرُوحَـهُ، فَيَأْتُونَـهُ فَيَقُـولُ: لَسْـتُ هُنَـاكُمْ ائْتُوا مُحَمَّدًا عَبْدًا غَفَرَ اللَّهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ، فَيَأْتُونِي فأنطلق حتى أسـتأذن على ربي فيأذن لِي، فَإِذَا رَأَيْتُ رَبِّي وَقَعْتُ سَاجِدًا فَيَدَعُنِي مَـا شَـاءَ اللَّـهُ، ثُـمَّ يُقَـالُ: ارْفَـعْ رَأْسَكَ وَسَلْ تُعْطَهُ وَقُلْ يُسْمَعْ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ، فَأَرْفَعُ رَأْسِـي فَأَحْمَـدُهُ بِتَحْمِيـدٍ يُعَلِّمُنِيـهِ، ثُـمَّ أَشْفَعُ فَيَحُدُّ لِي حَدًّا فَأُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ، ثُمَّ أَعُودُ إِلَيْهِ فإذا رأيت ربي مِثْلَهُ ثُمَّ أَشْفَعُ فَيَحُـدُّ لِـي حدًّا فَأُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ، ثم أعود الثالثة، ثُمَّ أَعُودُ الرَّابِعَةَ، فَـأَقُولُ: مَـا بَقِـيَ فِـي النَّـارِ إِلاَّ مَـنْ حَبَسَهُ الْقُرْآنُ وَوَجَبَ عَلَيْهِ الْخُلُودُ»

واتـە: موسـليمی کـوڕی ئیـبراهیم بـۆی گێڕاینـەوە کـە وتویـەتی: هیشـام بـۆی گێڕاینەوە لە قەتادەوە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە پێغەمبەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) فـەرمووی: ((ئیمانـداران لـە ڕۆژی دواییـدا کۆدەبنـەوە و دەڵـێن: خۆزگـە داوای تکامـان ببردایـە بـۆ لای پـەروەردگارمان، بۆیـە دێـن بـۆ لای ئـادەم (دروودی خودای لەسەر)، پێی دەڵێن: تـۆ بـاوکی مرۆڤـەکانیت، خـودا بـە دەسـتی خۆی دروستی کردوویت و هەموو فریشتەکانی بۆ بردیت بە کڕنووشدا و ناوی هەموو شتەکانی فێرکردیـت، تکامـان بـۆ بکـە لای پـەروەردگارت تـا ڕزگارمـان بکـات لـەم شوێنەی تیایداین. دەڵێت: شایستەیی ئەو کارەم نییە، باسی گوناهەکەی دەکات و شـەرم دەکـات. بـڕۆن بـۆ لای نـوح، ئـەو یەکـەمین پێغەمبـەری خودایـە کـە خـودا ناردوویەتی بۆ خەڵکی سەر زەوی. دەچـن بـۆ لای و دەفـەرموێت: شایسـتەیی ئـەو کـارەم نییـە و باسـی داواکـەی دەکـات لـە پـەروەردگاری لـە شـتێکدا کـە زانیـاری لەبارەیـەوە نییـە و شـەرم دەکـات و دەڵێـت: بـڕۆن بـۆ لای خۆشەویسـتی خـودا ــ مەبەسـت پێـی ئیبراهیمـە (دروودی خـودای لەسـەر) ـ دێـن بـۆ لای و دەفـەرموێت: شایستەیی ئەوەم نییە و بچن بۆ لای موسا، ئەو بەندەیەکە خـودای گـەورە قسـەی لەگەڵ کردووە و تەوراتی پێ داوە. دێن بـۆ لای و دەفـەرموێت: شایسـتەیی ئـەوەم نییە وباسی کوشتنی بەناهەقی کەسەکە دەکات و شەرم لە پـەروەردگاری دەکـات، دەفــەرموێت: بــڕۆن بــۆ لای عیســا بەنــدەی خــودا و پێغەمبەریــەتی و وتــەی پەروەردگاریەتی ـ کە فەرموویەتی ببەـ و گیانێکی بەخشراوە لەلایەن خوداوە. دێن بۆ لای و دەفەرموێت: شایستەیی ئەوەم نییـە، بـڕۆن بـۆ لای پێغەمبـەر محەممـەد، بەندەیەکە خودا لە هەرچی لە ڕابردوو، داهاتووی کردوویەتی لێی خۆش بووە. دێن بۆ لام، دەڕۆم تا مۆڵـەت لـە پـەروەردگارم وەربگـرم، کاتێـك پـەروەردگارم دەبیـنم دەکەوم بۆ کڕنووش، لێم دەگەڕێت چەندێك خـودا خـۆی ویسـتی لـێ بێـت، پاشـان دەوترێت: سەرت بەرز بکەرەوە، داوا بکە تا پێت بدرێت و بڵێ گوێت بۆ دەگیرێـت،

تکا بکە، تکاکەت وەردەگیرێت، سەرم بەرز دەکەمەوە و سوپاسگوزاری دەردەبڕم بە سوپاسگوزارییەك کە فێرم دەکات، پاشان تکا دەکەم و سنوورێکم بۆ دادەنرێت و دەیانخەمە بەهەشتەوە، پاشان دەگەڕێمەوە بۆ لای و کاتێك پەروەردگارم دەبینم هەمان کار دووبارە دەکەمەوە و پاشان تکا دەکەم، سنوور و ئەندازەیەکم بۆ دادەنێت، دەیانخەمە بەهەشتەوە، پاشان جاری سێیەم بە هەمان شێوە دەگەڕێمەوە. جاری چوارەمیش بە هەمان شێوە دەگەڕێمەوە و دەڵێم: لە دۆزەخدا کەس نەماوە جگە لەوانەی کە قورئان کۆتی کردوون بەوەی هەواڵی داوە کە لە دۆزەخدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە)).

بوخاری بەم شێوەیە فەرموودەکەی هێناوە و مەبەست لێی ئەم بەشەی فەرموودەکەی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر) کە دەفەرموێت: (تۆ باوکی مرۆڤەکانیت، خودا بە دەستی خۆی دروستی کردوویت و هەموو فریشتەکانی بۆ بردیت بە کڕنووشدا و ناوی هەموو شتەکانی فێر کردیت). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودای گەورە ناوی هەموو دروستکراوەکانی فێر کردووە، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلآئِكَةِ﴾ [البقرة: ٣١]. واتە: ناولێنراوەکان، هەروەك عەبدوڕڕەزاق گێڕاوێتیەوە، لە موعەممەرەوە، لە قەتادەوە کە وتوویەتی مانای ئەم بەشە لەم ئایەتە: "پاشان ئەم ناوانەی بۆ فریشتەکان خستۆتەڕوو". سوددی تابیعی لە تەفسیرەکەیدا لە ئیبن عەبباس و ئیبن مەسعود و کۆمەڵێکی تر لە هاوەڵانەوە گێڕاوێتیەوە کە فەرموویانە: ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کردووە، پاشان دروستکراوەکانی بۆ فریشتە خستوەتە ڕوو. موجاهید دەڵێت: پاشان خاوەنی ناوەکانی نیشانی فریشتەکان داوە.

## تەفسیری محەممەد موتەوەللی شەعراوی:

مامۆستا محەممەد موتەوەللی شەعراوی دەڵێت[1]: ئەم قسە و باسە لێرەدا مانای ئەوە نییە کە خودای گەورە ڕاوێژ بە کەسێك لە دروستکراوەکانی دەکات، بە بەڵگەی ئەوەی کە فەرموویەتی: ﴿إِنِّي جاعِلٌ﴾ وەك بڕیارێك کە کۆتایی پێ هاتبێت باس دەکات، بەڵام هەواڵدانە بە فریشتە و خودای گەورە کاتێك لەبارەیەوە بۆ فریشتەکانی باس دەکات، لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ ئادەمدا ئەرکێکیان هەیە، چونکە تیایاندا هەیە کە بە ڕێکوپێکی کار و فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن، هەیانە پارێزەری بەڕێزن، هی دیکەیش لەو فریشتانەی کە خودای گەورە چەندین کاروباریان پێ دەسپێرێت و پەیوەندی بە ژیانی ئەم دروستکراوە نوێیە هەیە، بەڵام ئەم جێنشینە دەبێتە جێنشینی کێ؟ ڕەنگە هەندێکیان ببنە جێنشینی هەندێکی دیکەیان، بەڵام خودا فریشتەکانی والێکرد کە کڕنووش بۆ ئادەم ببەن لە ساتی دروستکردنیدا و گەردوونی بۆ مرۆڤەکان بارهێناوە، هەروەك ئەوەی جێنشینی خودا بێت لە زەویەکەیدا، هۆکارەکانی پێ بەخشیوەو بە ویستی خودا گەردوون ملکەچ بووە بۆی[2]، نەك بە ویستی مرۆڤ.

خودای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی پێمان کە جنۆکەکانی لە پێش دروستکردنی مرۆڤ دروست کردووە، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ مِنْ نَارِ السَّمُومِ﴾ [الحجر: ٢٧]. واتە: (جنۆکەکانیشمان پێشتر لە ئاگرێکی بەتین دروست کرد"). هەر بۆیە دەکرێت پێشتر دروستکراوانی دیکە هەبووبن لە زەویدا خراپەکارییان کردبێت و فریشتەکان ئەو ئەزموونە یان بینیوە و بەراوردیان کردبێت بە ئەوان، بۆیە فریشتەکان ئەم دروستکراوە نوێیەیان لا ناپەسەند بووە و گومانی

---

[1] محمد متولي الشعراوي: (معجزة القرآن). الجزء الثامن، كتاب اليوم، جمهورية مصر، العدد ٢٥٦– مايو ١٩٨٦.

[2] محمد متولي الشعراوي: (الله والكون). دار المسلم المعاصر، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٨٠.

ئەوەیان بردووە کە خودای گەورە دروستکراوانێکی دەوێت یادی خودا بکەن و سوپاسگوزاری پەروەردگاریان بن و بێ ویست و ئیرادە بن. ئاگایان لەو زانیارییەی خودا نەبووە و نەیاندەزانی کە دروستکراوانێکی دەوێت کە دێن بەرەو ڕووی پەروەردگاریان گوێڕایەڵن بە هەڵبژاردەی خۆیان، زانیاری نەبوونی فریشتە بە ویستەکانی خودا لە کاملێ و تەواوی زانستی خوداوەیە، خودا سەرەتای زانستی بۆ هەموو ئادەمیزاد بە ناوەکان دیاری کردووە. هەروەك چۆن خودا ئادەمی فێری ناوەکان کردووە، بۆیە هیچ ئادەمیزادێك ناتوانێت بگات بەو زانستەی کە شایستەی توانایی ئەوە تا ناوەکان فێر نەبێت.

پاشان شێخی شەعراوی منداڵی بچووك وەك نموونە دەهێنێتەوە، هەر منداڵێك بێت و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت، چۆن فێربوونەکەی دەست پێ دەکات؟ چ لە خوێندنگا بێت، یاخود نەخوێندەوار بێت و لەماڵەوە بێت، سەرەتا ناوەکانی فێر دەکرێت، پێی دەوترێت: ئەوە کووپە و ئەوە شاخە و ئەوە خانووە، هتد. پاشان، دوای فێربوونی ناوەکان دەست دەکات بە دەستخستنی زانست، بەڵام پاش ئەوەی تێگەیشتووە لە ناوەکان، تەنانەت منداڵی نەخوێندەواریش کە ناچێت بۆ خوێندنگا دایکی ئەرکی فێرکردنی ناوەکانی دەگرێتە ئەستۆ، تا دواتر توانای هەبێت فێر ببێت چۆن ژیانی ئاسایی خۆی بژی و بە بێ فێربوونی ناوەکان منداڵەکە دەکەوێت و ناتوانێت ژیان بەڕێ بکات و فێری زانست بێت. هەر بەو شێوەیەش خودای گەورە زانیاری پێ داوین سەبارەت بەو ڕێگایەی خۆی دیارییکردووە بۆ ئەوەی مرۆڤ زانستی دەست بکەوێت و دەبێت بە ناوەکان دەست پێ بکات.

پاش ئەوەیش ئادەمی فێری ناوەکان کردووە، نیشانی فریشتەکانی داوە، بێگومان خودای گەورە ناوەکانی نیشانی فریشتەکان نەداوە، بەڵکو ئەو دروستکراوانەی نیشانداون کە ناوەکانیان پێ دەوترێت، بە بەڵگەی ئەوەی خودای

گەورە فەرمووی: ﴿أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلاَءِ إِنْ كُنْـتُمْ صَـادِقِينَ﴾ [البقـرة: ٣١]. واتـە: "ئادەی ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن گەر ئێوە ڕاست دەکەن".

کەواتە پەروەردگار دروستکراوەکانی نیشانداون کە ئەو ناوانەیان پێ دەوترێت، پاشان داوای لە فریشتەکان کرد کە ناوەکانیـان بڵـێن، وتیـان: پـاك و بێگـەردی بـۆ خودا، واتە: بەرزی بۆ تۆیـە و هـیچ کەسـێکیش ناتوانێـت پـەی ببـات بـە زانسـت و مەبەسـتەکانت، دانیـان بـە بـێ توانـایی خۆیانـدا نـا لـە بەرانبـەر خـودا و وتیـان: ﴿سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا﴾ [البقرة: ٣٢]. واتە: (پاك و بێگـەردی بـۆ تـۆ، ئێمـە هیچ زانستێکمان نییە جگە لەوەی خۆت فێرت کردووین). هەموو دروسـتکراوەکانی خوداش زانستیان بە هـیچ شـتێك نییـە جگـە لـەوەی خـودای گـەورە پێـی داون لـە زانست، چونکە زانست هەمووی لە لای خوداوەیە، هەر خـۆی بەشـێك لـە زانسـت و تواناکانی دەردەخات ئەوەندەی ویستی لێ بێت بۆ هەر کەسـێك کـە خـۆی ویسـتی لەسەر بێت و بۆ هـەر دەرخسـتنێکی زانسـتی لـە گەردوونـدا خـودای گـەورە هاتنـە بوون، یاخود کاتێکی بۆ دیاری کردووە کە بۆ مرۆڤـەکانی دەربخـات، ئەگـەر هاتنـە دنیای ئەو زانستە یەککەوت لەگەڵ لێکۆڵینـەوەی توێـژەرێك کـە لێکۆڵینـەوەی تیـا دەکات ئـەوا خـودا بـۆی دەردەخـات، ئەگـەر یەکنەکـەوت ئـەوا دەرخسـتنەکە بـەو شێوەیە دەبێت کە پێی دەڵێین (ڕێکەوت).

ئەو ڕێکەوتەیش کە بانگەشەی بۆ دەکەین لە گەردووندا ئەو کاتەیە، یاخود ئـەو هاتنە دنیایەیە کە خودای گەورە و پەروەردگار دیارییکردووە تا یاسایەك دەربخـات لە گەردووندا کە خەڵکی نایزانن، تا زانست بەو یاسایە پەیدا بکەن کە کاری دەکـرد لەپێناو خزمەتکردنی مرۆڤدا و کەس هیچ شتێکی لەبارەیەوە نەدەزانی، بەڵکو بـەم یاسایە دەرئاسایەك (موعجیزەیەك) لە دەرئاساکانی خودا لە گەردوونـدا بدۆزنـەوە، ئەم دەرئاسایەش تێگەیشتن و زانیارییان بە گـەورەیی و توانـای خـودای گـەورەیان لەلا زیاد بکات، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە، ئەوەی ڕوودەدات ئـەوەیـە مـرۆڤ فـەزڵ و

گەورەیی زانینەکان، هەروەها دۆزینەوەکانیش دەدەنە پاڵ خۆیان و توانای خودای گەورەیان لە بیر دەچێتەوە.

هەموو شتێکی سەرەتا و کۆتایی ئەم گەردوونە هەر لەلایەن خوداوەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دەنکی دانەوێڵەیەی کە ئێستا ئێمە دەیخۆین لە چاندنی گەنمێکی وەرزی ڕابردووەوە هاتووە و چاندنی ئەو دەنکە گەنمەی وەرزی ڕابردوو لە چاندنی گەنمی وەرزی پێشتریەوە هاتووە، بەو شێوەیە شتەکان بەدوای یەکدا دێن تا دەگەینە ئەو دەنکە گەنمەی کە لە وەرزی پێشتریەوە نەهاتووە، ئەو دەنکە لە کوێوە هاتووە؟ لەلای خودای گەورەوە، ئەو درەختەی لەبەر چاوتدایە تۆوەکەیمان لە درەختێکی پێشترەوە هێناوە، ئەوەی پێش ئەویش لە درەختێکی پێشترەوە، بەو شێوەیە هەتا دەگەینە درەختی یەکەم، کێ ئەو درەختەی یەکەمی ڕواندووە ئەگەر لە درەختێکی پێشترەوە نەهاتبێت؟ بێ هیچ گومانێك دەبێت خودای گەورە بەدی هێنابێت.

خودا بە ئادەمی فەرموو: ﴿يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ﴾ [البقرة: ٣٣] واتە: خودای گەورە داوای لە ئادەم کرد هەواڵ بدات بە فریشتەکان دەربارەی ناوی ئەو دروستکراوانەی کە ناوەکانیان نەزانی و نەیانتوانی ناوەکانیان بڵێن لەبەردەم خودادا. لێرەدا کەمێك هەڵوێستە دەکەین بۆ ئەوەی بڵێین: چۆن ئادەم ناوەکانی بە فریشتەکان وت؟ بە دڵنیاییەوە دەبێت بە زمانێك پێی وتبن کە فریشتەکان لێی تێ بگەن و لەبەر ئەوەی ناو بوون کەواتە دەردەبڕرێن، واتە دەوترێن. دەی چۆن ئادەم ئەو زمانەی زانیوە کە قسەی پێ بکات؟ زمانیش لە ژینگەوە دێتە بوون، واتە بە میراتی دەست ناکەوێت و بە سروشتی لە مرۆڤدا نابێت، بەڵکو پێویستە مرۆڤ سەرەتا گوێ بگرێت تا قسە بکات. بۆیە دەبینین کە نابیستەکان کە بە زگماك هەر وا بوون، ناتوانن یەك پیتیش بڵێن. ئادەم ناوی ئەو دروستکراوانەی دەربڕیوە، کەواتە پێویستە بیستبێتی تا بتوانێت قسە بکات، دەی کێ ئادەمی فێری قسە

کرد؟ به دڵنیاییەوە خودای گەورە. پێویستە ئادەم بۆ ئەوەی بتوانێت قسە بکات دەبێت لە خوداوە بیستبێتی، بەو شێوەیەش ئەوەش ئیعجازێکی دیکەیە لە ئیعجازەکانی قورئانی پیرۆز، ئەوە دەگەیەنێت خودا مرۆڤی فێری قسە کردووە و ئادەمیش زمان لە بەدیهێنەرەکەیەوە فێر بووە.

شێخ محەممەد موتەوەللی شەعراوی لە کتێبەکەیدا بەناوی (أسماء الله الحسنی)[1] ڕوونی دەکاتەوە کە خودای گەورە بووە و هیچ شتێك لەگەڵیدا نەبووە، پاشان دروستکراوەکانی دروست کردووە و هەر دروستکراوێکی دروست کردووە ناوێکی لەسەر جێهێشتوە، بە شێوەیەك هەرکات ناوەکە هێنرا ڕاستەوخۆ وێنەی ناولێنراوەکە دێتە مێشکەوە. کاتێك پێت دەڵێم خۆر، خێرا وێنەی ئەو بازنەیە دێتە مێشکت کە هەموو بەیانییەك دەدرەوشێتەوە، تا زەوی پڕ لە ڕووناکی و گەرمی بکات. بە هەمان شێوە، ئاسمان، زەوی، شاخەکان، ئەستێرەکان، درەختەکان، هەموویان کۆمەڵە ناوێکن کە ناولێنراوێك دەگەیەنن. خودای گەورە و پەروەردگار ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کردووە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ [البقرة: ٣١] وشەی (كلها) گشتگیری و هەموویێتی دەگەیەنێت.

شێخ شەعراوی لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ناو جۆرێك لە جۆرەکانی (عَلَمْ)ـە، (عَلَمْ)یش لە زمانەوانیدا ناوێکە کە ناولێنراوەکەی دیاری دەکات ـ وەك پێشتر باسمان کرد ـ بە شێوەیەك کە ئەگەر ناوەکە باسکرا وێنەی ناولێنراوەکە بە مێشکدا دێت. (عَلَم)یش دابەش دەبێت بۆ سێ بەش: (اسم، لقب، كنية) واتە: (ناو، نازناو، کونیە). وشەی (كلها) گشتگیری و هەموویێتی دەگەیەنێت.

[1] محمد متولي الشعراوي: (أسماء الله الحسنى). الجزء الأول، مكتبة الشعراوي الإسلامية، أخبار اليوم، ١٩٩٣.

(اسـم) بـەوە دەوترێـت کـە هـەر بـە یەکـەم دانـان بـۆ ناولێنراوەکـە دانـراوە، بەشێوەیەك کە ئەگەر باسکرا وێنەکەی بە مێشکدا دێـت، بـەڵام (لقـب) ئەوەیـە کـە بەرزی، یان نزمییەك دەگەیەنێت و بە دانانی دووەم بۆی دانراوە. بۆ نموونە کاتێـك کوڕەکـەت دێتـە دنیـاوە و نـاوت لێنـاوە (أحمـد)، پاشـان لەگـەڵ ڕۆژگـاردا هەسـت دەکەیت کە کەودەنە، ئیتر پێی دەڵێیـت: (الجهـول) واتـە: (نـەفام)، یـان (نـەزان). (کُنية)ش ئەوەیە کە بە وشەی باوك، یان دایك، یـان بـرا، یـان خوشـك دەسـت پـێ دەکـات و بـە دانـانی دووەم بـۆی دانـراوە، بـۆ نموونـە کوڕەکـەت کـە نـاوت نـاوە ئەحمەد، کاتێـك گـەورە دەبێـت و منـداڵی دەبێـت منداڵەکـەی نـاو دەنێـت (بـەکر) خەڵکی بە (باوکی بەکر) بانگی دەکەن، ئەوەش دەبێتە کونیە بۆی.

## ڕاڤەی مامۆستا ( محەممەد شیهابەددینی نەدوی ):

مامۆسـتا محەممـەد شـیهابەددینی نـەدەوی لـە کتـێبی (بـين علـم آدم والعلـم الحديث)[١]دا دەڵێت: ئەم ناوانە تەنها ناونیشانی شتەکان و پێناسە و تایبەتمەنـدی و سوود و زیانەکانیانن، ئەوانەش گرنگییەکی زۆریان لە بواری جێنشینی لە زەویـدا هەیە، جێنشینی ـ واتە، گەورەیی لە جیهاندا و دەسەڵات بەسـەر بوونەوەرەکانـدا ـ بە بێ ئەم زانستە بنەڕەتییانە بەدی نایەت، هەر بۆیە خودای گەورە یەکسەر مرۆڤی یەکەمی فێری ئەو زانستە گرنگە کردووە، پاش پرۆژەی جێنشینکردن، هەروەك ئەم بۆچوونانە لەگەڵ یەکەم تێڕوانیندا دەردەکەون.

لـە ژێـر ناونیشـانی (مـا هـي الأسمـاء) واتـە: (ناوەکـان چـین)، نـەدوی دەڵێـت: ناوەکان زمانێکە کە شـتەکانی پـێ دەناسـرێت، واتـە ئەوەیـە کـە خـودی شـتەکان دەناسێنێت. زانایانی زمان بە ڕاشکاوانە دەڵێن: ناوی شتێك نیشـانەکەیەتی. (ئـەبو

---

[١] محمد شهاب الدين الندوي: (بين علم آدم والعلم الحديث). دعوة الحق، إدارة الصحافة والنشر برابطة العالم الإسلامي. مكة المكرمة، السنة السادسة، العدد ٦١، ديسمبر ١٩٨٦م.

لعەباس) دەڵێت: (اسم) وێنە و نیشانەیەکە لەسەر شتێك دادەنرێت و پێی دەناسرێت. ئیبن سیدە دەڵێت: (اسم) ئەو وشەیەیە کە لەسەر (جوهر)، یان (عَرَض)، دانراوە تا هەندێکی لەوانی دیکە پێ جیا بکرێتەوە. ڕاغیبی ئەسفەهانیش دەڵێت: (وعلم آدم الأسماء كلها) واتە: وشە و ماناکان بە تاکەوشە و بە لێکدراویش، چونکە زانینی ناوەکان بەبێ زانینی ناولێنراوەکان دەست ناکەوێت.

خاوەنی فەرهەنگی (لسان العرب) دەڵێت: وتراوە ماناکەی ئەوەیە ئادەم فێری ناوی هەموو دروستکراوەکان کراوە بە هەموو زمانەکان، عەرەبی و فارسی و سریانی و عیبری و ڕۆمی و زمانەکانی دیکەیش. عەللامە شیهابەددینی ئالوسی دەڵێت: (قسەی دروست لای من ئەوەیە کە پیاوانی خودا لەسەری هاوڕان و پایەی جێنشینی دەیخوازێت، ئەویش ئەوەیە کە بریتین لە ناوی شتەکان، ئەوانەی بڵندن (علوي)، یان لە خوارێن (سفلي)، سەرەکی و نەگۆڕ بن (جوهري) بن، یان ناجێگیر و گۆڕاو (عرضي)).

مامۆستا نەدوی بۆچوونی وایە ئادەم لە کۆی وشەی ناوەکان گەیشت، سەرجەم ئەوانەی لە گەردووندا هەن و دیاردەکانی دیکەی جیهانیش لە پەیدابووەکان و تایبەتمەندییان و شوێنەوارەکانیان، ئەمەش زانستێکی مەودا فراوانە و بە هۆیەوە بەرژەوەندی دین و دونیا تەواو دەبێت، لەبەر گرنگی و گەورەییەکەی مرۆڤ دڵخۆش بووە کە لە یەکەم ڕۆژەوە پێی دراوە، مامۆستا نەدوی لە بارەی مەبەست لە (الأسماء كلها) دەڵێت: ئەوەی لێی تێ دەگەین ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو شتەکانی ئەم گەردوونە و جۆرەکانی ژیان و بەشەکانی هەمووی بە تەواوی، پێش دروستکردنی ئادەم (دروودی خودای لەسەر) دروستکراون، هەر بۆیە گۆی زەوی ڕازێنراوەتەوە و پڕ بووە لە هەموو خۆشگوزەرانییەکانی ژیان و پێداویستییەکانی و هیچ کەموکوڕی و عەیبێکی تیا نییە تا ببێتە میوانخانەیەك بۆ مرۆڤ.

مامۆستا نەدوی دەڵێت: یەکەمین زانست کە بەخشراوە بە مرۆڤ زانینی شتەکانە، بە واتای زانینی هەموو ئەوانە دێت کە لە گەردووندا هەن بە تایبەتمەندییەکانیانەوە. دەتوانین پێی بڵێین (علم الأسماء) واتە: (زانستی ناوەکان) بە گوێرەی زاراوەی قورئانی پیرۆز، هەرچۆنێك بێت، ئا ئەوەیە زانستی سەردەم، چونکە زانستی سەردەم لە خودی شتەکان و تایبەتمەندی و دیاردە و کاریگەرییەکانیان دەکۆڵێتەوە، قورئانیش هەموو ئەوانەی بە وشەی دەرئاسا (موعجیزە) دەربڕیوە کە ئەویش ناوەکانە. (الأسماء)، چونکە زانستی سروشت (Physics) و زانستی کیمیا (Chemistry) و زانستی زیندەزانی (Biology) و زانستی جیۆلۆجیا (Geology) و زانستی گەردووناسی (Astronomy) و زانستە گەردوونییەکانی دیکەیش، هەموویان بە تەنها لە بازنەی شتە مادییەکاندا دەسووڕێنەوە (واتە لە بازنەی ناولێنراوەکان) و تایبەتمەندییان و سیفەتیان و جیاکەرەوەکانیان، زانستی نوێش بریتییە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەو شتانەی هەن و دیاردە گەردوونیەکان بە پێکهاتە و حەقیقەت و بوون و شێوەیان.

مامۆستا (محەممەد شەفیع) موفتی گەورەی پاکستان دەڵێت: "بۆ شایستەیی جێنشینی لە زەویدا پێویستە دروستکراوەکانی زەوی و تایبەتمەندییان و کاریگەرییان بزانین، سروشتی فریشتەش هەڵگری ئەم خاسیەتە نەبووە". مامۆستا جەوهەری دەڵێت: "هەر کەسێك نەتوانێت پلەبەندی شتەکان بزانێت، شایستەی ئەوە نییە ببێتە جێنشین لەسەر ئەو شتانە".

شێخ نەدوی دەڵێت کە جیاوازی نێوان ئادەم و نەوەکانی ئەوەیە زانستی ئادەم لەلایەن خودای گەورەوە پێی بەخشرابوو، واتە ئەوە ئەو زانستە بوو کە خودای گەورە پێی دابوو بە بێ هەوڵدان و بەدەستهێنان و ناڕەحەتی، لەکاتێکدا ئەو زانستەی کە بەخشیویەتی بە نەوەکانی ئادەم بەدەستهاتووە و پڕە لە ماندوێتی و ناڕەحەتی، بەڵام خودا ئادەمیزادی وا دروستکردووە کە ڕاهاتووە بە ئامادەسازی

بۆ بەدەستهێنانی ئەم زانستە تا شتەکانی ئەم گەردوونە بەکار بهێنێت بۆ سوودی خۆی و بەرپرسیارێتیی بەرانبەر جێنشینی زەوی بەجێبهێنێت.

زاراوەی زانستی ناوەکان (علم الأسماء)، گشتگیر و مەودا فراوانە، هەموو زانست و داهێنانەکان دەگرێتەوە، دەتوانین بە زاراوەی سەردەم پێی بڵێین زانست و تەکنەلۆجیا (Science and Technology)، چونکە مانای زانست و تەکنەلۆجیا بریتییە لە زانینی ماددە (Matter) و بەکارهێنانی وزەکانی (Energies)، وەك ئامادەکردنی جۆرەکانی بەرهەمهێنراوەکان و پێکهاتە کیمیاییەکان و پێداویستییە هەمەجۆرەکانی ئاوەدانکردنەوە و سوودوەرگرتن لە گەرمی و کارەبا لەدوای خستنەکاریان لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، زانست و تەکنەلۆجیا پێویستن بۆ جێنشینی لە زەویدا، ئەوانە دووانەیەکن هەرگیز لێکیان جودا ناکەینەوە.

مامۆستا نەدوی بۆچوونی وایە زانستی ناوەکان سیستمی خودایی دەردەخات و ڕێگە تەخت دەکات بۆ ناسینی خودای گەورە کە بە زانستەکەی گەمارۆی هەموو شتێکی داوە، بەڵام فێربوونی ناوەکان بە مانای بە تەنها ڕواڵەتی شتەکانە، نەوەك ناوەڕۆك و نهێنییەکانی، چونکە ئەوە لە زانستی (خوداوەندی)یە، هی خودای گەورەیە بە تاك و تەنیا.

# بەشی دووەم

# الأسماء ـ ناوەکان

پاش ئەوەی ڕاڤەی (وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا)مان کرد بەو شێوەیەی زانایانی پێشین و سەردەم باسیان کردووە، هەوڵ دەدەین چەندێك لە توانامانددا بێت لەم چەند لاپەڕەی کە دێت بە تێڕوانینێکی فیکری بێ لایەنانە بڕوانین بۆ ناوەکان و هەوڵ دەدەین بگەین بەم مانا سەرەکییە لە ژیانماندا کە لەگەڵیدا دەژین وەك بوونێکی پەسەند کە لۆژیك و قسە و بیرکردنەوەمان لەخۆ بگرێت.

بە دڵنیاییەوە باسکردنی بنەما سادەکان لە قورسترینی کارەکانە، چونکە هیچ چەمکێکی لەو بنچینەییتر لا نییە تا بگەڕێیتەوە بۆی، هەر بۆیە تۆ ناچاریت وابەستەبیت بەو پەیوەندییە ئاسۆییە ئاڵۆزەی لەگەڵ هاوشانەکانی خۆیدا هەیەتی، لەبەر ئەوە هەوڵمدا بەمشێوەیە بچمە ناو ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەی پەیوەندییان بە ناوەکانەوە هەیە و ورد ببمەوە لە ونبوونی ناوەکان لە ژیانی ئەمڕۆماندا، بەردەوام شوێنپێی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەم هەڵگرت کە پەیوەست بوو بە ناوەکانەوە و لەگەڵیاندا ون بوون.

وەرن با پێکەوە کۆشش بکەین بۆ تێگەیشتن لە ناوەکان.

## پێناسەیەکی زانستی بۆ ناو (الاسم):

ناو (اسم) چییە؟ بڕوانە بۆ ئەم گوتن (لفظ)ە دەنگییانەی کە دەکرێت بەشێوەی خوێنراوە بنووسرێن کە شتێکی دیاریکراویان پێ دەردەبڕین، هەندێکجاریش بۆ کۆمەڵێك شتی زۆر بەکاریدەهێنین کە لە نێوانیاندا سیفەتی هاوبەش هەن، دەتوانرێت یەك شتیان پێ بڵێین تا ببێت بە ناو بۆیان.

ئێمە دەڵێین: درەخت و کێو و ئاو، چەندین درەخت و جۆری جیاوازی هەیە و چەندین کێو و شاخ هەیە بە بەرزی و نزمییەکانیانەوە، ئاو هەیە بە پێکهاتەکانییەوە، بەڵام هەر شتێك بە ناوەکەیدا جیا دەکەینەوە، بێ هیچ لێتێکچوون و شاراوەییەك. تۆ کتێب دەناسیت وەك کۆمەڵێك لاپەڕە کە زانیاری دیاریکراویان تێدا نووسراوە، دەکرێت کتێبەکە گەورە بێت، یان بچووك، وێنەی تێدا بێت، یان نەخشە، بەرگی ئەستوور بێت، یان ڕەنگاوڕەنگ، دەکرێت کتێبێکی ناوازە و جوان بێت، یان تەنانەت چاپ و دیزاینی زۆر خراپ بێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر کتێبە، هەرچەندە شێوە و ناوەڕۆکی جیاواز بێت بە جیاوازی لەڕاددەبەدەر هەر جیای دەکەینەوە، لە هەموو سەر زەوی دوو درەختت دەستناکەوێت با لە یەك جۆریش بن بە تەواوی وەك یەك وابن، بەڵام زۆر بە ئاسانی بە هەر یەکێکیان دەڵێین (درەخت)، لەگەڵ جیاوازی شێوەکانیان و جۆراوجۆرێتی سیفەت و ژمارەکانیان ئەوانەی کە هەن و ئەوانەش کە نەماون و لە سەردەمانی پێشوودا هەبوون و ئەوانەش کە بۆیان نووسراوە لە ڕۆژگاری داهاتوودا بڕوێن.

ئادەمیزاد بۆ خۆیشی ناکرێت دووانیان بە تەواوی لەیەك بچن، بەڵکو تەنانەت هەیە دەستی لە دەست داوە و هەیشە پەنجەیەکی لە ئاسایی زیاترە، هەیە کورتەباڵایە و هەیشە زۆر باڵای بەرزە، بەڵام هەمیشە ئادەمیزاد لە دروستکراوانی دی جودا دەکەینەوە بێ هیچ لێتێکچوون، یان شاراوەییەك.

ناوەکان گوزارشت لە شتەکان و ماناکان دەدەن، بە گۆڕانێکی بێکۆتا دەگۆڕێن، بەڵام لە چەند خاسیەتێکی گشتیدا لەگەڵ یەکدا هاوبەشن. ئەوەتا ئێمە دەڵێین: ئازادی، دەکرێت بە مانای ئەوە بێت دەرگای قەفەسێکی جوان لە بولبولێك بکەینەوە کە تێیدا نیشتەجێیە و دەکرێت بۆ شۆڕشگێڕەکان مانای ئەوە بگەیەنێت مافی هەڵبژاردن و خۆپالاوتن بەدەست بهێنن و دەشکرێت بە مانای دەرچوونی جەنگاوەرە بێگانەکان و گەڕانەوەیان بێت بۆ وڵاتەکەیان.

دەڵێین: نەخۆشی، کە جۆری زۆریشی هەیە، هەندێکیان زانراون لەلامان و هەندێکیشیان نەزانراون، تەنانەت هەندێکی دیکەیشیان لە داهاتوودا دەردەکەون، کەواتە دەزانین هەر ناوێك دەیان زانیاری بێکۆتای لەخۆگرتووە.

هەر بەو شێوەیە، سروشت بەشێوەیەکی بێکۆتا جۆراوجۆرە، هەروەها بیرۆکە و ماناکانیش، دەزانین کە ئەندازەی ئەوەی لەبارەی سروشت و خۆمانەوە دەیزانین تەنها بەشێکی زۆر کەمە بە بەراورد بەوەی لە جیهانی بەرفراوانی زانیاریدا هەیە، بەڵکو یەکێك لە خاسیەتە بنەڕەتییەکانی مەعریفە و زانست ئەوەیە کە لەزیادبووندایە، لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، هەر کاتێك شتی نوێمان زانی ئەوا ئەو نوێیە بواری نوێ بۆ زانین دەکاتەوە، بە شێوەیەك کە هەتا زانست فێر بین هەست بە نەزانینی شتانێکی دیکە دەکەین کە لەو زانیارییانەوە بۆمان دەرکەوتووە و دەزانین کە زانست و زانین جیهانێکی بێکۆتایە.

ناوەکان ڕێگایەکن بۆ جیاکردنەوەی مەعریفە و وردبوونەوە لەلایەنە بەرفراوانەکانی، وشەکانی مەعریفە لەیەك جیادەکاتەوە و گوزارشتێکی ئاسان و سادەی پێ دەدات، وامان لێ دەکات هەر کاتێك ناوەکانیانمان وت هەموومان بیانناسینەوە. بە نموونە درەخت، گوزارشتە لە هەبوویەك لە سیفاتەکان و جۆرەکان و ژمارەکان و هەڵسوکەوت و ئەرك و نرخ و کۆمەڵێك شتی دیکەی زۆری هەیە کە تەنها وەك خاوەن وشەی بێکۆتا دەتوانین حسابی بۆ بکەین، لەگەڵ

ئەوەشدا بەوپەڕی سادەیی و ئاسانی و بەبێ لەبەرکردنی ئەو هەموو وشەیە دەڵێین: ئەوە درەختە، دەڵێین: ئەوە لقەدارە و ئەوە گەڵایە و زۆر شێوەی لقەدار و گەڵامان هەیە، بەڵکو لەوانەش گرنگتر چەندین ڕووداو بەسەر ئەو گەڵا و لقەدارانەدا ڕوودەدات لە (ئاودەردان) و (دەردانی مۆم) و (سووتان)، ئەمانەش هەموویان ناون بۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاری کە بەسەر ماددەی ئەو پێکهاتانەی درەختدا دێن، چونکە ناوەکان وەك شێوازێك بۆ جیاکردنەوەی تاکەوشە کانی زانیاری وەك ئەو کۆدە وایە کە کاتێك بەکاری دەهێنین کۆمەڵێکی زۆر لە زانیاری دەگەیەنێت، کە بە وشەیەکی زۆر سادە و ئاسان دەرمان بڕی، بەڵام دەربڕی بوونی کۆمەڵێك لە تێکەڵبوون و ئاڵۆزی و زانیاری بێکۆتایە.

ئەوەی موعجیزەیە لە بەکارهێنانی ناوەکاندا ئەوەیە پێویستی بەوە نییە دەربڕەکەی دەرخەری ئەو کۆمەڵە زانیارییە زۆرە بێت کە هەر ناوێك لە خۆی گرتووە، بەڵکو تەنها پسپۆڕەکانن درێژەی ئەو چەند کردە زیندەییەی کە بە نموونە لە درەختدا ڕوودەدەن دەزانن، یاخود تایبەتمەندییەکانی ئەلیکترۆن بە هەمان شێوە، پاشان زانا پسپۆڕەکان قبوولی ئەو ڕاستییە دەکەن کە زانیارییەکانیان لەبارەی ئەو ناولێنراوانەوە زۆر زۆر کەمە.

ئەم چەند ناوە ئاسانانە بۆ ئێمە هەموویان وامان لێ دەکات بتوانین گوزارشت بکەین لە وشەکانی سروشت، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی وردەکارییەکانیان نازانین و زانیاری تەواومان پێیان نییە، لەگەڵ ئەوەی هۆشیارترین زانا پسپۆڕەکان لاوازن لە پەییبردن بە سەرجەم قووڵاییەکانی، بەڵکو ئەوانەی کە ئەندازەیەك لە حیکمەت و داناییان هەیە دان بەوەدا دەنێن و دەڵێن کە ناتوانین زانیاری تەواومان بە تاکبەتاکی تاکەوشەکانی زانیاری لە داهاتوودا هەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لایەنەکانی زانیاری لە وشەیەکی ئاساندا کۆدەکەینەوە کە وامان لێدەکات بەوپەڕی متمانەوە بڵێین: ئەو درەختەم چاند، ئەم درەختە! ئایا دەزانیت ئەندازەی ئەو

زانیارییەی تایبەتە بەم درەختەوە؟ ئایا دەزانیت، ئەگەر لە زانا یەکەمینەکان بیت لە زانستی ڕووەکدا، چی بەسەر گڵدا دێت و چۆن ئەو درەختە خۆراك وەردەگرێت؟ پاك و بێگەردی بۆ خودا، ئەگەر بێتو دابماڵرێم لە زانستم بە و ناوانە، کە ئەوەش مەحاڵە، ئەوا لۆجیك و ژیری بێ ئاگا وا دەخوازێت کە هەموو شتێك لەو تاکە وشەیەوە بزانرێت، تەنانەت دەتوانین بپێچینەوە و ملکەچی بکەین و بڵێین: ئا ئەمە ئەو درەختەیە، وەك ئەوەی کە بیناسیت، دەی چەندێك لەبارەیەوە دەزانین؟ هەر کاتێك پرسیار لە زانایەکی وردتر لە ئەوانەی پێش خۆی بکەین دەبینین دان بەوەدا دەنێت کە زانیاریمان زۆر لاوازترە لەوەی کە زانایانی پێشتریان دانیان پێ داناوە.

هەروەك ئەوەی ناو (اسم) وەك ئەو سندووقە ڕەشە وابێت کە ڕاستی بێکۆتای تێدایە و ئێمەش زۆر بە ئاسانی و سادەیی وەریدەگرین و دەستاودەستی پێ دەکەین، بەڵکو ئێمە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری وشەین و هەوڵی پێ دەدەین و یەکدی پێ دەناسین، هەر یەکێك لە ئێمە بەبێ هیچ ماندوبوونێك بە تەواوی دەزانێت مەبەست لێی چییە، هەر ناوێك بریتییە لە بوونێکی بێکۆتای زانیاری، ئێمە نایناسین، بەڵام دان بەوەدا دەنێین بە وشەی ناو کە تێدەکۆشین لەپێناو زانینی نوێ لەبارەی ئەو تاکەوە تا لە ژیاندا بین، بەڕاستی ئەوە ئەو گوزارشتەیە کە زانای هەموو پەنهانەکان فێری کردووین بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی مەعریفە بێکۆتاکان لە وشەیەکدا کە لە ئەوپەڕی ئاسانیدایە، تا یادمان بخاتەوە کە بەردەوام لە هەوڵدا بین بۆ زانینی نوێ و زیاتر لە کار و فرمانەکانی و دان پێ دانانمانە بەوەی کە هەمیشە و بەردەوام نەزانین ناتوانین هەموو لایەنەکانی تێبگەین.

ناو لە ساتی زانینی خەڵکی بە ناولێنراوەکە دروست دەبێت، هەندێکجار لە سیفەتێکی ناونراوەکەوە دروست دەبێت و لەوانەشە گوزارشتێك بێت کە لە ناولێنراوەکە (ماددەی ناوەکە و سیفەتەکانی) دروست نەکرابێت، بەڵام ئاماژەی تەواوی ناولێنراوەکەیە، هەروەك هێمای بیرکاری کە گوزارشتێکی بیرکاریانە

لەخۆدەگرێت کە هیچ پەیوەندی بە ئەو هێمایەوە نییە. بۆ نموونە ئەگەر گوزارشت لە تەزووی کارەبایی گۆڕڕاو بکەین بە نیشانەی بڕێکی سێگۆشەیی (سایە)، ئەم پەیوەندییە بیرکارییانە لە کوێی تەزووی کارەباییدایە کە تاریکی ڕووناك دەکاتەوە و جولێنەری ئەو هەموو ئامێرە زەبەلاحانەیە و هەر کەس لێی نزیك بێتەوە بە هێز دەیگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەران ئەو سایەیە بەکار دەهێنن تا بیخوێننەوە و لە هەڵسەنگاندنی تەزووی کارەبایی بکۆڵنەوە و پەیوەندیی بەو جووڵە خولاوەیەی کە پێکی هێناوە، بەڵکو کاریگەریشی لەسەر کۆیل و موگناتیسە دوورەکانیش لێی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێوەی نییە بکۆڵنەوە، دەی ناو هەمیشە بوونێکی عەقڵیی سادە و ئاسانە لەکاتێکدا خودی ناولێنراوەکە بوونێکی زەبەلاح و کاریگەر و کارای هەیە، بەڵکو ئێمە هەڵسوکەوت لەو بوونە زەبەلاحەدا دەکەین چۆنمان بوێت بە ناوێك بۆ بوونێکی لەوە ئاسانتر، بۆیە کەسێکمان لێ پەیدا دەبێت کە (دوگمەی کارەبایی) دادەهێنێت!

کەواتە ناو دەروازەیە بۆ هەوڵدان لە جیهانی زانست و مەعریفەدا، ئەویش بە گوزارشتدان لە مەعریفە بێکۆتاکان، گەمارۆدانیان بە کەمترین کۆششی فیکری کە لە توانادا بێت بە کۆکراوەیی بیانگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەدا کە ناتوانرێت زانیاری تەواو لەسەریان هەبێت، ئەوەش هەروەك چۆن پێشتر باسمان کرد بەردەوامی داخوازی زیاتر لە زانیاری دەهێنێتەوە یادمان، ئەوەش دانپێدانانمانە بە نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر زانستی خودا لەوەی کە ئەم ناوە لەخۆی گرتووە، ناویش خۆی لە خۆیدا لە ئەوپەڕی سادەیی و ئاسانیدایە.

بە زمانی بیرکاریش دەتوانین ناو دابنێین بەوەی کە زانیارییە بێکۆتاییەکان تێدەپەڕێنێت تا بە شێوەیەکی سادە دەریانبڕێت لە بچووکترین شوێنی ژێریدا کە نزیکە لە سفرەوە، وەك ئەوەی ناو گوزارشت بێت لە بێکۆتاییبوون بە سفر، یاخود کورتکردنەوەی بێکۆتایە لە سفردا.

بەڵێ، ئەوە کورتکردنەوەیەکی گەورەی خوداییە، کە سەرجەم لاکانی زانیاری بەرفراوان بە کەمترینی کۆششە ئاسانەکان دەردەبڕێت، ئەو کورتکردنەوەیەی کە هەموو شتێك بە هیچ (لا شيء) دەردەبڕێت، ئەوە بریتییە لە سادەکردنەوەی ڕەها کە وامان لێدەکات بە ئاسانی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە ناوەکان بزانین، هەوڵیان پێ دەدەین و لێیان دەکۆڵینەوە و هەموو ڕۆژێك شتی نوێیان لەبارەوە دەزانین. ئایا ئەمە ئەو ناوانە نییە کە خودای گەورە ئادەمی فێرکردووە و فریشتەکان لە ئاستیدا بێ توانا بوون، بێ توانا بوون، چونکە ئەوان گەورەیی ئەو ناوانە دەزانن و دەزانن چۆن دەبن بە دەروازە بۆ زانیاری، کە ئەویش وا لە دانایی دەکات کە بڕیار بدات لە شتەکان و ماناکاندا، داناییش بە تەنها هی خودایە، زانستیش بەتەنها هی خودایە، خودی ناوەکانیش هەر ئەوە بڕیار دەدەن، چونکە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بەدڵنیاییەوە ناگەینە ئەو زانستەی یەك ناو لەخۆی دەگرێت، چ جای کۆی ژمارەی ناوەکان.

کێ هەیە خەیاڵی پەیوەندی و لە یەکتێگەیشتنێك لە نێوان نەوەکانی ئادەمیزاددا بکات بەبێ زانینی ئەوەی ناوەکان دەیانگەیەنن و هەوڵدان بەهۆی وشەوە، کێ هەیە تێگەیشتن و زانینی خەڵکی لە یەك شت یەکبخات و هەموویان هەمان دەنگ بۆ هەمان شت بێنن؟ هەندێکجار هەمان نووسین، یان وردتر بڵێین هەمیشە هەمان وێنەی لەسەر بکێشن، هەر هەموویان، بەڵکو ئەوەی داواکراوە دوورترە لەوەش، لەبەر ئەوەی جیاوازی زمانی خەڵکی و پێکهاتەی خودی ناوەکان ڕێگر نین لە یەککەوتنی ماناکانیان لە نێوان خەڵکیدا وەك گوزارشتێك بۆ جیاکردنەوەی شتەکان، وەرگێڕان دەست پێ دەکات - کە ئەویش هەر ناوە - بۆ چەسپاندنی لێکچوون لە نێوان پێکهاتەی ناوەکاندا.

## ناوەکان دەروازەیەکن بۆ دەرك پێکردنی لێکجیابوونەوە و یەککەوتن لە بووندا :

ناوەکـان بـەواتای لێکجودابوونـەوە دێـت لـە نێـوان وشـەکانی سروشـتدا، واتـە کۆمەڵێك شـتی لێکجـودا و تایبەتمەنـد هـەن کـە دەکرێـت لـە نێوانیانـدا پەیوەنـدی دروست ببێت، لە پەیوەندییەکانیانەوە چـەندین شـتی دیکـە بێنـە دەرەوە، بـەڵکو لەزماندا دەڵێین: لە پەیوەندییەکانیانەوە چەندین ناو دەردەچن.

هەر کەسێك ناوی (درەخت) لە ناوی (زەوی) جیا بکاتەوە و لە عەقڵیدا بوونێکی تاك بۆ هەر یەکێکیان دابنێت، ئەوا لە توانایدا دەبێت کە بیر لـە چاندنی بکاتـەوە، دەکرێت بۆ مەبەستەکانی خـۆی بـەکاری بهێنێـت لـەدوای هەڵکەنـدنی، ئـەو کەسـە ئەگەر بینی دارەکـە دەکـەوێت لەبەردەمیـدا تووشـی شـۆك و سەرسـوڕمان نابێـت، چـونکە ئـەم ڕوداوە چـەندین جـار و دووبـارە بـۆ هـەمان زینـدەوەر ڕوودەداتـەوە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە خـۆی نـاوی نـاوە و لـە ناولێنراوەکـانی دیکـە جیـای کردووەتەوە، هەر بۆیە کردارە سـەربەخۆکەی ئەگـەرێکی کراوەیـە و دەکرێـت جیـا بکرێتەوە و بەجیا بەکار بێت.

ناوەکان چاومان لە فرەیی لە سروشتدا و دابەشـکردنیان بـۆ چـەندین تاکەوشـە دەکاتەوە، هەر بۆیە هـەر کەسـێك ناوەکـان بزانێـت، لـە توانایدایـە کـە ئـەو ناوانـە جیابکاتەوە و دیارییان بکات، پاشان ئادەمیزاد بۆی هەیە کـە نـاوە مەعنەوییـەکان بەکار بهێنێت، وەك: بڕین و شکاندن و ڕێکخستن، بۆیە دەتوانێت تاشەبەردەکە ڕێك بخـات، بیتاشـێت و بیکـات بـە چـەك، بـەم شـێوەیە ئـادەمیزاد لـە نـاوی بـەردەوە گواستیەوە بۆ ناوی چەك بە بەکارهێنانی بڕین و شکاندن و ڕێکخستن، بەم شێوەیە ئـادەمیزادی سـەرەتایی بـە بـەکارهێنانی چـەکی بـەردی توانیویـەتی ڕووبـەڕووی دوژمنـەکانی لـە گیانلەبـەرە دڕنـدەکان ببێتـەوە، پاشـان بەدڵنیاییـەوە نـاوی ئـاگر دەدۆزێتەوە و جیای دەکاتەوە، وەك یەکێك لـە وشـەکانی سروشـت، پاشـان هـەوڵ دەدات کە ئاگری دەست بکەوێت بە مەبەستەوە بەدوایدا دەگـەڕێت، لـەدوا ئـەوەی

کە بەشێوەیەکی کتوپڕ دۆزیەوە و دەستی کەوت و جیای کردەوە، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە پێکهاتەکانی سروشت و جیای کردۆتەوە بە ناو، بۆیە پێویستە کە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەو شێوەیە ناوی واتایی دەدۆزێتەوە بۆ چێشتلێنان، بەڵکو بە هۆی ئاگرەوە توانەوەی بەردێکی تایبەت دەدۆزێتەوە و ناوی دەنێت مس، کە هێشتا خاوە، پاشان داڕشتن و لەقاڵبدانی مس و ئاسن دەدۆزێتەوە تا کۆمەڵە چەکێکی تیژتر و بەهێزتر بەرهەم بهێنێت، بەو شێوەیە جێنشین لە زەویدا هەوڵ دەدات داهێنەر و زیادکەر و بەرپاکەری شارستانی بێت.

لێکجودابوونەوە دەروازەیەکە بۆ زانینی بەیەکگەیاندن، هەر کەس وشەکان لەیەك جیا بکاتەوە و وردیان بکاتەوە گەیاندن و کۆکردنەوەشیان دەزانێت، چەند دوورە کە بەیەکگەیاندنی بزانێت بەبێ ئەوەی پێشتر لێکجیاکردنەوەی زانیبێت، هەر بەو شێوەیە ئادەمیزاد لەتوانایدایە هەستێت بە تێکەڵکردنی ئاو و گڵ بۆ بەرهەمهێنانی قوڕ، لەتوانایدایە بزانێت کە قوڕەکە دەیبەستێت ئەگەر وازی لێ بهێنرێت تا وشك دەبێتەوە، بەو شێوەیە ئادەمیزاد بەم قوڕە دیوارێك دروست دەکات و شوێنێکی نیشتەجێبوون تەواو دەکات کە لە گەرما و سەرما بیپارێزێت، بەڵێ ئادەمیزاد دەست دەکات بە هەڵسوکەوت لەگەڵ بووندا لە بەرژەوەندی خۆی.

کەواتە ناو یەکەی بنەڕەتییە لە زانیاریدا و ناوەکانیش بێکۆتان، کە گۆڕاون بۆ کۆمەڵێك لە سفرەکان، بەبێ ناڕەحەتی تێیان دەگەین، ئەوەتا ئەمەیان درەختە و تەختەش هەر لە ئەوە، ئەمەش ئاسنە و بزمار و برغوش لە ئەون. ئەمەش مشارە دروستمان کردووە بۆ ئەوەی ناوی مەعنەویمان پێ بدات بۆ بڕینی تەختە و ئەوە هێلمە و ئەوەش چەکوشە و ئەوەش بۆیاخە، لە پەیوەندییە ڕێکخەرەکانیش ئەو پەیوەندییە داهێنەرانەیە کە لە نێوان ئەو وشانەدا دروست دەبن، ناوی (سوود) بەرهەم دێت، ناوی گەرمی و هەوا، ناوی پەنجەرە بەرهەم دێت، بەو شێوەیە لێی بڕوانە کە دونیا چۆن دەبێت کاتێك ئادەمیزاد بە هۆی ناوەکانەوە هەوڵ دەدات.

ئەوە بریتییە لە ناوەکان لە سادەییە مەزنەکەیاندا، ئەوەیە یەکەکانی زانیاری کە دانایی وایان لێ دەکات پەیوەندی لە نێوانیاندا بەرپا بکات بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك ناوی نوێ، ئای چەندە وشەی سادەن لە عەقڵی ئادەمیزاددا، بەڵام توانای جووڵە و گواستنەوەیان بە قووڵاییەکانی زانیاریدا پێ دەدات و وایان لێ دەکات کە داهێنەر بێت و لەتوانایدا بێت کە ببێتە جێنشین، لە کاتێکدا لەگەڵ ناوەکاندا و بە هۆی ناوەکان و بۆ ناوەکان هەوڵ دەدات.

ماوەیەکی زۆر لەبەردەم گیانلەبەرێکدا وەستام، لای ڕەگی درەختێکەوە چاڵی هەڵدەکەند، بەڵام کاتێك درەختەکە کەوت کتوپڕ ترسا و پشتی هەڵکرد و زۆر دوور ڕایکرد، هەروەکو ئەوەی جیابوونەوەی درەختەکە لە گڵەکە شتێکی نامۆ و ترسناك و چاوەڕواننەکراو بێت، لەگەڵ ئەوەی ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆیشتووی دووبارەیە، هیچی زیادەی تیا نییە جگە لەوەی کە درەختەکە شتێکی جیابووەوەیە لە زەوی و لە توانایدایە لە زەوی جیاببێتەوە. چەند جارێك منداڵەکانمان ئەوانەیان تاقیکردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هێزی ڕاکێشانی زەوییە دەبێتە هۆی کەوتنی شتەکان، چەندە مێژوو و کات پێویستە بۆ ئەو گیانەوەرە تا ڕۆبچێت بە قووڵایی ئەو ناوە عەقڵانییەدا!

ئەگەر بە ڕیز و یەك لەدوای یەك بچین بە ناو زانینی لێکجیابوونەوە و یەکگرتن لە تاکە تاکەی بووندا ئەوا لە تواناماندا دەبێت درەختێکی دیاریکراو جیا بکەینەوە کە شلەیەك (جەوی و کەتیرە) دەردەکات، هەروەها شاخێکی دیاریکراو بەردێکی تێدایە (موگناتیس)ـە، بەردەوام دەبین لەم زانین و فێربوونە تا دەگەینە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و مووشەك، بۆیە دەڵێین: پاك و بێگەردی هەر بۆ خودایە.

با بپرسین: هێزی ئادەمیزاد لە کوێدایە لە چاو فیلدا، یاخود لەچاو ئەو دەیناسۆرەی کە دەتوانێت ئادەمیزاد لەناو ببات، بەڵام ئادمیزاد خانووی دروستکردووە و درەختی بڕیوە و فیل دروستی نەکردووە و دەیناسۆر نەیبڕیوە،

بزماریش لە ئاسنە، ئاسنیش لە ئاسنی خاو دروست دەکرێت و لە فڕندا دادەنرێت، ئاسنی خاو لە گڵدایە و گڵیش زۆرێك لە گیانەوەران لەگەڵیدا دەژین، بەڵکو هەندێك لە گیانەوەران ژیانیان لە خودی ئەو گڵەدا بەسەردەبەن کە ئاسنی خاوی تێدایە، بەڵام گیانەوەر نەیتوانیوە بگاتە بزمار.

فریشتەکان ئەوەیان زانیوە، گەورەیی ئەو پرسیارەیان زانیوە، لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش خزمەتکاری عەرشن، کاتێك خودا پێی فەرموون: ﴿أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ [البقرة: ٣١]. واتە: (ئادەی ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن گەر ئێوە ڕاست دەکەن). ڕەنگە هەندێك بڵێن: چ گرانییەك هەیە لە فێربوونی ناوەکاندا، ئەوە کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵێ ئەوە زۆر ئاسانە، دوای ئەوەی خودای گەورە فێری ئادەمی کرد، بەڵام لە ئەزەلدا بەو شێوەیە نەبووە، فریشتە فێری نەبوون و هەستیان بە گەورەیی ئەو پرسیارە کردووە و وەڵامە ڕاستەکەیان دایەوە: ﴿قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ [البقرة: ٣٢]. واتە: (وتیان: پاك و بێگەردی بۆ تۆ، ئێمە هیچ زانستێکمان نییە جگە لەوەی خۆت فێرت کردووین).

بەڕاستی تەنها کەسێك هەست بە گەورەیی و نرخی شت دەکات کە ئەو شتەی نەبێت، کەسێك شتێکی نەبێت ناتوانێت بیبەخشێت، هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە، فریشتەکان درکیان بەگەورەیی زانینی ناوەکان کرد، کاتێك خودای گەورە باسی ناوەکانی خستەڕوو بۆیان، لەگەڵ ئەوەی ئەوان خزمەتکاری عەرشن و جێبەجێکاری فەرمانەکانی خودان تیایدا، لە پێش ئادەم و تا ڕۆژی دوایی، ئەوەتا جوبرەئیل کەلامی خودا بۆ پێغەمبەران دادەبەزێنێت و هیچ شوێنێك نابێتە ڕێگری، عیزرائیل گیانەکان بە فەرمانی خودا دەکێشێت و کۆتایی بە ئادەمیزاد دەهێنێت، هەموو ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکە گرنگانە هی فریشتەکانە و ناوەکان نازانن، ڕایانگەیاند کە ئەوان هیچ زانیارییەکیان نییە جگە لەوەی کە خودای زانا و دانای کاربەجێ فێری کردوون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ناوەکان منەت و فەزڵی خودایە بۆ ئادەم، تا

شایستەی جێنشینی بێت لە زەویدا، تا ئادەم و نەوەکانی بتـوانن سروشـت ملکـەچ بکـەن و گۆڕانکـاری تێـدا بکـەن، ئەمــەش بـۆ فریشـتـەکانی خزمــەتکاری عــەرش نەڕەخساوە، بۆ ئەوانە نەڕەخساوە کە لە خزمەت خودای گەورەدان بە بـێ ئـەوەی بۆیان هەبێت دروستکراوێکی خودا بگۆڕن و دەستکاری بکەن.

## فێرکردنی خوداییانەی مەزن:

فێرکردنی ناوەکان فێرکردنێکی مەزن بوو، چـونکە فێرکردنێکـی تـەواو خـودایی بوو، بە مانا تەسکەکەی نەبوو: پێ لەبەرکردنی خودی کۆمەڵە ناوێك بێـت و ئـادەم تەنها دەرخی کردبێـت، تـا بتوانێـت بەسـەر گـرۆی فریشـتـەکاندا بیلێتـەوە، بـەڵکو فێرکردنێکی خـودایی بـوو، چـەند گەورەیـە فێرکردنـی خوداوەنـدیی ڕێـك، خـودای گەورە مانای ناوی فێرکرد، خودای گەورە فێری بـەکارهێنانی ناوەکـان و هەوڵـدانی بـەهۆی ناوەکانــەوە کـرد بـە شـێواز و لۆجیـك تـا ڕاسـتییەکانی پـێ دەرببڕێـت و مامەڵەکردنی لەگەڵ بوون و تێگەیشتن لێـی و پەرەپێـدانی پـێ دەرببڕێـت، خـودای گەورە زانسـتی ناوەکـانی پێـدا، فێـری کـرد بیانناسـێت و هـەرکات شـتی نـوێی بـۆ دەربکەوێت بیانگۆڕێت و بیانسڕێتەوە و بیانبڕێـت و ئەنـدازەیان بـۆ دابنێـت، خـودا تێگەیشتنی لە ناوەکان و ڕۆڵیـان و واتاکانیـانی فێـر کـرد، لـە مێشـکیدا هۆکـارێکی ئاسانی بۆ پەیدا بوو کە هەوڵی پێ بدات تا شایستەی جێنشینی بێت لە زەویدا.

بەڵێ، ئەوە فێرکردنە بە تێگەشتنەوە نەك تەنها دەرخکردن بێـت، فێرکردنێکـی وەرگیراوی سوودبەخشە، ئەوە ئەو فێرکردنە خوداییەیە کە فریشتەکانی بێ توانا و دەستەوستان کردووە و بەڵگەیەکی ئاشکرا بووە لەلایەن خوداوە لەسەر شایستەیی ئادەم بۆ جێنشینی لە زەویدا.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مانایەیە کە ئیبن کەسیر لـە تەفسـیرەکەیدا دەڵێـت: "لـە ڕێوایەتێکـدا گێڕراوەتــەوە لــە ئــەبو مالیــك و ئــەبو صــالیحەوە ئــەوانیش لــە ئــیبن

عەبباسەوە، هەروەها لە موڕڕەوە، لە ئیبن مەسعودەوە و لە کۆمەڵێکی دیکە لە هاوەڵانەوە کە: ئیبلیس لە بەهەشت دەرکرا و ئادەمی تێدا نیشتەجێ کرا، ئەویش بە تەنیا پیایدا دەڕۆیشت و هاوسەر و هاوژینی نەبوو تا لەلای هەست بە ئارامی بکات، نووست و هەستا لە خەو، لەلای سەری ئافرەتێك دانیشتبوو کە خودای گەورە لە پەراسووی بۆی دروست کردبوو، لێی پرسی: تۆ چیت؟ وتی: ئافرەت، ئادەم وتی: بۆچی دروست بوویت؟ وتی: بۆ ئەوەی لەلام ئارام بگریت. فریشتەکان وتیان بە ئادەم ـ مەبەستیان بوو بزانن زانستەکەی گەیشتووەتە چ ئەندازەیەك ـ: ناوی چییە؟ وتی: حەوا. وتیان: بۆ ناونراوە حەوا؟ وتی: لەبەر ئەوەی لە شتێکی زیندوو دروست کراوە".

لە (ئینسایکلۆپیدیای زانیارییەکانی ئەمەریکی)[1] دا هاتووە لە ژێر بەندی حەوا (Eve) کە لە بنەڕەتدا لە (Life)ـەوە هاتووە، بە واتای ژیان.

ئەم چیرۆکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە فریشتەکان لە مانای فێرکردنی خودایی بۆ ئادەم تێگەیشتوون، بەوەی کە ئەو لە توانای دابڕینی ناوەکاندایە بەسەر شتەکاندا، هەر بۆیە دەبینین کە ئادەم هاوسەرەکەی ناودەنێت حەوا (حواء)، پاشان هۆی بۆ دەهێنێتەوە بەوەی کە لە شتێکی زیندوو دروستبووە، واتە لە پەراسووەکەی، واتە توانای تێگەیشتن و وەرگرتنی فێرکردنی خودایی هەبووە و توانیویەتی ناو دابنێت و هەوڵی پێ بدات.

ناوەکان لە عەقڵی ئێمەی نەوەی ئادەمدا ئاسان و سادەن، بەڵام لە ڕاستیدا گەورەن و مەبەستەکانیان زۆر گەورەیە، بە هەمان ئەندازەی هێز و گەورەییان ئاسان و سووکن لە عەقڵی ئێمەدا. بەڵێ، ئەوە فێرکردنی پەروەردگاری گەورەیە، تۆ لات وایە فێرکردنی خودا بۆ ئادەم چۆنە؟ فێرکردنێکی خوداییە کە وایکردووە ناوە گەورە و ئاڵۆزەکان ئاسان و سانا بن، پەروەردگاری گەورە و بەرز مانا و

---

[1] (New Standard Encyclopedia، Standard Educational Corporation Chicago، ١٩٧٦).

مەبەستی ناوە گەورەکانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بە سادەیی و ئاسانی بیان بەخشێت بە ئادەم تا بتوانێت لە جیهانی ڕاستیدا بەرەو پێش بڕوات بزانێت و تێ بگات و وەریان بگرێت و شارستانێتی بنیاد بنێت و ڕاسپاردە و بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت تا شایستەی جێنشینی بێت لە زەویدا، خودای گەورە ئادەمی تایبەتکرد بەم مەشخەڵە لە زانستی خودایی، بەتایبەت فێری کرد، بە هۆیەوە ئادەم توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ بووندا بۆ دروست بوو، گونجا لەگەڵیدا.

## ڕاڤەی ناوەکان بە ناوەکان:

هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئەوە سەلمێنراوە کە زانیاری ئادەمیزاد لەبارەی هەر تاکێك لە بوونەکان، چ ماددی بێت یاخود مەعنەوی، زانیاری لاواز و کەمن بە بەراورد بەوەی لەتوانادایە بزانرێت، ئادەمیزاد هەموو ڕۆژێك لە سەرجەم ڕوانگەکانی زانستدا شتی نوێ فێردەبێت، ئێمەش بۆ ئەوەی کە زیاتر لەبارەی ناوێکی دیاریکراو فێر ببین لە ڕاستیدا وا دەکەین تا کۆمەڵێك ناوی دیکە بزانین و بدۆزینەوە.

با نموونەیەك بۆ ئەم بابەتە بهێنینەوە بە دۆزینەوەی (ئەلیکترۆن)، کاتێك تۆمسۆن لە ساڵی ١٨٩٧دا دۆزییەوە، لێکۆڵینەوە نەوەستاوە لە زانینی زیاتر لەبارەی ئەم ئەلیکترۆنەوە. تۆمسۆن ناوی ناوە ئەلیکترۆن بە واتای بچووکی کارەبا، کە بەرپرسیاری گەیاندنی کارەبایە لە کێبڵە کانزاییەکاندا، وشەکەش وەرگێڕراوە بۆ عەرەبی بەناوی (کهیرب)، واتە کارەبای بچووك، بەڵام ئەم وەرگێڕانە بە تێپەڕبوونی کات نەچەسپاوە، بەڵکو وەرگێرانی حەرفی بەکارهێنراوە، چونکە گوزارشتەکە لەو زمانەی پێی دۆزراوەتەوە قووڵتر بووە، زانست بۆ تێگەیشتن لە ئەلیکترۆن ڕێگای بۆ کۆمەڵێك ناوی نوێ کردەوە، وەك (بارگەی سالب)، ئەلکترۆنیش بارگاویکراوە بە بارگەیەکی سالب، کە ڕایدەکێشێت بەرەو جەمسەری گەرم (موجەب)، مرۆڤ بەرە بەرە تێگەیشت لەو (خولگانە)ی کە ئەلیکترۆن تێیدا لەناو گەردا دەسووڕێتەوە، ئەو

خولگانەش (ئاستی وزە)یان هەیە، ئەو ئاستانەش ڕێژەی (تێربوون)یان هەیە و (ژمارە چەندییەکان)ش دەرکەوتن"، کە بارودۆخی ئەلیکترۆن لە گەرددا ڕوون دەکاتەوە، زانایان دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی میکانیکی چەندی لەسەر ئەلیکترۆن، لەبەر ئەوەی ئەلیکترۆن هەڵسوکەوت ناکات بە گوێرەی ئەو میکانیکە ئاساییەی نیوتن پێشکەشی کرد.

هەر بابەتێك وەربگرین دەبینین هەرچەندێك زانیاریمان لەبارەیەوە بەرەوپێش بچێت ناوی پەیوەندیدار بە و بابەتەوە زیاد دەکات. هەر ناوێك بناسین و بزانین وامان لیّ دەکات وشە ی نویّ فێر ببین، کە ماددی، یان عەقلانی دەبێت، ئەم تاکەوشانە کۆمەڵێك ناویان بەسەردا دەبڕین بۆ ئەوی جیایان بکەینەوە و دیارییان بکەین و بوونیان لەسەر مێزی لێکۆڵینەوە ڕابگەیەنین و ئەو ناوە تازانەش وامان لیّ دەکات کۆمەڵێك تاکەوشەی نویّ جیا بکەینەوە، هێندەمان پێناچێت بە هەمان شێوە ناویان دەنێین. لە زنجیرەکەماندا لە ڕێی ناوەکانەوە هەندێکجار دەگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵێك ناو کە پێشتر جیامان کردبووەوە، بەو شێوەیە ناوەکان تێکدەئاڵێن و بە شێوازێکی قووڵ بەناو یەکدا دەچن، دانایی خودایی لە دروستکراوەکانیدا حوکمیان دەکات، کەماڵی زانیاری تێکەڵاو پێکدەهێنێت، کە مەحاڵە بۆ هەر یەکێك لە بوونەوەرەکان بتوانێت لەو پێکهاتەیە تیّ بگات بەبیّ خۆپڕچەککردن بە ماناو مەبەستی ئەو ناوانە و بەکارهێنانیان و هەوڵدان بەهۆیانەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، زانینی مرۆیی بریتییە لە کۆمەڵێکی زۆر لە ناوی تێکەڵاو، ئێمەش لە نێوانیاندا دەجووڵێین، بەهۆیەوە شتی نویّ لەبارەی ناوەکانەوە فێردەبین بە زانینی ئەو ناوانەی دەوریان داوە، ناوەکان هەندێکیان هەندێکیان ڕاڤە دەکەن، هەرکات لە ناو هۆنینەوەی زانیاریدا بجووڵێین ئەو کاتە دەزانین چەندین ناومان کەمە و پێویستە جیایان بکەینەوە، چونکە زانیاری جیهانێکی فراوان و دووری بیّ ئەندازەیە، تاکەوشەکانی بریتین لە ناوەکان.

**درككردن و زانینی ناوەكان ئەو بناغەیەیە كە زانستی مرۆیی لەسەری وەستاوە:**

توانای ئادەمیزاد لە هەڵسوكەوت لەگەڵ ناوەكاندا بنچینە بووە بۆ زۆرینەی دەستكەوتەكانی ئادەمیزاد، ئەویش زانستە كە وای لە ئادەمیزاد كردووە دەستێوەردان لە سروشتدا بكات لە بەرژەوەندی خۆی.

ئەمەش بەوە دەری دەبڕین كە زانستی ناوەكان مەشخەڵێك بووە لە زانستی فراوانی خودایی، بۆ فەزڵپێدانی ئادەم وەك جێنشینی لە زەویدا، تا بتوانێت دەستوەربداتە نێو پێكهاتەكانی بوون و گۆڕانكاری تێدا بكات. توانای پێ داوە كۆمەڵێك دەستكەوت بە پڕاوپڕی گوێ و چاو بەدەست بهێنێت كە بەسوودن بۆ ژیانی، بەڵكو بۆ خۆشگوزەرانیشی.

هەروەك پێشتر باسمان كرد، ناوەكان سیفەتی لێكجیابوونەوەی لە سروشتدا چەسپاندووە، ئەم لێكجیابوونەوەیەش دەروازەی سەرەكییە بۆ زانینیان و دەرككردنی بەیەكەوەبوونەكەیان، ناوەكان بە مانای جیاوازی وتایبەتمەندبوون لە نێوان تاكە كانی شتەكان و ماناكان دێت، ئەم تایبەتمەندبوونەش توانای داوە بە مرۆڤ كە بە جیهانی زانیاریدا بڕوات جیاواز لە هەر بوونەوەرێكی دیكە، زانینی تایبەتمەندبوون توانای بەسەر شوێنكەوتنی ڕێگای عەقڵانی لە ڕیزبەندی پێكهاتەكانی زانستی بەدوای خۆیدا هێناوە، وای كردووە هەنگاوەكانی ئادەمیزاد لەسەر ڕێچكەی حەقیقەت بێت، نەوەك لە نێو تەپوتۆزی پەرتوبڵاوبوونی بێ مانا.

یەكێك لە بنەما سەرەكییەكان لە زانستە تاقیكارییەكاندا ڕێبازی شیكارییە، ئەم ڕێبازە ش دەروازەی سەرەكی تێگەیشتنی زانایان بووە لە سروشت و دەستێوەردان تیایدا، شیكارییش بە مانا گشتییەكەی بریتییە لە گۆڕینی بوونی ماددی، یان مەعنەوی بۆ كۆمەڵێك بەشبەشی پێكهێنەر، هەریەكەیان ناوێكی خۆی هەیە و دەتوانرێت لەگەڵ ئەو بەشە بچووكانەدا بەتەنیا مامەڵە بكرێت بەبێ هیچ پەیوەندییەك بە بوونە هەمیشەییە سەرەكییەكەوە، بەو شێوەیە لەهەر بەشێكی

بچـووك بەتــەنیا تێدەگــەین و گوزارشــتێكی تــەواوی لــەبارەوە دەدەیــن، پاشــان هەڵدەستین بە كۆكردنەوەی ئەو كۆكراوانە بەیەكەوە، دەگەینە بڕگەیـەكی گشـتیی مانــادار، تــەواو بــە ئەنــدازەی ئــەوەی شــیكارییمان بــۆ كــردووە و ئــەوەی كۆمانكردووەتەوە، ڕەنگە پێی بڵێین (بـیردۆزە)، یـاخود (یاسـا)، یـان هـەر شـتێك بمانـەوێت لـە نـاوە مانادارەكـانی پەیوەندییـە لۆجیكییـەكان. ئێمـەش لـە جیهـانی زانیاریدا بەم ناوانە دەجووڵێین و پێدەچێت لـە سـاتێكدا بگەینـە نـاوێكی نـویێ بـۆ مانایەك، یان شتێكی ماددی كـە لـە شـیكارییەكەماندا وەسـفمان نـەكردبێت، زۆری پێناچێت كـە پێكهاتـەكانی بڕگـە بەسـوودەكەمان دەكەینـەوە و دەگەڕێینـەوە بـۆ شـیكردنەوەی و لـەوێوە ئـەو نـاوە وەسـف دەكـەین كـە دۆزیومانەتـەوە، پاشـان دەگەڕێینەوە بۆ كۆكردنەوەی بڕگەكەمان تا زیاتر سوودبەخش بێت. لـەدوا ئەمانـە ڕەنگە باڵەخانەیەك بەرزبێتەوە كە لە گەرما و سـەرما دەمانپارێزێـت، تەنانـەت زۆر كــات جوانكــاری و ئاســانكاری دەبەخشــێت، دەكرێــت ئــاوی ســازگار لاشــە و خواردنـەكانمان پـاك بكاتـەوە، ئاسـنی تـواوە بـڕوات لـە خامـەی گڵـدا، بـەیانی لـە ئەفەریقا بین و ئێوارە لە ئاسیا بكەینـەوە، دەكرێـت بێگیـان قسـە بكـات و هـەواڵی شارەكان و كەسەكانمان پیێ بدات، بەڵكو بمانخاتە جووڵە و هەڵپـەركیێ بـە شـیعر و گۆرانی، دەكرێت دایكی بەسۆز قسەبكات بەوپەڕی خەفەتەوە لەگەڵ كوڕەكەیدا كە بە هەزاران میل لێی دوورە، پاشان بۆ خۆت چی خودا بـە مێشـكتدا دەیهێنێـت كـە بیلێیـت لـە دەسـتكەوت و بـەدیهاتووەكانی كـە هـەن بیـانڵێ، ناوەكـانی و نـاوی پێكهاتــەكانی بــەدەنگی بــەرز هــاوار دەكــەن و واز لــە پســپۆڕەكان دەهێنێــت چاوپێكەوتن و گفتوگۆ ئـەنجام بـدەن و بـە نـاوە عەقڵانیـەكان ئاخـاوتن بكـەن كـە گوزارشـت لـە بوونیـان دەدەن، لـە (دیـزاین) و (پـەرەپێـدان) و (هەڵسـەنگاندن) و كۆمەڵە ناوێك كە پێكهاتەكانیان دەگەیەنن لە (ماتۆر) و (كۆیل)، تەنانەت (كۆیل) و (سەموونە)ش.

چـیرۆکی دۆزینــەوەی پێکهــاتنی ئــاو لــە هایــدرۆجین و ئۆکســجین کۆششــی ئادەمیزادمـان لـەپێناو زانیاریـدا بـۆ ڕوون دەکاتـەوە. کاتێـك زانـا (شـادویك) لـە ئاهـەنگێکی قەرەباڵغـدا بـوو لەگـەڵ کۆمـەڵێك لـە هاوڕێکـانی لـە زانایـانی کیمیـای سەردەمی خۆی، زاناکان وەك خووی هەمیشەیی خۆیان لە ئاهەنگەکانیانـدا قسـەی ناوازە و دەگمەن دەکـەن و کـاتێکی خـۆش بەسـەردەبەن لـە ڕێـی کـاری زانسـتیی نوێـوە، کـە دۆزینەوەیـەکی تێـدا بێـت زانسـت و داهێنانـەکانیان گـەورەتر بکـات، ئەوەبوو کە تەقینەوەیـەکی گـازی هایـدرۆجینیان ئـەنجام دا کـە دەنگێکـی گـەورە دروست دەکات، تا ببێتە ئاهەنگ و قسەو باسێکی تایبـەت بـۆ داهێنانـەکانیان، لـە زانینی ئەو کاردانەوە بەهێزە کارایەی کـە لـە هایدرۆجینـدا ڕوودەدات لـە کەشـێکی ئۆکسجیناویدا. شادویك تێبنیی هاتنەخوارەوەی چەند دڵۆپێکی ڕوونی کرد لە دوای ئەم تەقینەوە بەهێزەوە، شێوەکەی لەمێشکیدا جـێگیر بـوو و بـۆی دەرکـەوت کـە بریتییە لە پەیدابوویەکی شـل بـۆ ئـەو گـازە زۆرانـە!، ئاهەنگەکـەی بەجێهێشـت و گەڕایەوە بـۆ لای تاقیگـەی تـا تاقیکردنـەوەکانی ئـەنجام بـدات و دڵۆپـە ڕوونـەکان کۆبکاتـــەوە کـــە هەســـتی پـــێ کـــرد ئـــاو بێـــت و تاقیکردنـــەوەکانی لەســـەر تایبەتمەندییـەکانی ئـەو شـلە بەرهـەمهاتووە کـرد و دڵنیـابووەوە کـە ئـاوە، بۆیـە بەدۆزینەوە گەورەکەی گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی، تا ئاشکرای بکات کە شلەی ئاو لـــە ناواخنـــدا لـــە گـــازی هایـــدرۆجین و ئوکســـجین پێکهـــاتووە و دەرەنجـــامی ئاگرکەوتنەوەی بەهێز ئاوە!

ئەگەر لە لای شادویك سەلمێنراو نەبوایە کە شـتەکان لـە بەشـی بچـووك پێکهاتوون، ئەگەر شادویك سیفاتەکانی شلە و جیابوونەوەی نەزانیبایـە کاتێـك کـە بینی، ئەگەر پەیوەندی کەوتنی شـلەی لـەدوای هـەر سـووتانێك نەزانیبایـە، ئەگـەر شادویك ئەو خاسیەتە و ئەو جیاوازییەی نێوان شلە و پێکهاتەکانی ئاگری نـەزانیبا، ئەوا نەیدەتوانی پێکهاتەی ئاو بدۆزێتەوە، شادویك لـە کـاتی گاڵتـە و خۆشـییەکەی

کۆبوونەوەی پێکهاتەکانی ئاوی بینی و بە شیکارییەکەی پێکهاتەکانی ئاوی بۆ دۆزینەوە، ئەگەر ئەو زانینەی ئەو نەبوایە نەیدەزانی و ئێمەش نەمان دەناسی.

ڕەنگە لە گرنگترین داهێنانە زانستییەکان لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی ماددە بێت لە ڕێگەی بیردۆزەی گەردییەوە، لە ڕووی زانستییەوە بیردۆزی گەرد تەنها لە ڕێی بیردۆزی (ڕەزەرفورد)ی گەردییەوە دەستی پێ کرد، بەڵام باسی فیکری و فەلسەفی بۆ پێکهاتنی ماددە لە چەند پارچەیەکی وردی بچووکی لێکجیا بابەتێکی کۆنە، هەر لە سەردەمی سەرەتای فەلسەفە لە لای گریکەکانەوە، ئادەمیزاد دڵنیابووە لە سیفەتی لێکجودایی لەسروشتدا و هەر ئەویش دەروازەیە بۆ یەکگرتن تیایدا. ماددە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك یەکەی بچووك پێی وتراوە (گەرد). بەمەش بوونێکی پێناسەکراومان هەبووە بە ناوەکەی و نەناسراو لە شاراوەییدا و بووەتە دەرفەت هەندێکجار بۆ دیراسە و پشتگوێخستن بۆ هەندێك کاتی دیکە تا لەسەر ڕێچکەی ڕاستی جێگیر ببێت گەر یەکێك بێت لە تاکەوشەکانی، ئەمەش بە تاقیکردنەوەی بەناوبانگی لێدانی تیشك لە پەڕەیەکی تەنکی زێڕ لە لایەن رەزەرفۆردەوە هاتەدی و بیردۆزەی گەردی پەیدابوو و بەردەوام چوارچێوەی بۆ دادەنرێت و بە بەردی بناغە دادەنرێت لە زانستی سەردەمدا. وا هەستیش ناکەم کە ئێمە بە تەواوی لە نهێنییەکانی گەردیلە گەیشتبین، بەردەوام نەزانراوەکان زیاترن لەوانەی دەیزانین، سەرەڕای ئەوەش ناوەکەی زۆر لە مێژە دیاری کراوە و بووە بە بوونێکی مەعنەوی، پاشان ماددی و هەندێکجار شەپۆلی، بوونی ماددی و شەپۆلیش تێکەڵ بووە، لە هەموو ئەمانەشدا ئەوە هەر "گەرد"ە کە لەسەر مێزی توێژینەوەیە و هەریەکە ڕاڤە و پێشنیاز و تاقیکردنەوە و دەرەنجامی لەسەردەکات کە لە ڕاستیدا تا ئێستا وەك پێویست نەناسراوە و وا نازانم ڕۆژێك لە ڕۆژان بگاتە ڕاستی کۆتایی، ئێمەش زۆر بە ئاسانی لایەنەکانی ئەم نەناسراوە بێکۆتایەمان پێچاوەتەوە لە تاکە وشەیەکدا بووە بە جیاکەرەوە و دیاریکەری بوونێك کە ئێمە دانمان ناوە بە نەزانینمان دەربارەی،

هەوڵدانمان بۆ دەرخستنی نهێنییەکانی یەك لەدوای یەك لە جیهانی مەعریفەی بێکۆتادا بەستراوە بە ئەم بوونەوە، بەڵام بۆ ئێمە بووە بە ناوێکی "تەواو" لە جیاکردنەوەیدا و پێشکەشکردنی بۆ توێژینەوە، هەر کاتێك ناوی بهێنین، ئەوەیە مانای ناو و کاریگەرییەکەی، وا دابنێ ئێمە ناو ناهێنین و ئەوەی ناومان هێناوە جیای ناکەینەوە و مامەڵە بە ناوەکان ناکەین، دەربارەی چ گەردێك لێکۆڵینەوە دەکەیت! چۆن پێکهاتەکانی لە ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن و بۆزیترۆن چەندانی دیکەیش کۆ دەکەیتەوە؟ چ بوونێکی مەعنەوی دەبێت بۆ ئەو گەردە لە بیر و عەقڵی ئێمەدا؟

## ناوەکان حەقیقەتی شاراوە لە خۆ دەگرن لە بووندا:

ئەگەر مەعریفەی مرۆیی بریتی بێت لە ژمارەیەکی زۆر لە ناوەکان ـ ناو بۆ شتەکان و ناو بۆ ماناکان– ئەوا ناڕەحەتی ئادەمیزاد لە بووندا و هەوڵدانی بۆ زانینی حیکمەتی بوون و ڕێبازەکانی دەبێت لە گونجاندنی ئەم ناوانە و ڕێکخستنیان لەگەڵ هەندێکیان، چونکە ئادەمیزاد وەك هونەرمەندێك وایە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕەنگی لەبەردەستدایە... کە ناوەکانن... بە هەموو ئاستەکان و سەرجەم دەربڕینەکان لەبەردەستیدان (سەرجەمیان)، کەبەهۆیانەوە تابلۆیەکی مرۆیی دەکێشێت لەم ڕەنگانەی کە خودای گەورە پێی بەخشیوە، بە ویژدان و ئارەزوی خۆی لە نێوان چاکە و خراپەدا ڕێگاکەی خۆی هەڵدەبژێرێت.

ئادەمیزادیش هەمیشە لە ناوە شاراوەکان و پەنهانەکان دەگەڕێت و ئەوەندەی پێ ناچێت تا خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك نەناسراودا دەبینێتەوە، ناویان بۆ دادەنێت و ڕووپۆشیان دەکات لەو سندوقە ڕەشە نەناسراوەدا ـ سندوقی ناو– تا لە کاتێکی زوو بێت، یان درەنگ، شاراوەییەکانی بکاتەوە و پێکهاتەکانی لە چەند ناوێکی نوێدا ڕوپۆش بدات.

## ئادەمیزاد بە بەردەوامی لە ناوەکاندا دەجووڵێتەوە:

بەم شێوەیە دەبینین کە سروشت وەك ئەڵقەیەکی داخراو وایە لـە وشـەکان، بـە بـەردەوامی بـەهۆی ناوەکانـەوە لەناویـدا دەجووڵێینـەوە، وشـەکـانی نـاو و شاراوەییەکەی وەك حەقیقەتێکی جیاواز لە واتای ناوەکە، بریتییە لـە نهێنیـی ئـەم بوونە و بە تەنها خودا دەیزانێت.

بـۆ لێکچـواندنێك بـۆ ئـەم مانایـە دەڵـێین: خـوێی چێشـت تـام دەدات بـە خواردنـەکانمان و کاریگەرییـەکی خـۆش بـۆ چەشـتنی ئێمـە دروسـت دەکـات. لـە کاتێکدا کیمیاناسەکان لە کارگە سازەکانیان بە بلـور و کەلوپـەل و مایکرۆسـکۆب و تیشکەوە دەڵێن: ئەم ناوە وەرگێراو و ئاسانە بـۆ "خـوێ" لـە ڕاسـتیدا بریتییـە لـە کۆبوونەوەیەکی کیمیایی بۆ دوو نـاو کـە ئـەوانیش کلـۆر و سـۆدیۆمن ، بەمـەش بـە زمـانی کیمیـا بـۆ گوزارشـتی ڕاسـتییەکەی ناویـان نـاوە "کلۆریـدی سـۆدیۆم"، هەرچەندە خوێی چێشت لە کلۆر و سۆدیۆم پێکـدێت بـەڵام کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی هەیە کە لە ڕیشەوە جیاوازە لە کلۆر و لە سۆدیۆم.

کلـۆر گـازێکی ژەهراوییـە ڕەنگەکـەی زەردی مەیلـەو سـەوزە ! سـۆدیومیش کانزایەکی تفتی چالاکە و لە ئاودا قوڵپ دەدات و گەرمییـەکی بـەهێز و دووکـەڵێکی هایدرۆجینی لێوە بەرهەم دێت و هەندێکجار تەقینەوەیەکی بەهێز لە هەوادا دروست دەکات، ئەگەر بەباشی و دوور لە هەوا کۆی نەکەینەوە، سۆدیۆمیش لەگەڵ هـەوادا کارلێك دەکات و ئەگەر پارچەیەك سۆدیۆم لەسەر دەستت دابنێیـت کاریگەرییـەکی تفتی زیانبەخش، بەڵکو کوشندە بۆ شانەکانی لەشت دروست دەکات.

واتە گازێکی کوشندەیە و لەگەڵ تفتێکی زیانبـەخش بـە شـانەی لـەش کارلێـك دەکات و خوێی چێشتمان بۆ بەرهەم دەهێنێت کـە تـام و چـێژ دەبەخشـێت، واتـە سیفەتەکانی کۆمەڵەکە یەکسان نییە بە کۆی سیفاتەکان، پێکهاتەکانی ناویش مەرج

نییە بەشێك بن لە ناوەکە، ناوە ورد و شیکارییەکان بریتین لـە بـوونێکی سـەربەخۆ کە قەوارەی ناوی هەیە بە تەواوی و بە هەموو ماناکانیەوە وەك ناوی هەمووەکی.

گشت(کل)ەکە لێرەدا کە خوێیە لەگەڵ هەریەك لە هەند(جزء)ەکەدا کە کلۆر یان سۆدیومە جیاوازە، جاری واش هەیە لە کەمێك، یان لـە زۆر شـتدا لـە یـەك دەچـن، بـەڵام مـەرج نییـە هـەموو کـات پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لێـرەدا هـەبێت، بـەڵکو پەیوەندییەکە ناڕاستەوخۆیە لە چوارچێوە گشـتییەکەدا و سـیفەتی ئاوێتـەبوون و پێکهاتنی نوێی هەیە.

بـــەڵێ.. ئـــەوە ناوەکانـــە، بەخششـــی بەدیهێنـــەری زەوی و ئاسمانـــە، لـــە کۆکراوەکانیـدا مەشـخەڵێك لـە دروسـتکراوی لـەخۆگرتووە، وەك بەخششـێك بـە جێنشـین لـە زەویـدا، تـا هـەوڵ بـدات بـە لێپرسـراوانە و بـە فـەرمانی خـودا فەرمانڕەوایەتی لە ئەو سروشتەدا دەکات کە خودا دروستی کردووە.

ڕوونی شووشە لە کوێی لێڵی و تاریکی سلیکاتدایە (کە بریتییە لە لم) کە لە نێو پێکهاتــەی شوشــەدایە، ڕەنگــەکانیش هــەروەك زانســت دەیســەلمێنێت کۆمەڵــە لەرەلەرێکی شەپۆلی دیاریکراون. هەر ڕەنگێك لەرەلەری تایبەت بـەخۆی هەیـە کـە کار دەکاتـە سـەر چـاوی مـرۆڤ و ئـەو ڕەنگـە جوانـە دەبینێت، بـۆ نموونـە گوڵاڵـە سوورەی جوان سوور نییە، بـەڵام پارچـەکانی پێکهێنـەری گـەڵاکانی ڕێکخـراوە بـە ڕێکخسـتنێکی وورد کـە ڕەنگدانـەوەی لەرەلـەرە دیاریکراوەکانـە بـۆ شـەپۆلەکانی ڕووناکی کە دەکەونەسەری، بەهۆیەوە کاریگەری ڕەنگی سوور دەردەکەوێت کاتێك کـە چـاو دەیبینێـت، بۆیـە ئـەوەی کـە نـاوی دەنـێین سـوور تـەنها ڕێکخسـتنێکی دیاریکراو و مەودای دیاریکراون بۆ کۆمەڵێك بڕی بچـووك بچـوکی ڕەنگیـی ڕێکخـراو لەگەڵ یەك، بۆیە ڕەنگی سووری تـۆخی جـوان بوەتـە چـەندین مـەودا و سیسـتم و ژمارە، چونکە ئەم ڕەنگە زۆرترین شکانەوەی هەیە، نێـوانی ئـەو دوو بوونـەش زۆر جیاوازی هەیە.

گەر زەویش وەربگرین بە نموونە، دەبینین بازنە و پارچـە و قـەبارە و گـەرمی و موگناتیسی هەیە، پاشان زەوی بە شێوازی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکات لەگـەڵ ئەو ماددانەی کە لەسەر پشتیەتی، ئەو ماددەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت کـە بـە هێزی کێشکردنی زەوی گوزارشتی لێ دەدەین و بـووە بـە ناوێك کـە گوزارشـت لـە بوونێکی مەعنەوی پەیوەست بە خۆی دەدات. هێـزی کێشـکردن تـەنها پەیوەسـت نەکراوە بە ناوی زەوییەوە و بەس، بەڵکو بووە بە باسێکی گشـتی پەیوەندیـدار بـە هـەر یـەکێك لـە ئەسـتێرە و هەسـارەکانی دیکـەیش، هێـزی کێشـکردن بـووە بـە نەناسـراوێك کـە بـۆ زانـینی وردەکارییـەکانی پێویسـتمان بـە وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسیارە بنەڕەتییانە هەیە: چەند؟ چۆن؟ بۆچی؟.

بڕوا ناکەم زانستێك هەبێت هەموو وردەکارییەکانی ناوێکی لە سنووری بوارێکـدا زانیبێت و دەرخستبێت، ئەگەر هێزی کێشکردن ئەو یاسایەی کە نیوتن پێشکەشـی کرد حوکمی بکات– کە دواتر وێنەکەی باشتر وڕوونتر بویـەوە لای زانایـان– دەکـرێ بپرسین: بۆچـی؟ و چـۆن حـوکمی دەکـات؟. هەرچـەندێك وترابێـت لـەبارەی ئـەم تەنۆلکـە بچـووکەی کـە نـاونراوە (گرافیتـۆن)، کـە هـەموو ماددەکـان تیشـکەکەی بڵاودەکەنەوە لە گەردووندا کە کێشکردن لەنێوانیاندا بەدیدەهێنێت هەروەك ئەوەی گوریسێك بێت تەنەکان بۆ هەسارەکان ڕابکێشێت، بەڵام لێرەدا کۆمەڵێك پرسـیاری زۆر دەمێننەوە دەربارەی چۆنێتی دەرچوونی ئەم تەنۆلکەیە و تایبەتمەندییەکانی.

بەم شـێوەیە لـە ڕێـی زەوییـەوە گەشـتین بـە هێـزی کێشـکردن و (گرافیتـۆن)، لەڕاستیشدا بەهۆیانەوە ئێمە ئاشنا بووین بە ژمارەیەك لە وشەکان، بـەڵکو دەڵـێین ئێمە لە ڕێی وشەیەکەوە ناچار دەبـین هـەموو ناوەکـان بناسـین، ئەگـەر ویسـتمان تێبگەین لەم ناوە سەرەکییە!

واتە: وشەکانی ناو کە پێویستن بۆ تێگەیشتن لێـی بـریتین لـە کۆمـەڵێك نـاو لـە جیهانی زانیاری بەرفراواندا، لە ناوێکـەوە دەچـین بـۆ نـاوێکی دیکـە و وردەکـاری و

تایبەتمەندییەکانی ناوەکان بە کۆمەڵێك ناوی دیکە جیادەکەینەوە. بۆ نموونە درەخت لە تێگەیشتنێکی سەرەتاییدا بووە بە ڕەگ و قەد و لق و گەڵا، پاشان هێندەی پێ نەچوو بوو بە خانەکان و شلەکان و یاساکانی پەیوەست بوو بە کردارێکی تایبەتمەندی فیزیایی کە شلە لە خوارەوە دەنێرێت بۆ سەرەوە و کرداری ڕۆشنەپێکهاتن، لە دواتردا بوو بە باسێك کە وا نازانین ساتێکی زانینی ڕاستەقینە بێت کە بڵێین گەیشتین بە درەختێك و زانیمان و ناسیمان! دەی بۆ ئەوەی درەخت بناسین بە ناسینێکی ڕاستی تەواو پێویستە بە باشی و تەواوی کیمیا و فیزیا بزانین، گەشەی درەختیش پەیوەستە بە باکان و کەشوهەوا ودیاردەکانی سروشت، ڕەگەکەشی پەیوەستە بە تێکەڵەکانی زەوی و پێکهاتەکانی، وەرگرتنی سیفەتەکانی درەختیش پەیوەندیی بە پەیوەندییە ژمارەیی و هێماییەکان بۆ ڕێکخستنی خانەکانی بۆ ماوەیی تیایدا، مانەوەی درەختەکەش پەیوەستە بە کاریگەربوونی بە وزەی خۆر و وزەی باکان، بەڵکو تەنانەت بە وزەی کارەباییش.

بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی کە لە درەخت تێبگەین و بە تەواوی بیناسین پێویستە لەسەرمان زانستەکانی کیمیا وفیزیا و ماتماتیك و وزە و ژیان و.... تێبگەین، بەڵکو دەبێت لە زانستەکانی هزر و هونەر و فەلسەفە و ڕاستی و چاکە و جوانی بگەین. ئەوەتا چەندین ڕەنگ هەیە لە درەختدا و چەندین جوانی لە گەورەییەکەیدا هەیە و چەندین مانا لە ڕێکخستن و گونجاندنیدا هەیە و چەندین بیرۆکە هەیە لە دیاریکردنی و چەندین ئامانج هەیە لە دانانی چەند بەربەستێك لە درەخت بۆ تەزووەکانی بیابان، و چەندین و چەندین... لێرەدا بۆ ئەوەی درەخت پێناسە بکەین پێویستە پێناسەی زانست هەمووی بکەین.

بۆ ئەوەی کە نهێنی ناوێك بزانین پێویستمان بەوە هەیە کە ناواخنی شاراوەی هەموو ناوەکان بکەینەوە، وەك ئەوەی بە زمانی ماتماتیك دەوترێت بریتییە لە بێکۆتا لە هاوکێشەکان، هەر یەکێکیان ژمارەیەکی زۆری بێکۆتا لە نەزانراوەکان

لەخۆدەگرێت و هەر ناوێکیش شاراوەییەك و دەسەڵاتەکانی بوونی لە خۆدەگرێت لە کۆمەڵە ناوێکی بێکۆتادا. هەر ناوێکیش بەستراوەتەوە بە سەرجەم ئەوناوانەی کە ماون، زانیاری و زانستیشمان تەنها بە ناوەکانی دیکەیش کە ماون بەرزدەبێتەوە، بۆ ئەوەی کە ئەم بوونە بناسین پێویستە سەرجەم ناوەکانی ئەم بوونە بناسین.

## چی دەبوو گەر ئادەمیزاد ناوەکانی نەزانیبایە؟

وا دابنێ کە ئێمە ناو نانێین و ناولێنراوەکان جیا ناکەینەوە، چۆن دەتوانین باس و بابەتێك بزانین کە پێویستمان بە زانینی قووڵاییەکانیان بێت، وەك "گەرد" و "ئەلیکترۆن"؟ لە کام گەرد بکۆڵینەوە و کام "هێزی کێشکردن" بزانین؟ چۆن قسە و باسەکانمان لەسەر مێزێك دابنێین وەك بوارێك بۆ زانیاری و باسێك بۆ گفتوگۆ؟ کێ دەتوانێت هەواڵمان بداتێ لەبارەی پێویستی ئامادەسازی بۆ قەیرانی وزە، یاخود مەترسیی لافاو. زۆر دوور بوو بوونێکی مەعنەوی لە مێشکماندا ببێت بۆ ئەو ناوانەی کە ئێستا دەیانناسین.

گەر وامان دانا ناوەکان ناناسین و هیچ بوونێکیان لە جیهانی ئێمەدا نییە، ئەو کات ئێمە سروشت وا دەبینین کە "گشتێکی تەواو و یەك پارچەیە"، بەڵکو شتێکی مەعنەوییە، ئەو کات ناتوانین بیخەینە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە و چۆنمان بوێت دەستێوەردانی تێدا بکەین مەگەر کاتێك بە یەکجار و بەبێ وشەکان تێی بگەین، ئەوکات بەهۆی کاریگەریی ویستی مانەوە هەوڵمان دەدا و بەبێ هیچ کاریگەرییەکی ژیرانەش لەسەری، ئەو کات هەمووی دەبێتە ناوی ئەو ناوانەی کە نایانناسین و توانای تیشك خستنە سەر هەندێکیمان نییە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ویستی مانەوە نەبێت، وەك گڵێکی دیاریکراو کە "کەرەستەی خاو" بێت بۆ ئاسن یان بۆ ڕووەکێکی دیاریکراو کە "دەرمان"ی نەخۆشییەکی تێدا بێت، چونکە خودا بێ بەرانبەر ناوەکانی پێ بەخشیوین ئێمە کەرەستە خاوەکەمان ناسی و ئاسنمان لێ

دەرهێنا و ڕووەکە پزیشکییەکانمان ناسی و دەرمانمان لێ دەرهێنا و زۆر شتی دیکەیشمان ناسی بۆ پەرەپێدانی ژیانمان و باشکردنی بارودۆخی گوزەرانمان بە فەزڵی فێرکاری ناوەکان کە خودای گەورە پێی بەخشیوین.

ئەگەر ئێمە ناوەکانمان نەزانیایە و لە زەویدا وەك یەك بوون هەوڵمان بدایە و تەنها ناوێك لەسەروو توانای ئێمەوە بووایە و نەمانزانیایە، ئەو کات تەنها بە ئارەزوو و غەریزەی ڕاستەوخۆ دەجووڵاینەوە و زانینێکی داهێنکارانە و ڕێگایەکی ژیرانەمان بۆ پێویستییەکانی بوونمان نەدەبوو، غەریزە دەبووە بنەما و بناغە و وەك ئاژەڵمان لێ دەهات.

# بەشی سێیەم
# چەند تێڕوانینێك بۆ زانستە تاقیکارییەکان ( العلوم التجريبية ) و ڕۆڵی ناوەکان تیایاندا

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە ڕێبازی زانستە تاقیکارییەکان و شێوازی ئەنجامەژمێری (استقراء) تیایدا بخەمەڕوو، بەڵام هەوڵ دەدەم پیاسەیەك بە نێو ئەم زانستانەدا بکەم، تا هەندێك لە ڕۆڵی ناوەکان تیایاندا وەربگرم. هەوڵ دەدەم هەڵوێستە لەسەر هەندێك لەو شوێنانە بکەم کە نرخی ناوەکان و کاریگەرییان لەسەر ئەم زانستانە دەردەکەوێت.

## لە نێوان ناو و پێناسەدا :

شارستانێتیی گریکەکان بە سەردەمی سوفستائییەکاندا تێپەڕ بوو کە قسەی زۆری باق و بریقەداریان دەکرد بێ گرنگیدان بە ناوەڕۆك و مەبەست لێیان، کاتێك سوقرات هات شۆڕشی بەسەر ئەم دۆخەدا کرد و گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد لە شوێنە گشتییەکانی ئەسینا و بانگەشەی دەکرد بۆ بوونی لۆژیك لە قسەدا و دیاریکردنی واتاکان، واتای پێناسەی پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد، کە بریتییە لە ڕێککەوتن لەسەر واتاکان و وەسفپێدانانیان بە شێوەیەکی دیاریکراو و پابەندبوون بەم وەسفکردنە بەشێوازێکی هەمیشەیی.

بێگومان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زانستە نوێکان هەموویان کار لەسەر پێناسە دەکەن، بە پێناسەی یەکە بە یەکەی وشەکان دەست پێ دەکات تا زمانی ئاخاوتن یەکبخات، ئەوکات خوێنەر زۆر بە باشی لە دەستەواژەکان تێ دەگات بە تێگەیشتنێکی دیاریکراو و ورد کە هیچ کەس جیاوازی نەبێت لەسەری.

ئەگەر بڕوانینە پەیوەندی نێوان ناو و پێناسە، دەبینین کە پێناسە لێکچوواندنێکی سادەی ناوە، پێناسە پابەند دەبێت بە ئەندازەیەکی دیاریکراو لە زانیاری کە لە پێناسەکراوەکەوە دەیهۆنینەوە، هەر چی ناویشە بە ناولێنراوی ڕاستەقینە دەوترێت لە واقیعدا بە هەموو وردەکارییەکانیەوە و تێکئاڵانەکانیەوە لەگەڵ ناونراوەکانی دیکەدا.

پێناسە پێی دەوترێت واقیعێکی خەیاڵئامێز و واقیعێکی ڕاستەقینە نییە، چونکە ئێمە لە واقیعە ڕاستەقینەکە بەشێکی کەمی زانراو وەردەگرین و وەك پێناسە دایدەنێین، بەمەش گوزارشتمان لە ڕاستییەکی ناتەواو داوە کە وێنای واقیعەکە نییە و دەبێتە خەیاڵێکی سەرەتایی کە وێنای ئەو ئاستە دەکات کە زانستی ئێمە لە بارەی خودی ئەو ناولێنراوەوە، پێی گەیشتووە.

دەتوانین نموونە بۆ ئەم بابەتە بهێنینەوە بە پێناسەی ئەلیکترۆن و دەڵێین: "ئەلیکترۆن بریتییە لە تەنۆلکەیەکی کارەبایی سالبە کە بە دەوری ناوکی گەردیلەدا دەخولێتەوە و گەردیلەش لە توانایدایە لە کاتی کارلێککردن لەگەڵ گەردیلەی دیکەدا یان لەژێر کاریگەریی وزەدا، لە دەستی بدات، یان بەدەستی بهێنێت". ئەم پێناسەیە بڕێك لەو زانیارییانەی کە ئێمە دەیانزانین لەبارەی ئەلیکترۆنەوە بۆی باسکردین، بەڵام هەموو زانیارییەکانی باس نەکرد، بەهۆی ئەوەی کە زانیاری ئێمە لەسەر خودی ئەلیکترۆن سنووردارە و ئاستی زانستیی ئێمە ئەوەندەیە کە تەنۆلکەیەکی سالبی دیکە نییە کە بە دەوری ناوکی گەرددا بخولێتەوە.

هەر بۆیە ئێمە قسە لەبارەی ئەلیکترۆنێکی تایبەت بە خۆمان دەکەین، هەروەك پێناسەمان کردووە و هەواڵمان داوە لەبارەیەوە، پێدەچێت کە پێناسەکە بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت، گەر زانیارییەکانمان نوێ بوونەوە و تێگەیشتنمان زیادی کرد، بەڵام ئێمە بە پێناسەکان جیهانێك لە ناولێنراوی دەستکردی تایبەت دروستدەکەین کە وێنای بوون دەکات، پەیوەندی لۆژیکی لە نێوان تاکەوشەکانیاندا دروست دەکەین، تا بتوانین ئەوپەڕی سوود لە زانیارییەکانمان لەبارەی ئەو تاکەوشانەوە وەربگرین، تا بکرێت کە ئەو ئەزموونە ڕێك بخەین، بە جۆرێك وامان لێ بکات واتای نوێ لەبارەی ئەو پێناسەکراوانەوە تێبگەین.

گومانی تێدا نییە کە داهێنانی پێناسە ڕۆڵێکی کارای لە پێشخستنی زانیارییە سروشتی و مرۆییەکان بەیەك ئاست هەبووە، ئەمەش هاوبەشی کردووە لە دیاریکردنی واتاکان و تایبەتمەندییەکان و هەنگاوەکانی توێژینەوەی خێراترو کاریگەرتر. ئەگەر ئێمە ناوەکانمان نەزانیایە، ئەوا چ زانینێك توانای پێ دەداین شێوازی پێناسە بەکار بهێنین، ئەم پێناسەیەش هەر بوونی نەدەبوو لە مێشکماندا، چونکە ئەو بناغەیەی کە لەسەری بنیادنراوە هەر بوونی نییە.

## دابەشکردنی زانستە تاقیکارییەکان:

ئاسان نییە بۆ هیچ لێکۆڵەرێك بە جیا بگەڕێت بە نێو زانستە تاقیکارییەکاندا هەر زانستە و بە تەنها، چونکە زانستە تاقیکارییەکان بابەتی دوور لە یەك نین بەشێوەیەك کە هەر بابەتێك بە تەنیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو زانستەکان زۆر تێکەڵن، دەکرێت بڵێین کە ئەو دابەشکارییەی زانایان بۆ ئەم زانستانەیان داناوە لە بنەڕەتدا بۆ جیاکردنەوەیان لەیەك و دووری باسەکانیان و لێکجودابوونیان نەبووە، بەڵکوو بۆ ئاسانکردن و ساناکردنەوەی بووە بە هۆی گەورەیی لۆژیك و قووڵی

پەیوەندییەکانیانەوە بووە، بۆیە زۆر گرانە بتوانین هەموو زانستەکان بەیەکەوە لە پێکهاتە ئالۆزەکەیاندا باس بکرێت.

لێرەدا دەکرێت باسی گالیلۆ گالیلی بکەین کە کاتێك باسە بەناوبانگەکەی (دوو زانستە نوێکە)ی پێشکەش کرد، مەبەستی ساناکردنەوەی ئاستی ئەم قووڵبوونەوە و پەلوپۆهاویشتنە بوو کە فەلسەفە گرتبوویەبەر، بۆیە ویستی دابەشی بکات بۆ زانستە تاقیکارییەکان و زانستە هزرییە مرۆییەکان، چونکە پێشتر فەلسەفە باسی هەموو شتێکی دەکرد بە مەبەستی پێکەوەبەستنی لایەنەکانی حەقیقەت، دواتریش ڕوون بوویەوە کە حەقیقەت دەریایەکی فراوانە و تەنها فەیلەسوفێك چۆن دەتوانێت ئەم هەموو پەرشوبڵاوییە کۆبکاتەوە، هەر بۆیە هاواری دابەشکارییەکە لە خۆیدا داننان بوو بە گەورەیی بەرپرسیارێتییەکە و ڕوونکردنەوەی قووڵیی حیکمەتی ئەم کارە، تا کۆششەکان یەکبخرێن بۆ کۆکردنەوەی بەشەکانی.

پێدەچێت بابەتی دابەشکردنی زانستە تاقیکارییەکان بەو شێوەیە باس بکەین کە دابەشکردن بێت نەوەك پۆلێنکردن، چونکە بەندە بەیەکداچووەکانی زانستە تاقیکارییەکان لێك جیاکراونەتەوە بێ ئەوەی بگەیتە پۆلێنکردنێکی دیاریکراو بۆ ڕاستییە زانستییەکان. زۆر قورسە بتوانیت جیاکەرەوەیەك لە نێوان زانستە بەیەکداچووەکانی کیمیا و فیزیادا دابنێیت، یاخود زانستی گیانەوەرناسی لە زانستی ڕووەکناسی جیا بکەینەوە، یان زانستی جیۆلۆجی دوور لە زانستی کیمیا و فیزیا دابنێین. زانستی شیکاری بووەتە زانستێك کە لە سەرجەم بوونەوەرە زیندووەکان دەکۆڵێتەوە، زانستەکانی خانە باسی لاشە زیندووەکان دەکات بە کۆمەڵێك بنەمای گشتی، فیزیا و کیمیاش دەگرێتەوە لە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانکارییانەی کە لە خانەکاندا ڕوودەدەن، بەڵکو لە ڕووی مێژووییەوە دابەشکردنی سەرەکی بۆ زانستگەلێکی ئەزموونی و زانستی فیکری ماتماتیکی لە لیستی زانستە فیکرییەکاندا داناوە. باوەڕ ناکەم لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خوێنەرێکی

کیمیا و فیزیا گرنگی به زانستی ماتماتیك نـەدات پـتر لـەو هاوڕێیانـەی خوێنـدکاری زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسین، تەنانەت زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی به شێوەیەکن که لەم سەردەمەدا پشت به تاقیکردنەوەی زانستی و ئامـار و ماتماتیـك دەبەسـتن. هـەموو زانسـتەکان لـە یـەکترەوە لـۆجیکی باسـکردن و خوێنـدنی تاکەوشـەکانی وەردەگـرن، وەك ئـەوەی ئـەو دابەشـکردنەی کـە فەلسـەفە هێنایـە کایـەوە بیـەوێت سـەرلەنوێ هـەوڵی کۆکردنـەوەی پەرشـوبڵاوییەکانی بـدات بـە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ فەلسەفە لـە پێنـاوی پـەیبردن بـە گشـتگیریی حەقیقـەت و هەماهەنگی پێکهاتەکانی له دووتوێی ئەو حیکمەته بێخەوشەدا که له هەر جۆرێکیدا قووڵی بیرکردنەوە لەخۆ دەگرێت.

ئادەمیزاد زانستەکانی دابەش کرد، چونکه تێگەیشـتن لێیـان بـە یـەك جـار زۆر قورسه، هەر بۆیه کۆمەڵێك وشەی جیاجیاشی بۆ دانان و ناوی نان بەو بەخششـەی که خودای گەورە پێی داوە له بەخششی ناونان وزانینی ناوەکان، بۆیه توانی شتێك له حەقیقەتی ئاسانکراو بزانێت، باشـتر وایـە کـە بـەروبوومی کێڵگەکـەت بـە چـەند جارێك بار بکەیت له وڵاخەکـەت وەك ئـەوەی بـە یـەك جـار بـاری بکـەیت و هێـزی هەڵگرتنی نەبێت و ڕەنگە بارەکەت بکەوێت و تیابچێت، هەر بۆیه پێویسـتە لەسـەر ئادەمیزاد لەکاتی گەڕانیـدا بـە دوای ڕاسـتیدا کۆششـی تێگەیشـتن (مجهـود الفهـم) بەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکیدا دابەش بکات، هەر بۆیه مـرۆڤ فێرکردنـی خـودایی بـەکارهێنا و پسـپۆڕیی داهێنـا و زانایـانی کیمیـا و زانایـانی فیزیـا و زانایـانی زینـدەوەرزانی و زانایـانی دیکـەیش پەیـدابوون، ئـەم دەروازە مرۆییـە بـۆ ئەوەیـە جێنشینەکەی خودا توانای هەڵگرتنی هەبێت، تـا توانـای ئـەوەی هـەبێت کـە بـۆی دروسـت بـووە و بـیر لـە دروسـتکراوەکانی خـودا بکاتـەوە و خـودا بناسـێت لـە فەرمانڕەوایـەتی بەسـەر دروسـتکراوەکانیدا. ئەمـەش داناییـەکی گەورەیـە بـەبێ کۆشش و بیرکردنەوە و ناڕەحەتی نازانرێت، ئەوەتا ناوەکان ئاسان و سـووك بـوون

لەلای، کە بە هۆیانەوە لە دەریای گەورەی داناییدا هەوڵ دەدات ، لە پێناوی پێویستی و خۆشییەکانماندا چەند شتمان زانی و چەند شتمان بەدەستهێنا، چونکە خودای گەورە گەردوونی دروست کردووە وەك ڕاستییەکی بەپیتی فراوان، کەمێك زانین بەسە بۆ دەستکەوتنی زۆر، ئەگەر زانینی ناوەکان و هەوڵدانمان بە هۆیانەوە نەبوایە نەماندەتوانی تاکەوشە سەرەتاییەکان بزانین، زانایانی تاقیکردنەوەی کرداری نەیاندەتوانی لەسەر لێکۆڵینەوەی کەمێك لە یاسای ماددە بمێننەوە و ئەو هەموو شتەمان بۆ بدۆزنەوە کە هەنگاوی زۆر گەورە و فراوان بە ژیانمان بنێت و شایستەی جێنشینی بین.

مرۆڤ زانستە تاقیکارییەکانی بە شێوەیەکی سنووردار دابەش کردوون، هەروەك چۆن بەردی گەورە دەکرێت بە وردە بەرد، وا دەردەکەوێت بۆمان ئەو زانیاری و زانستەی کە بەهۆیەوە لە کۆمەڵێك حەقیقەتی کۆکراوەوە پەیدا دەبن تێگەیشتنی زیاترمان لەسەر تێگەیشتن لە تاکەوشە بچووکەکان دەداتێ، چونکە پەیوەستبوونی حەقیقەتەکان بەیەکەوە پەیوەستن بە کۆمەڵێك حەقیقەتی نوێوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە تێگەیشتنی ئادەمیزاد پشتبەشتە بە قەبارەی ئەو حەقیقەتەی کە لێی دەکۆڵێتەوە و بە ئەندازەی توانایەتی بەسەر هەستکردنی بە پەیوەسبوونی بەشە وردەکانی بەیەکترەوە وەك ڕەهەندێکی نوێ بۆ هەستکردنی پێیان، تەواو هەروەك تەنەکان کە لە بۆشاییدا سێ دوورییان هەیە و جیاوازبوونی لە شێوەی تەخت کە دوو دووریی هەیە. یەکێکی دیکە لە گەورەیی ناوەکان ئەوەیە پێناسەی شتەکان دەچەسپێنێت کە وردەکاری و سیفەتی زۆریان هەیە، ئەو واتایە ورد ناکات کە باسی دەکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، گوزارشت لە قەبارەیەکی عەقڵانی دەکات کە ناوەڕۆکێکی پڕ لە زانیاری هەیە، هەر بۆیە کاتێك ئادەمیزاد ڕاستیی تەنەکان دابەش دەکات بۆ چەند تاکەوشەیەکی ناونراو، سروشتی ناوەکان بوونێك بۆ تاکەوشەکان دەسەپێنێت کە قەبارەیەکی عەقڵانیی بەسوودیان هەیە و دەکرێت بە

باسکردنیان دەرەنجامی بە سوود بەدەست بێت، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە تێگەیشتنمان لە دانایی پشت دەبەستێت بە ئەندازەی کۆتایی هەر تاکەوشەیەکی ئەو داناییە، چەند تاکەوشەکان گەورە بن و تێگەیشتن و باسکردنیان ئاسان بێت، هێندەش جیاوازی نێوانیان و نێوان ڕاستییە کۆکراوە بنەڕەتییەکە کەمتر دەبێت، چەندەش جیاوازی زانینمان بۆ تاکەوشەکان لە زانینی ڕەهای ڕاستی کۆکراوە هێندەش جیاوازی ناسینمان بۆ تاکەوشەکان لە ناسینە ڕەهاکەی ڕاستییە کۆکراوەکە کەمتر دەبێت، جیاوازی زانینمان بۆ تاکەوشەکان لەگەڵ زانینی ڕەهای حەقیقەتە کۆکراوەکە زۆر کەم دەبێت. ناوەکان سیفەتی بێکۆتابوون لە سیفەتی ناولێنراوەکانەوە هەڵدەگرێت، هەر بۆیە تۆکمەیی زانین و لێکهەڵنەوەشانی بەدیدەهێنێت و جەخت لەسەر لۆژیکیبوونی وردەکارییەکانیان دەکاتەوە.

## ملنەدانی سروشت بۆ مەعریفە:

گومان لەوەدا نییە زانستە تاقیکارییەکان بڕێکی بەرچاوی لە زانینی لەم دوو سەدەیەی دواییدا بەدیهێناوە، لە کەڵەکەبوونی ئەم زانیارییانەشەوە هەندێک تایبەتمەندی پەیوەست پێیانەوە ڕوون بۆتەوە. بۆ نموونە: ماددە لە قەبارە و ئەندازە ئاساییەکەیدا کە لەبەردەست ژیانی ئادەمیزاددایە لەسەر کۆمەڵێک یاسا دەڕوات کە ئادەمیزاد دەتوانێت بیاندۆزێتەوە و لێیان تێ بگات، بەڵام ماددە کاتێک زۆر گەورە دەبێت و مەوداکانیان لێک دوور دەکەونەوە بۆ کۆمەڵێک سنووری گەردوونی، ئەوا بە گوێرەی کۆمەڵێک یاسای گشتی تر حوکمی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ماددە ئەگەر بچووکتر بێتەوە بۆ چەند بڕێکی کەم و بە مەودای بێکۆتا، ئەوا لەسەر کۆمەڵێک یاسای دیکە دەبێت کە مەحکومە بەهۆی کەمی دیاریکردن و دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک لە ئەگەر، ئەو کات پێوانەی نێو تاقیگەکان قورس و شێواو دەبێت و دەرەنجامەکانی تاقیکردنەوە کردارییەکان

دەگۆڕێن بۆ گریمانەی تەنها. بۆ ڕوونکردنەوەی ئـەم خاڵـەش دەڵـێین، بـۆ نموونـە: تەنە وردەکانی وەك ئەلیکترۆن ئەو یاسای "دیارینەکردن" کە هیزنبرگ پێشکەشـی کرد حوکمی دەکات، لە پێوانەکردنی خێرایی ئەلیکترۆن و شوێنەکەیدا گریمانـە بـۆ هەڵە دادەنێت ئەگەر ئامێرەکانی پێوانەکردن زۆر ورد بن. بنەمای دیارینـەکردن لـە پێوانەکردنی تەنە بچووکەکاندا لە بنەما گەردوونیەکان دادەنرێت، ئەمەش وامان لێ دەکات کە دان بەوەدا بنێین کە حەقیقەت بەتەواوی مـل نـادات، چـونکە بەربەسـتە لەبـەردەم هۆکارەکـانی پێوانـەکردن و لێکۆڵینـەوە لێیـان و تـا قـووڵ ببینـەوە لـە تێگەیشتنیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە قوڵاییـەکانی، بەربەسـتەکانی زیـاد دەکـات. هەر چەند قووڵ ببینەوە لەو ئاڕاستە گەورەی لێکۆڵینەوە لە تەنۆلکە ئاسمانییەکان و کایە فراوانەکان، یان قووڵ ببینەوە لەو ئاراستە وردەی لێکۆڵینەوە لـەو تەنۆلکـە سەرەتاییانەی کە ماددەی لێ پێکدێت لێکۆڵینەوە گرانتر دەبێت و شـاراوەیی زیـاد دەکات، کەمی و ڕووکەشی تێگەیشتنمان لە ماددە لە بـارە ئاسـاییەکەی کـە لەبـەر دەستماندایە ئاشکرا دەبێت، تـا ئەوڕادەیـەی زانایـان گەیشـتوونە ئـەوەی کـە یـەك ڕاستی بوونی هەیە، بەڵام زۆر قووڵە و گەیشتن پێی زەحمەتـە و مـاددە لـە هـەموو دۆخەکانیدا دەگرێتەوە، چ گـەورە بێـت، یـان ئاسـایی، یـان ورد بێـت، بـەڵام وێنـە تایبەتییەکەی لە دۆخی ئاساییدا دەبینین، بەشێوەیەك ڕاگر (مقومات)ە گـەورەکان و ڕاگرە وردەکانی کار ناکەن. بەڵێ حەقیقەت یەك چـنراوی زۆر قـووڵ و پڕواتایـە و پێویسـتی بـە مانـدووبوون و کۆشـش و بیرکردنەوەیـە. بەڕاسـتی قورئـان ڕێنمـایی کردووین بۆ بیرکردنەوە، واتەبیرکردنەوەی قووڵ: ﴿الَّـذِينَ يَـذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًـا وَقُعُـودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَـا عَذَابَ النَّارِ﴾ [آل عمران: ١٩١]. واتە: (کەسانی ژیر و هۆشمەند ئەوانەن کە یادی خودا دەکەن لەکاتێکدا بەپێوەن، یاخود دانیشتوون، یان پاڵکـەوتوون، هەمیشـە بـیر لـە دورستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوە و سەرەنجام دەڵـێن: پـەروەردگارا تـۆ

ئەم دروستکراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاك و بێگەردی هەر شایستەی تۆیە، بمان پارێزە لە سزای دۆزەخ).

یەك ڕاستیی و قووڵیی لە ڕفتاری ماددەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕوون دەبێتەوە، لەو کاتەوەی کە زانستی نوێ بڕیاری داوە کە جیهانی سروشتی جیهانێکی میکانیکیی بیرکارییانەیە، سیستم و پێوانە و لۆژیك کاری تیا دەکات، بڕوامان وایە خودای گەورە ئادەمی فێری ناوەکان کردووە بەگوێرەی ئەوەی کە شێوازێکی گونجاوە لەگەڵ سروشتی بوونی یەك ڕاستیی و قووڵیی و بەرگریکار (ممتنـع)ە. ناوەکانیش یەك ڕاستیی و قووڵ و بەرگریکارن، ناوەکان قووڵن چونکە گوزارشتن لە کۆمەڵێك زانیاری بێکۆتا کە بوونێکی سەربەخۆ دەگەیەنن بە شێوازێکی ئاسانی زۆر سادە. یەك ڕاستیین لە گەیاندنی مانادا، لەبەر ئەوەی هەمیشە یەك وشەی مانادارە، هەر کەسێك گوزارشتی پێ بدات ناگۆڕێت، چ ماددی بێت، یان مەعنەوی. بەرگریکارن چونکە گەر خودا ئادەمی فێر نەکردایە، فێری نەدەبوو و توانای نەدەبوو بەسەریاندا، دەبینین کە لوتکەی ئاسانی و لوتکەی بەرگرین، ئەمەش ئەو دەرئاسا و بێ تواناییەیە کە فریشتەکان لەبارەی وتیان: ﴿سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾. [البقرة: ٣٢].

واتە: ئەو هۆکارەی خودا بە هۆیەوە پێی داوین – کە ناوەکانن – هۆکارێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئەرکە گرنگەی بەرەو ڕووی دەچین، کە ئەرکی جێنشینییە لە زەویدا، ئەوەتا زەوی و هەرچی لەسەر زەوی و دەوروبەریدایە لە دروستکراوانی خودان، ناوەکان و زانینیان هەر لەلایەن خوداوەیە، ئەو دووانە ئامانج و هۆکارن، لەبەر ئەوەی هەردووکیان لەلایەن خوداوەن ئەوا پێکەوەش گونجاون، دروستی کردوون تا لەگەڵ هەوڵی ئادەمیزاددا یەك بکەون، بۆ ئەوەی بتوانێت بەو ئەرکە گرنگە هەستێت کە بۆی دروست بووە.

## داەسکەوتەکانی زانست و ڕۆڵی ناوەکان:

ناوەکـان یەکـەی سـەرەکین لـە تاکەوشـەکانی بـیری مرۆییـدا کـە وای لـێ دەکـات بتوانێـت لـە جیهـانی زانسـتدا بەهۆیانـەوە بـە هۆشـیاری و نوێگەرانـە هـەوڵ بـدات تـا جێنشین بێت لە زەویدا. ئەگەر بێتو داهێنانەکانی مرۆڤ لە زەویدا بخەینـەڕوو، دەبینـین دان دەنێـت بـە جێنشـینی خـودا، هـەر مرۆڤـە گەنجینـەکانی زەوی دەرهێنـاوە و بـۆ بەرژەوەندی خۆی خستوونیەتە گەڕ. شـوێنی نیشـتەجێبوون و پۆشـاك و هۆكارەكـانی گواستنەوەی دروستکردووە و ئەو شتانەش کـە پێویسـتییەکانی دەپارێزێـت، هـەروەها ئەو شتانەشی دروستکردووە کە خۆشگوزەرانی بەدیدەهێنێت، ئەگـەر وردببینـەوە لـەو داهێنراوانە، بەڵکو شتێك لە شێوازی کاری ئادەمیزاد و دەسـتێوەردانیمان بـۆ سروشـت بۆ دەربکـەوێت، دەبیـنین کـە ماددەکـان دابـەش دەکـات بـۆ چـەند تاکەوشـەیەك و بـۆ ناسینیشیان ناویان بۆ دادەنێت، هەر تاکەوشەیەکیش خاسیەتی تایبـەتی خـۆی هەیـە، دووبارە ئەو تاکەوشانە تێکەڵ دەکاتەوە بۆ ئەوەی تایبەتمەندی نـوێی دەست بکـەوێت کە بە تەواوی جیاوازن لە تایبەتمەندی ئەو پێکهاتانە.

ئادەمیزاد لە دەوروبەری خۆی، ئاو و گڵ و بەرد و هـەوا دەبینێـت، پاشـان ڕووەك و گیانەوەران دەبینێت، پاشان سەری بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی خـۆر و مـانگ و ئەستێرەکان ببینێت، مرۆڤ دەستی کرد بە جیاکردنەوەی ئەو تاکەوشـانە لـە یـەکتری و هەڵسـوکەوت لەگەڵیانـدا بـەپێی تایبەتمەندییـەکانیان، پاشـان هێنـدەی پـێ نەچـوو تاکەوشـەی ڕوونکـراوەی دیکـەی بـۆ هـەر یـەکێکیان ناسـی، بـەردەکان و گڵـەکان وەك پێکهاتەیـەکی زەوی، وەك یـەك شـت نەمانـەوە، بـەڵکو ئـادەمیزاد دەسـتی کـرد بـە جیاکردنـەوەی کانزاکـان و کەرەسـتە خاوەکـان و جۆرەکـانی بـەردی قسـڵی و لمـی و گرانیتی و خاو، تەنانەت بەردە بەنرخەکانیشی جیـاکردەوە، کۆمەڵەوشـەکان زۆر بـوون و هـەر تاکەوشـەیەك لـەو کۆمەڵـە و شـانە نـاوی تایبـەتی بـۆ دروسـت بـوو. ئـادەمیزاد دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ئەو تاکەوشە درێژەپێدراوانەی کە ئەم تاکەوشـە گەورانـە

پێکدەهێنن، بەم شێوەیە بیرۆکەی گەرد (ذرة)، وەك وشەی یەکەم کە ماددەکانی لێ پێکدێت، خۆی سەپاند. لە ساڵی ١٨١٠ی زایینی بیردۆزی (دالتن) هات تا قسە لەسەر گەرد و گەردیلە بکات، هەروەها قسە لەسەر چۆنێتی پێکهاتنی ماددە ئاوێتەکان لە توخمە بنەڕەتییەکان بکات، ئەمەش هەمان ئەو بیردۆزەیە کە ئەرەستۆ لە فەلسەفەکەیدا دەربارەی ماددە باسی دەکات، کە چۆن ئەوانە پێکدێن لە تاکەوشەیەکی بنەڕەتی کە ناوی نا (گەرد)، کە نهێنیی ئەو لەیەکنەچوونە گەورەیەی لە تایبەتمەندییەکانی ماددەدا هەیە لەخۆی گرتووە. هەوا بووە بە پێکهاتەیەك لە نایترۆجین و ئۆکسجین و هەندێك لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن و پێدەچێت هەندێك هایدرۆجین و هەندێ پێکهاتەی کەمی دیکەیش. هەریەکە لە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان لە بیری ئادەمیزاددا پێکهاتوون لە هەمان ئەو تاکەوشانەی کە ماددەکانی دیکە پێکدەهێنێت لە درەخت و بەرد و ئاو. ئادەمیزاد دەستیکرد بە بیرکردنەوە لە پێکهێنانی تاکەوشەی نوێ لە دروستکردنی کارلێك لە نێوان گەردە جیاوازەکاندا، کە ڕەنگە سروشت ئەو کارلێکەی ئەنجام نەدابێت، یان ئەو یەکگرتنەی لە پێکهاتە بێئاگاییەکەیدا (پێش دەستکاریکردنەکەی) پێشکەشی کردبێت. دەستیکرد بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك کەرەستە و ماددەی نوێ کە هەمان ئەو تایبەتمەندییە بەسوودانەی لێ دەچنێتەوە. بەو هۆیەشەوە پلاستیك و بەنزین و شووشە و پەڕەی کاغەز و قاڵب و چەندانی دیکەی لێ بەرهەمهێنا، ئادەمیزاد ئەو پێکهاتانەی لێك جیاکردەوە و سەرلەنوێ دایڕشتنەوە بۆ خۆی، تا کۆمەڵێك تایبەتمەندی بەسوودی نوێی دەست بکەوێت، کە بگونجێت بۆ بەجێهێنانی بەسوود بۆ ژیانی، ئەمەش ئەو تواناییەیە بۆ لێکهەڵوەشاندن و پێکهێنان. ئەم تواناییە بۆ شیکاری و کۆکردنەوە پشت بە تایبەتمەندییەك دەبەستێت کە خودا لە ماددەدا وەسفی کردووە، تا ئاسان و ملکەچ بێت لە دەستی ئادەمیزاددا، بۆئەوەی بەکاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە بەم شێوازە دابنێین: "سیفەتە کۆکراوەکان یەکسان نییە

به کۆی سیفەتەکان" جا ئەگەر یەکگرتنێك دابنێین لـه نێـوان تاکەوشـەکانی أ، ب، جـ، ئەوا ئەو تاکەی بەرهەم دێت مەرج نییە تایبەتمەندییەکانی بریتی بێت لـه کـۆی تایبەتمەندییەکانی أ، ب، جـ، بەڵکو ڕەنگە تـەواو جیـاواز بـن، چـونکە لـه ڕاسـتیدا کۆمەڵێك سیفەتی نوێیان هەیە کە هیچ پەیوەندییەکی بـه سـیفەتی پێکهاتەکانـەوە نییـە. یـەکگرتن لـەنێوان تاکەوشـەکاندا شـێوازەکانی جیـاوازن و هەنـدێکجار کۆبوونەوەیەکی میکانیکی، یان ئاوێتەیی، یان کارلێکی دەبێت.

## کۆکردنەوەی میکانیکی:

پارچە تەختەی وەرگیراو لە درەخت، کۆدەکەینەوە، لەگەڵ بزماردا کـه بریتییـه لە ئاسن کە وەرگیراوە لە زەوی و هێلم کە دروستکراوە لـه هەنـدێك لـه جۆرەکـانی درەخت، پەنجەرە و دەرگا و خەوگە و دۆلاب و کورسی و گەلێك شتی دیکە بەرهەم دێـت، ئـەم تاکەوشـانە یـەکیان گرتـووە لەگـەڵ هەنـدێکی دیکـەدا بـه شـێوازێکی مەبەسـتدار، تـا کۆکردنەوەیـەکی بەسـوود پێکبهێـنین لێیـان بـۆ ئـەوەی کـارێکی بنەڕەتی پێشکەش بکات کە پێکهاتەکانی بەتەنها ناتوانن بیکەن.

## کۆکردنەوەی تێکەڵکردن:

لـــەم کۆکردنەوەیـــەدا پێکهاتـــەکان بـــە تـــەواوی تێکـــەڵ دەبـــن، بزمـــار تایبەتمەندییەکانی نامێنێت کە تەنها کارێکی دیاریکراو بکات، بـەڵکو لەگـەڵ یەکـدا تێکەڵ دەبن. ئارد و ئاو تێکەڵ دەبن بۆ بەرهەمهێنانی هەویر، ئاو و قاوەی هاڕراو و شەکر تێکەڵ دەبن بۆ بەرهەمهێنانی قاوە، ڕەنگە ئەم نموونانە ئاسایی و ڕاستەوخۆ بن. ئەوەتا قاڵبەکان هەن کە لە تێکەڵکردنی تواوەکانی کانزاکان دروست دەبـن بـۆ ئەوەی داڕێژاوەی خاوەن تایبەتمەندی نوێ دروست ببن. بۆ نموونە: ئاسنی خاوێنی تواوە ئەگەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ بڕی ١٨٪ی تواوەی کـرۆم و بـڕی ٨٪ی تـواوەی

نیکڵ، داڕێژاوەیەکی پتەو دروست دەبێت کە ژەنگ ناهێنێت (ستیلی ژەنگ نەهێن) کە لە چێشتخانەکاندا بەکار دەهێنرێت و ژەنگی قاوەیی لێ پەیدا نابێت، هەروەك لە ئاسنی ئاسایی پەیدادەبێت، کە ئەوەش ژەنگێکە لەگەڵ ئەوەدا کە بەدوای پێکهاتەی ئاسندا دێت، زیانبەخشە بە ئادەمیزاد، هەر ئەوەشە وای لە ئادەمیزاد کردووە کە ئاسنی ئاسایی لە چێشتلێناندا بەکار نەهێنێت و ئەو داڕژاوەیە بەکار بهێنێت کە لە ئاسن و کرۆم و نیکڵ پێکهاتووە بۆ دروستکردنی ئامێرەکانی چێشتلێنانی.

لەکاتێکدا لە کۆکردنەوەی میکانیکیدا تەنەکان بەتەواوەتی لەیەك جودان، بەڵام لە شوێنی دیاریکراوی خۆیاندا بۆ کارێکی دیاریکراو دانراون، ئەوا لە کۆکردنەوەی تێکەڵکردندا گەردەکانی پێکهاتەکان تێکەڵ دەبن و ئاوێتە دەبن، بەڵام هەر گەردێك جودایە لە گەردەکانی دیکە، هەموو شتێکی نوێ لەوانە دروست دەبێت کە هەڵگری تایبەتمەندی نوێن، ئەمەش وامان لێ دەکات لە کۆکردنەوەی کارلێکی تێبگەین کە گەردەکان خۆیان تێکەڵ دەبن تیایدا، کۆمەڵێك گەردیلەی پێکهاتوو لە گەردە کارلێککردووەکان دروست دەبن، لەم جۆرە کۆکردنەوەی ماددەدا تایبەتمەندی تەواو جیاواز دروست دەبن، هەروەك لە بەندی داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە.

## کۆکردنەوەی کارلێکی:

لێرەدا پێکهاتە وردەکان (گەردەکان و گەردیلەکان) یەکدەگرن بۆ ئەوەی گەردیلەی نوێ دروست ببن کە خاوەنی سیفەتی نوێن، جیاواز لە سیفەتەکانی پێکهاتە بنەڕەتییەکان. بۆ نموونە: خوێی چێشت گەردیلەکانی لە گەردی سۆدیۆم و گەردی کلۆر پێکدێت، هەر لەبەر ئەوەیە لە زانستی کیمیادا پێی دەوترێت کلۆریدی سۆدیۆم، بەگوێرەی ئەوەی کە لە سۆدیۆم و کلۆر پێکدێت. سۆدیۆمیش کانزایەکی چالاکە کە لەگەڵ ئاو و هەوادا کارلێك دەکات و ئاوێتەی تفتی زیانبەخش بە لاشەی

ئادەمیزاد بەرهەم دەهێنێت و سۆدای سووتێنەر لەگەڵ ئاودا پێکدەهێنێت. هەرچی کلۆریشە گازێکی ژەهراوییە، لەگەڵ ئەوەشدا کارلێکی سۆدیۆم لەگەڵ کلۆردا، کلۆریدی سۆدیۆم پێکدەهێنێت کە ئەو خوێی چێشتەیە لە خواردنەکانماندا ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و نە سیفەتی سۆدیۆم، نە سیفەتی کلۆری هەیە.

دەتوانین بە شێوازی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بڵێین کە ئادەمیزاد جێنشینی خودایە، هەر بۆیە لە زەوی خودادا و لە هەمان ئەو کەرەستانەی سەر زەوی کەرەستەی نوێ لە تایبەتمەندی و کاریدا دروست دەکات، بەڵام ئەوە کارێکی نوێ نییە لەسەر زەوی بە لۆژیکی دروستکردن لە نەبوونەوە، بەڵکو بە لۆژیکی تایبەتمەندییەکانی و کارە نوێیەکانی لە زەویدا نوێیە. ئەوە چ بەخششێکە خودای داهێنەر بەخشیویەتی بە جێنشینەکەی بۆ ئەوەی شایستەی جێنشینیی بێت و پابەند بێت بە لێپرسینەوە لەوەدا کە پێشکەشی کردووە! ئایا ئاگری بۆ خێر و چاکەی ئادەمیزاد بەکار هێناوە، یان بۆ زیانگەیاندن پێیان؟ ئایا کەڵك و سوودی لەو کەرەستە و دروستکراوانە وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی خۆی و سوود و قازانج، یاخود بۆ خراپە و چاوچنۆکی و نەفسە تاوانبارەکەی بەکاری هێناون.

ئادەمیزاد دەستدەکاتەوە بە ڕیزبەندی شتەکان و ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکان و لە دنیادا شتی نوێ دەدۆزێتەوە. ئەو نوێیەش ڕەنگە هەمووی لە چاکەدا بەکار بهێنێت، یاخود لە خراپەدا، یان لەو نێوانەدا بێت، هەندێکی بۆ چاکە بەکار بهێنێت و ئەوەی دیکەی لە خراپەدا. دەبێت بە ژیرییەکەی و ویژدانی و دەروونی بەکاریان بهێنێت و بیانخاتەگەڕ، چونکە ئەگەری هەیە برا ئادەمیزادەکەی لەنێو ببات بەو باروت و تەقەمەنییەی دروستی کردووە، دەکرێت زەوییەکەی ڕێك بکات و تەختی بکات بەو دروستکراوانە. بێگومان ئەقڵی هۆشیار ڕێبازی چاکە و خراپە لەیەك جیا دەکاتەوە و ئازادی مرۆڤ کە خودای گەورە پێی بەخشیوە بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت بەوشێوەی دەیەوێت، بە بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر لێپرسینەوەی ڕۆژی

دوایی دادەنێت، کە ئەوەی ڕێگەی چاکە دەگرێت یەکسان نییە لەگەڵ ئەوکەسەی خراپەکارە.

**خودای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ [آل عمران: ١١٤]. **واتە:** (باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیە و فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خراپە و بە پەلەن و پەرۆشن بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکی چاك، ئەوانە لە ڕیزی چاکەخواز و چاکەکاراندان).

بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین کە ئادەمیزاد بەشی زۆری شارستانێتییەکەی بە پشتبەستن بە سەرلەنوێ ڕیزبەندی پێکهاتەکانی ماددە بنیاتناوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك سیفەتی نوێی دەست بکەوێت و ئەوانەی لێ هەڵبژێرێت کە بۆ ژیان و بوونی بەکەڵك دێن. بەدەوری ئەو چوارچێوەیەدا ئادەمیزاد کۆمەڵێك تاکەوشەی ژیرانەی داناوە کە گوزارشت لەو ڕیزبەندییە دەکات، ئەم کۆمەڵە تاکەوشە ژیرانەش بریتین لە کۆمەڵێك ناو کە گوزارشتە لە دەست تێوەردانی مرۆڤ لە سروشتدا، هەر مرۆڤیشە توخم و ڕەگەزە سەرەکییەکان ناودەنێت و ڕێگەکانی ڕیزبەندییان و دەرەنجامەکانیان و بەرهەمهێنراوەکانیان لێك جیادەکاتەوە بە کۆمەڵێك ناوی نوێ، لەوێشەوە بوونە ماددییەکان و مەبەستە ژیرانەکانیانی پێناسە دەکات. واتە دەتوانین بڵێین ئادەمیزاد بەهۆی ناوی شتەکان و ماناکانەوە هەوڵ دەدات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ناوەکاندا دەکات، بە گشتی وەك دەلالەتێك لەسەر چەمکە عەقڵییەکان، دەروازەی جیاکردنەوەی ماددە بۆ کۆمەڵە پێکهاتەیەك هەوڵدانە بۆ ناولێنان، دۆزینەوەی هەندێك لایەنی دانایی خودایە لە دروستکراوەکانیدا، ڕیزبەندی پێکهاتەکانیش پێکهێنەری کۆمەڵە سیفەتێکن کە خودی خۆیان و دەرکەوتەکانیان دەناسێت. ئادەمیزاد بەهرەی دەربڕینینی پێ بەخشراوە کە گوزارشت لە شتەکان و

ماناکـان دەکـات بـەبێ ئامادەبوونیـان، ئیـدی مـرۆڤ لۆژیکییانـە هاتـەگۆ و باسـی حەقیقەتی کرد و لە بوونەوەرەکان و چەمکەکاندا بۆی گەڕا.

بەڵێ، هەر ئەو تەزووە کارەباییـە بکوژەیـە گلۆپی کارەبـا ڕووناك دەکاتـەوە و دەنگی ڕادیۆش بە هەواڵ و بارودۆخەکان پەخش دەکات، هەر خودی ئـەو تـەزووە کارەباییەیە کە ئادەمیزاد ناسیویەتی و جیایکردۆتـەوە وەك جووڵەیـەك بـەو تەنـە بچووکانەی ناونراون بە ئەلیکترۆن لەناو گەیەنـەرە کارەباییەکانـدا، لـە ڕۆیشـتنێکی ئاڕاسـتەکراودا لـە جەمسـەرێکی ساردەوە بـۆ جەمسـەرێکی گـەرم، ئـادەمیزادیش ئەوەی بۆ ڕوونبۆتەوە کە تەزووی کارەبایی ناونراوێکی ئاوێتەییە بۆ جووڵەیـەك کـە پەیوەستە بە ئەلیکترۆنـەوە لـە نێـوان جەمسـەرێکی گـەرم و جەمسـەرێکی سـارد، هـەموویان نـاولێنراوی تێکـەڵن بـە پێکهاتـەی مەعریفـەدا بـە دانـایی خـودا لـە دروسـتکراوەکانیدا. لـە ڕاسـتیدا ئـادەمیزاد ئـەلیکترۆنی دروسـت نـەکردووە، بـەڵام ئامادەی کردووە، یان دەکرێت بڵێن مرۆڤ لە نێو گەردەوە هێنـای و جیـای کـردەوە لێی، بینی وا لە نێوان جەمسەرەکاندا دەجووڵێتەوە وەك سـیفەتێکی بنـەڕەتی کـە خودا تیایدا دروستی کردوە، کاتێك ئادەمیزاد دۆزییـەوە دایناوە کـە بارگاوییـە بـە بارگەیەکی سارد، چونکە کەمەندکێش دەبێت بۆ بارگـەی گـەرم، کاتێـك ئـادەمیزاد بارگەی کارەبایی دۆزییەوە بۆی دەرکەوت کە دوو جـۆرن و سـێیەمیان نییـە، بۆیـە ناوی لێنان بارگەی سالب و بارگەی مووجەب، بۆی دەرکەوت کە تایبەتمەندیی هـەر بارگەیەك وەك خۆی جێگیرە هەرکات بەکاریبێنێت، ئەمەش لـە دانـایی خودایـە لـە دروستکراوەکانیدا کـە سـیفەتە سـەرەکییەکانیان لەگـەڵ کاتـدا جـێگیر بێـت، هـەر کاتێك ئەلیکترۆنێك دەربهێـنین ببیـنین کـە سـالبە، ئـەم بەخششـە خوداییـە چـەند گەورەیە کە وا لە ئادەمیزاد دەکات سیفەتی سالب بوون بەسەر ئەلیکترۆنـدا ببڕێـت لە هەموو دۆخێکدا، ئەمەش ئەو سیستمەیە کە ئادەمیزاد وا لێ دەکات کە هەستێت بـە دووبـارە ڕیزبەنـدی. هـەر جارێـك هـەمان تاقیکردنـەوە بکـات هـەمان ئـەنجام

دەردەچێت، ئیتر یەك ڕاستیی بوویە بناغەیەك بۆ ئاكاری ماددە، كە بە ئارەزوو كار ناكات، بەڵكو بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی تەنهای جێگیرەوە هەڵسوكەوت دەكات، كە وا لە ئادەمیزاد دەكات بتوانێت بەكاری بهێنێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بیگۆڕێت، بۆیە زۆر دوورە كە ئەم ماددەیە بەو تایبەتمەندییەوە لە گەردووندا بەبێ مانا و بێ هیچ كەڵك و نرخێك، خودای گەورە جێنشینێكی بۆ دانەنێت كە تیایدا هەوڵ بدات و بیدۆزێتەوە و بیر لە دانایی بكاتەوە و بەكاری بهێنێت. ئەم بەپێتییە نەناسراوە لە گەردووندا ڕۆڵەكەی و بەڵگەی بوونەكەی لەدەست دەدات ئەگەر ڕۆڵێكی نەبێت، چەند گەورەیە ڕۆڵەكەی بریتی بێت لە بیركردنەوە لە دانایی بەدیهێنەرەكەی.

خودای بەرز و گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ [آل عمران: ١٩١]. واتە: (پەروەردگارا تۆ ئەم دروستكراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەكردووە، پاك و بێگەردی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ).

ئەم تەزووە كارەباییە لە جەمسەرەكانەوە بەرهەم دێت، ئەگەر بێیت مس دابنێیت لە گیراوەی گۆگردیدی مسدا و زینك دابنێیت لە گۆگردیدی زینكدا و دوو گیراوەكەت بە پارچەیەك قوڕی وشكبووەوە جیاكردەوە كە ڕێگە بدات بە بەیەكگەیشتنی دوو گیراوەكە بێ تێكەڵكردنیان، زینكەكە سیفەتی جەمسەری سالب (سارد) وەردەگرێت و مسەكە سیفەتی جەمسەری مووجەب (گەرم) وەردەگرێت، ئەگەر بە یەكیان بگەیەنیت بە تەلێكی گەیەنەر تەزووی كارەبایی بە ناویاندا دەڕوات. گومان لەوەدا نییە كە (فارادای)، پاشانیش (دانیال)، كاتێك ئەم ڕاستییەیان دۆزییەوە ئاسایی بوو بەلایانەوە كە لەبەر چاویاندا دوو ناوی سەرەكی پەیوەندیدار بەم تاقیكردنەوەیە دابنێن، ئەوانیش "كارەبا" و "كیمیا"ن. فارادای یاسا بنەڕەتییەكانی پەیوەندی كارەبا و كیمیای بۆ دەرخستین، دەریخست كە

چۆن دەتوانین کارەبامان دەست بکەوێت لە ئەنجامی ڕوودانی کارلێکی کیمیایی ئەگەر کارلێکەکە لە خۆوە بێت، چۆن بە کارەبا دەتوانین کارلێکێکی کیمیایی ئەنجام بدەین کە لەخۆوە ڕوونادات و بە هۆیەوە کۆمەڵێك ئەنجامی دیاریکراو بەدەست بهێنین، کە بۆ خۆیان بەتەنها ڕوونادەن ئەگەر واز لە ماددە کارلێکردووەکان بهێنین لەگەڵ یەکدا بە بێ کارەبا، پێویست بوو کە ناوی (وزە) بۆ گوزارشت لەم مانا سەرنجڕاکێشە بەکار بهێنین، ئیتر یاساکانی فارادای بوون بە یاساکانی گۆڕینی وزەی کارەبایی بۆ وزەی کیمیایی و بەپێچەوانەشەوە، زاناکان لەو کاتەوەی کە فارادای یاساکانی لە ساڵی ١٨٢٤دا پێشکەش کرد، لە عەقڵانیبوونی ئەو گۆڕانەی نێوان وزەی کیمیایی و وزەی کارەبایی دەکۆڵنەوە.

دانیال خۆی تەرخانکرد بۆ ڕاڤەی هۆکاری جیابوونەوەی ئەلیکترۆنی زینك لەکاتی هەڵکێشانی لە گیراوەی گۆگردیدی زینك، هۆکارەکانی بارگەی گەرم لەسەر مسی هەڵکێشراو لە گۆگردیدی مس، کە وادەکات ئەلیکترۆنە جیابووەوەکە لە زینك ڕابکێشێت و لە ڕێگەی گەیەنەرەکەوە دەجووڵێت بۆ لای. لێکۆڵینەوەکانی دانیال و هەموو ئەوانەی دوای ئەو باسی ئەم بابەتەیان کردووە و سەلماندویانە کە بوونی زینك لە گۆگردیدی زینکدا بەرپرسیارە لە جیابوونەوەی ئەلیکترۆنەکانی زینکەکە، بوونی مس لە گۆگردیدی مسدا بەرپرسە لە ڕاکێشانی ئەلیکترۆنەکان بۆ لای مسەکە، بەمەش ئەوە ڕوون بووەوە کە ڕیزبەندی ماددەکان و پەیوەندی هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە کۆمەڵێك سیفەتی تایبەتیان لێوە پەیدا دەبێت، لەم دۆخەشدا تەزووی کارەبایی لەم ڕیزبەندییە مەبەستەوە دروست دەبێت. ئەمەش دیراسەی جەمسەربوونی توخمەکانی لە گیراوەی خوێکانیانی بەدوای خۆیدا هێنا و بە هۆیەوە زنجیرەی کارۆکیمیایی لێوە پەیدابوو بە گەڕانەوە بۆ گۆڕانکارییەکەی نێوان وزەی کارەبایی و وزەی کیمیایی، لەم زنجیرەیەشەوە دەکرێت حیسابی جیاوازی توانا(جهد) بکەین لە نێوان دوو جەمسەر لەبەر شوێنەکەیان لەناو

زنجیرەی کارۆکیمیاییدا، بەم شێوەیەش کارەبا بەرهەم هێنرا بە ڕیزبەندی دانانی هەندێك لە ماددەکان کە بەر چەند ماددەیەکی دیکە دەکەون، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گرنگترین کارێك کە ئادەمیزاد پێی هەستابێت لە بەکارهێنانی ماددەکانی ئەم گەردوونە بۆ سوودی خۆی بریتییە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی هەندێك لە ماددەکان لەگەڵ هەندێکی دیکەیاندا، لەدوای ئەوەی کە لێکی جیاکردوونەوە بۆ کۆمەڵێك توخم و ئاوێتە و کانزا و کەرەستەی خاو.

تەزووی کارەباش لە ئەنجامی سووڕانەوەی کۆیل لە نێوان دوو جەمسەری موگناتیس پەیدا ببێت هەروەك چۆن لەکاتی داهێنانی داینەمۆدا ڕوویدا کە فارادی لە ساڵی ١٨٣١دا دایهێنا، ئەمەش ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە وزەی موگناتیسی و وزەی جووڵەیی لەگەڵ یەکدا کارلێکیان کردووە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی، هەر بەو شێوەیە ڕێکخستنی دانانی کۆیل و موگناتیس و جووڵە لە نێوانیاندا سیستمێکی ویستراوە کە ئەنجامێکی ویستراو بەرهەم دەهێنێت کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی تەزووی کارەبایی و زانراوە کە وزەی موگناتیسی و وزەی جووڵەیی هێزێکی توانادار بەسەر ناردنی ئەلیکترۆنەکان لە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بەرهەم دەهێنن، کە (فلیمنگ) ناوی ناوە یاسای دەستی ڕاست. لە ئاڕاستەی جووڵەی ئەلیکترۆنەکانەوە زانرا کە جەمسەری سارد ئەوەیە کە جووڵەی لێوە دەست پێدەکات وجەمسەری گەرم ئەوەیە کە جووڵە لەلای ئەو کۆتایی دێت.

بەم شێوەیە تەزووی کارەبایی بە پێی جیاوازی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی تەنها یەك شتە کە بریتییە لە ئازادبوونی ئەلیکترۆنەکان لە گەردەکانیان و جووڵەیان لە جەمسەرێکی ساردەوە بۆ جەمسەرێکی گەرم، بەمەش بووە خاوەنی ئەم پێناسە دیاری کراوە بە جووڵەی ئەلیکترۆنەکان لە گەیەنەرەکاندا، هەروەك پێشتر باسمان کرد، پێناسە بریتییە لە گوزارشتی ئادەمیزادانە کە لەگەڵ ناوەکان هاوشانن، کە خودی شتێك دەگەیەنێت بێ لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی پێکهێنانی، ئەم جێگیرییە

له کرۆکی شتەکان و چەمکەکاندا ئەو بەخششەیە کە خودا داینـاوە لـە مـاددەدا تـا ئـادەمیزاد بـەکاری بهێنێـت و وەك بـوونێکی دیـاریکراو دەرکـی بکـات، بـە هـەمان هۆکارەکان هـەمان ئـەنجام بەدیـدەهێنن. ئـەم جیهانـە عەقڵانییـە جیهـانی خـودی کۆمـەڵێك نـاوی دیـاری کـراوە، کـە لەوێـدا گوزارشـتە لـە شـتێك کـە بێکۆتایـە لـە سیفەتەکانیدا، بەڵام خـۆی هـەڵگری تـەنها جەوهەرێکـە سـەرەڕای جیـاوازی دۆخ و شێوازی بوونی، دەکرێت زانیارییەکانمان لەسەری تەواو نەبێت و تەنها کەمێکمان لە بارەیەوە زانیبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەهۆی ناوەکەیەوە دەیناسین و دەیزانین، لەهەمانکاتدا هەموو بارودۆخەکانی نازانین.

ڕەنگـە گـەردوون و دیـاردەی گـەردوونی زیـاترین بابـەتێك بێـت کـە بیرۆکـەی ئادەمیزاد لەبارەیەوە بەدرێـژایی کـات گۆڕابێـت، بـەڵکو دۆزینـەوەی ئـادەمیزاد بـۆ ڕاستییەکانی گەردوون هەر ڕۆژەی شتێکی نوێ پێشکەش دەکات کە دەبێتـە هـۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە بیرۆکەی ئادەمیزاددا دەربارەی سروشـت. ئـەم دۆزینـەوە گەردوونیانە بازدانی گەورەی کتوپڕی هێنایە کایەوە کە هەندێجار شڵەژانی لە هزری ئادەمیزاددا دروستکردووە، دەبوو گومانمان چۆن بوایـە گـەر هاوسـەردەمی گـالیلۆ بووینایە کاتێـك بۆچـوونە ترسـناکەکەی دەخاتـە ڕوو کـە زەوی خـڕە و بـە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە. زانایـانی پـێش زایـین وای بۆچـووبوون کـە زەوی بازنەیـەکی داپۆشراوە بە ئاسمان لـە شـێوەی نیـوە گۆیەکـدا، هـەر کەسـێك لەسـەر زەوی بـە ئاڕاستەی ئاسۆ بجوولێت ئەوا لە دوای ناڕەحەتی و ماندوێتی گەشتەکەی دەگات بە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئاسمان (ئاسۆ) بە زەوی، زانایان پاچ و ئامێری تیژیان ئامادە دەکرد تا بتوانن ئاسمان بشکێنن، تا ببینن چـی لـە پشـتیەوەیەتی لـە ڕۆحـەکان و شـەیتانەکان، کـێ زەوی و ئاسمانەکـەی و چـرا هەڵواسـراوەکانی لـە شـێوەی ئەسـتێرەدا هـەڵگرتووە. ئـەم شـێوەیەی زەوی و ئاسمـان بـریتی بـوو لـە زانیـاری گەردوونیغ لە ڕابردوودا.

هەرچەندە گالیلۆ بە درێژکراوەی چەند کارێکی پێشتری (کۆپەرنیکۆس) و (کیپلەر) دادەنرێت، ئەم بۆچوونەی سەرلەبەری هەڵگێڕایەوە و کەسایەتیە ئایینی و تەنانەت بێدینەکانیشی تووشی شڵەژاوی کردبوو، بەڵام ناوە سەرەکییەکان لە گەردووندا زەوی و خۆر و مانگ و ئەستێرە هەروەك خۆی بوو، چونکە چەند چەمکێکی عەقڵانین بۆ بوونێك کە ناتوانین ڕۆژێك لە ڕۆژان بانگەشەی ئەوە بکەین زانیومانە و سەرمان لێی دەرکردوە، بەڵکو هەر ڕۆژە و شتی نوێ لەبارەوە دەزانین و لەوانەیە تێگەشتنمان لەبارەیەوە بەتەواوی پێچەوانە بێتەوە، ئەمەش گەورەیی ناوەکانە لەوەدا کە هۆکارێکی سەرەکین خودا بەخشیونی بە ئادەمیزاد تا بیریان پێ بکاتەوە و بەهۆیانەوە هەوڵ بدات. لە گەورەیی ناوەکانیش ئەوەیە کە وشك و ڕەقێکی سەپێنراو نین، بەڵکو هۆکارێکی بیرکردنەوە و پێداچوونەوە و زانیننە، وا نازانم کە دانایی خودا بە ساتێك دەرك بکرێت، بەڵکو پێویستە بیربکەینەوە و پیاچوونەوە بەهەموو شتەکاندا بکەین تا بگەینە دانایی، هەر بۆیە ناوەکان دادەنرێت، پاشان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو چەمکەی ناوەکەی بۆ دانراوە لە خودی خۆیدا دابڕاوە و بە پێکهاتەکانی جیای دەکەینەوە، بەڵکو لەوانەیە بۆمان دەربکەوێت کە ئەو چەمکە هەر لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە نەبێت، بۆیە بەسەر زانیارییەکانماندا دەچینەوە و لەوانەیە ناوەکەشی هەڵبوەشێنینەوە، چونکە ئادەمیزاد، هەروەك پێشتر باسمان کرد، پەروەردگاری ناوەکانی فێرکرد تا وەك چەمکێکی واتادار و میتۆدێکی گۆیا بن بۆ پەیبردن بە بەدیهێنراوەکانی خودا. لە مێژووشدا ڕوویداوە کە زانایان گریمانەی بوونێکی ناوەندیان کردووە، ناویان ناوە کەهولی ئەسیلی (ئەسیر) (الأثیر)، ماددە و وزەی تێدایە و بۆشایی و بەتاڵی ڕەها پڕ دەکاتەوە، جووڵە و گۆڕانکارییەکانی دەدرێتە پاڵ، بەڵام ئەزموونی (میکلسون) و (مورلی) بەتەواوی شکستیان هێنا لە لێکۆڵینەوەی ڕێژەیی جووڵەی ڕووناکی بە گوێرەی ئەسیر. ئەمەش فەیلەسوفی فەڕەنسی (بیونکارا)ی ناچار کرد پێشنیازی

ئـەوە بكـات كـە ئەسـیر بـوونی نییـە و خێرایـی ڕوونـاكی جـێگیری گشـتیی ئـەم گەردوونەیە، ئەمەش بووە بەردی بناغە لە بیردۆزی ڕێـژەیی تایبـەتی و گشـتی كـە (ئـەلبێرت ئەنیشـتاین) پێشكەشـی كـرد، كـە پشتیبەسـتبوو بـە نـەبوونی ئەسـیر و جێگیری خێرایی ڕووناكی، ئەم بیردۆزەش بۆ خۆی ئاسۆی نوێی كردەوە، بۆ یەكەم جار ئەوەی خستەڕوو كە كرۆكی ماددە و وزە یەك شتن و هەر یەكێكیان دەگۆڕێت بۆ ئەوی دیكە، ئەوان دوو وێنەن لە وێنەكانی بوون.

ئەمەیـە ناوەكـان، گوزارشـتێكی ڕەهـای شـتەكان و چـەمكەكانە، هۆكـارێكی ئاسانن، ئادەمیزاد دەیانزانێت، زانا بێت، یاخود نەزان، دانـا بێـت، یـاخود گەمـژە، سـپی بێـت، یـان ڕەشپێسـت، بـەكاریان دەهێنێـت و دەیانناسـێت و هـەوڵیان پـێ دەدات. ڕەنگە ناوی ئەو شتە بگۆڕێت و ناوی ئەو شـتە هەڵبوەشـێنێتەوە و ڕەنگـە هەنـدێك وردەكـاری نـوێی ئـەو ناوانـە بزانێـت و گۆڕانكـاری بـە ناوەكـان بكـات و دەسـتكارییان بكـات. لـە كۆڕبەنـدی زمانەوانیـدا ناوەكـان دادەنـرێن و گفتوگۆیـان لەسـەر دەكرێـت و دەگـۆڕدرێن و دەسـتكاری دەكـرێن. دەڵـێین: ئـەوە ڕادیۆیـە و بیسـتەنییە، ئـەوەش تەلەفزیۆنـە و پێشـی دەوترێـت تیڤـی، ئەوەیـە فێركـاری پەروەردگاری گەورە، نەگۆڕێكی سەپێنراوی بێدەسكاری نییـە كـە هـیچ بـژاردە و بڕیارێكت تێیدا نـەبێت، بـەڵكو چـەمك و پەیبردنـە، فێركردنێكـی پـەروەردگارە كـە كاروبارەكەی لەدەسـتی خۆماندایـە، دایدەڕێـژین و ڕەخنـەی لـێ دەگـرین و پیایـدا دەچینەوە، ئایـا ئێمـە قوتـابی خـودای زانـا نـیین؟ سـەیر نییـە كـە توانـایی كـاری ناوەكان لەدەستی خۆماندا بێت؟ جێنشین بین بەو ناوانە و گوزارشتیان پـێ بـدەین لەبارەی دانایی و واتا لە دروستكراوەكانی خـوادا، ئەمـە ئـەو داناییـە فراوانەیـە كـە هەوڵ دەدەین و بیر دەكەینەوە تا نزیك بینەوە لە دڵۆپێك لـە زەریاكـەی. ﴿قُـلْ لَـوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَـدَ كَلِمَـاتُ رَبِّـي وَلَـوْ جِئْنَـا بِمِثْلِـهِ مَدَدًا﴾ [الكهف: ١٠٩]. واتـە: (پێیـان بڵـێ: ئەگـەر دەریا هـەمووی مرەكـەب بێـت و

زانست و زانیاری پەروەردگارمی پێ بنووسرایە، دەریا تەواو دەبوو پێش ئەوەی زانست و زانیاری پەروەردگارم تەواو بێت، ئەگەر چەندەها ئەوەندەی دیکەیش دەریا بهێنین و بیانکەین بە مرەکەب).

ئەوە چ ئادەمیزادێکە کە لە دەریای دانایی گەورە نزیک بووبێتەوە و خۆی پڕچەك نەکردبێت بە زانستی خودایی، ئەم زانستە پێویستە کاروباری لە دەستی ئادەمیزاددا بێت، دەستی تێوەربدات و دابڕێژێت و دەستکاریی بکات تا بتوانێت نزیك ببێتەوە لە دەریای دانایی خودای گەورە، گەر تۆ بڕۆیت بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کارێك پێویستە پێداچوونەوە بکەیت بە هەموو ئەوەی فێری بوویت لە بواری پسپۆڕییەکەتدا، هۆشیارەکان ئامۆژگاریت دەکەن بە ڕاهێنان لەسەر شیکردنەوە و چارەسەری هەندێك لە کێشە نائاساییەکان کە پێویستیان بە کارکردن و بڕیاردانی بنیادنراو لەسەر زانست و مەعریفە هەیە، کاتێك دۆخەکە نوێ بێت و لە سەرچاوەکانی زانیاریدا بەو وردییە بوونی نەبێت.

تۆ ئەم کارە دەکەیت کاتێك لەبەردەم بەڕێوەبەرێکی ئادەمیزاددا دەوەستیت، دەی خودا بەچی پڕچەکت دەکات تا نزیك ببیتەوە لە دەریای داناییە گەورەکەی! ئەوە ئەو ناوە پوختانەی ئێمەن کە خاوەندارییان هی ئێمەیە بە هەموو پێوەرەکان بەکاریان دەهێنین، ئەو هەموو تواناییە لەبەر ئەوەیە کە دانایی خودا بە مرەکەببوونی هەموو دەریاکان بەشی ناکات، ئەگەر هێندەی دیکەیش دەریا بهێنین و بیانکەین بە مرەکەب.

## ئاستەکانی زانین ( معرفة ):

زانسـتە تاقیکارییـەکان لـەم دوو سـەدەیەی کۆتاییـدا پێشـکەوتنی بەرچـاویان بەخۆیانەوە بینیوە و خزمەتی تەکنەلۆژی ڕوونیان پێشکەش کردووە کـە کۆمـەڵێك تاکەوشەی نـوێی بـۆ بـیری ئـادەمیزاد زیـاد کـردووە. لـەوەش گـرنگتر ئەوەیـە کـە کۆمـەڵێك ئاسـۆی بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ڕوانگـەی جۆراوجـۆردا کردووەتـەوە کـە وای کردووە لێکۆڵینەوە هەموو ڕۆژێك شتی نوێ بهێنێتە کایەوە. ڕەنگە گرنگترین شتێك کـە زانسـتی تاقیکـاریی جیابکاتـەوە ئـەوە بێـت کـە لـە حەقیقـەتی بوونـەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەك ئەوەی لە ڕاستیدا بوونیان هەیە، ئەمەش لە هـەموو ڕۆژێکدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ـ لەوەدا کـە دەیبینـین ـ ئـەو ڕاسـتییەی کـە هەیـە نامۆترە لەو ئەندێشەیەی کە وێناکردنی ئێمە دەیهێنێت، ڕاستیی کردەیـی بریتییـە لـە پریشـکێك لـە دانـایی خـودا لـە دروسـتکراوەکاندا، بـەڵام خـەیاڵ و ئەندێشـە درێژەپێدەری ڕاستییەکی زانراوە، کە بە زانستە کۆنەکەمان پـەرەی پـێ دەدەیـن، دەی ئەو خەیاڵەی ئێمە کە ڕاستییەکەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە لە زانیاریمان بە شێوازە ئادەمیزادییەکەمان لە کوێی دروستکراوە خوداییە گەورەکەدایە؟

سروشت لە ناخیدا وا گونجێنراوە کـە شـتی نـوێ و بەسـوود ببەخشـێت، مانـای زیاتر بدات بە هەر کەسێك بتوانێـت بـە شـێوازێکی ژیرانـە پێکهاتـەکانی ڕێکبخـات، بەڵکو دەبێتە مەترسی و وێرانکاری وخراپە گەر بە نەزانی و شەڕانگێزی ڕێکخرا. لە بونیادی خۆیدا بەپیتیی ڕۆڵی خۆی و ڕاگرەکانی هێزی خۆی هەیـە، بـە شـێوازێکی ماددی بـوونی هەیـە و بوونیشـی بـە هاوئاهـەنگی ڕێبـازە مەعنەوییەکانیەوەیـە کـە دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکان و گونجاوی یاسا مەعنەویـەکانی کـە گۆڕانکارییـەکانی بەڕێوە دەبات، ئەم بوونەش ڕەگەزەکانی پێگەشتن و ناکۆتایی لەخۆدەگرێت.

ئەمەش بەوە دەریدەبڕین کە سروشت وەك ماددە بـوونی هەیـە، وەك کۆمـەڵێك یاسـا بـوونی هەیـە کـە گۆڕانکارییـەکانی ئـەم ماددەیـە بـەڕێوەدەبات، گونجـاوی و

تــەواوکاری لــە نێــوان ماددەکــانی و یاســا ڕێککەوتووەکانیــدا هەیــە کــە بــوون و گۆڕانکارییــەکانی بــەڕێوەدەبات، ماددەکــانی بوونیــان هەیــە و هەســتپێکراون و لــە بۆشاییدا هەن. یاسا هاوئاهەنگەکانیشی بوونیان بەپێی واتاکانیان هەیە و ئــەنجامی کاریــان لــە گــۆڕانی ماددەکانــدا و لــە جیهــانی بــیر و واتاکانــدا بوونیــان هەیــە، شوێنەوارەکانیان جیهانی ماددە و بۆشایی بەڕێوەدەبات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین زانست چەند ئاستێکی هەیە، ئاستی یەکەمی بریتییە لــە زانیارییــەکی ســەرەتایی وەســفیی بــۆ بوونــە بەرجەســتەکان، زانیــاری لــە ئاســتی دووەمدا بریتییە لە زانیاری لۆجیکی کە باسی یاساکانی سروشت و عــەقڵیبوونیان و گۆڕانکارییەکانیان دەکات.

ئەم بوونە سروشــتییە هاوئاهەنگــە ڕەگــەزەکانی کــارلێکی ژیرانــە لەگــەڵ خــۆی هەڵگرتووە، کە دەتوانێت ببێتە سوود و واتا و خێر و پێشکەوتن و بواری داهێنەر و بونیادنەر، دەتوانێت ببێتە زەرەر و زیان و خراپە و تیاچوون، هەر ئادەمیزادە ئــەو خاوەنژیریەیە کە لەگەڵ بوونە ماددییەکەدا کارلێك دەکات، هــەروەها لەگــەڵ بوونــە هزرییەکەدا لە لۆجیکیی لایەنەکانیدا، هەر بۆیە ئاستی ســێیەم پەیــدابوو لــە دانــایی بەکارهێنانی ڕێساکانی و گونجاویی ماددەکانی لە ڕووی واتا و سوودەوە.

زانینی وەسفی (المعرفة الوصــفية) بــە هــەڵێنجانی زانیــاری لــۆژیکی لێــی نــرخ و بەهای بۆ دروست دەبێت، داناییش بەدوای زانیاری لۆژیکیدا دێت، بێگومان داناییش بە مانای کردار دێت، بە واتای کاری چــاك. پاڵنــەرەکــانی هــەموو کــارێکیش دانــایی نییە، بەڵکو کەمێك لە کار بە دانایی بەڕێوە دەبرێت، کاری بێداناییش زۆرن. کــاری دانایە کە گۆڕانکــاریی دانــای لێــوە پەیــدا دەبێــت، هــەموو کارێــك گۆڕانکارییــە، وە گۆڕانکاری دانایانەش ئەوەیە کە بەرەو خێر و بەرەو باشی و باشــترین دەجووڵێــت. گەورەیی داناییش لوەدایە کە بە مانای ئەو کردەوە سوودبەخشانە دێت کە زانیاری لۆژیکی بۆ بەرژەوەندی ئادەمیزاد بــەکار دەهێنێــت. ئــادەمیزادیش ئەوەیــە کــە بــە

دانایی هەوڵ دەدات کە ویژدانی ئاسوودە کات و سوود بە خەڵکی بگەیەنێت و خودا ڕازی بکات.

ئەم بازدانە گەورەیەی نێوان بێگیان و ڕووەك بریتییە لە بازدانی ژیان، ئەم هەڵبژاردن و جیاکردنەوەیەی ئادەمیزاد لە ئاژەڵ بەهۆی فەزڵ و گەورەیی ژیرییەوەیە، ئەو ژیرییەی کە هەستی بە ناوەکان کرد و بەهۆیەوە توانای بوو بەسەر هەموو جۆرەکانی زانیاریدا و داوای هێنانەدی ویژدانی کرد.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ [الإسراء: ٧٠]. واتە: (بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە و بەسەر وشکانی و دەریاوە هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی چاك و جۆراوجۆر پێمان بەخشیوە و بە ڕاستی ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەی دروستمان کردوون).

## ئەو مولحیدانەی پشتیان بە زانستە سروشتییەکان بەستووە:

ڕەنگە گرنگترین شت کە زانستی تاقیکاری لەم سەدەی کۆتاییدا ئەنجامی دابێت بریتی بێت لە پەرەسەندنی بیردۆزی پێکهاتەی ماددە، ئەوەش بەدوایدا هات لە دەرکەوتنی وزەی ئەتۆمی و دەرکەوتنی بیردۆزی ڕێژەیی و میکانیکی چەندێتی، پاشان پەرەسەندنی زانستی کۆرپەلەزانی، لەسەرووی ئەوانەشەوە دەرکەوتنی هاوشێوەکانی گەیەنەرەکان و ئەوەی بەدوای خۆیدا هێنا لە شۆرشی پەیوەندییەکان و نەوەکانی کۆمپیوتەری خۆکار، لە کۆتاییدا گەیەنەرە بێ بەربەستەکان، لە هەموو ئەم بابەتانەدا لێکۆڵینەوە لەوپەڕی ئاستیدا هەر بەردەوامە، تا ئێستاش نەزانراوەکان زۆرترن لە زانراوەکان، بەڵام زانیاری بەم تاکەوشانە زۆر یارمەتی مرۆڤایەتی دا لە دەستکەوتەکاندا کە مۆرکێکی جیاوازی بە سەردەمەکەمان داوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە زانستە تاقیکارییەکان کاریگەری ڕوونیان لەسەر شێوازی ژیان و ئاسانکردنی ڕێگاکانی ژیان هەیە، بەڵام ڕەنگە هەندێکی تووشی لەخۆباییبون کردبێت، کە خۆیان بە گەورە دادەنێن و دەست دەکەن بە هێرش بۆ سەر ئایین بە گومانی ئەوەی ئەم زانستە بنەمایەکی تەواوە بۆ ڕاڤەکردنی ئایین، بەڵکو هەندێکیان گەیشتوونەتە ئاستی پشتگوێخستنی ئایین بە پاساوی ئەوەی کە زانستە سروشتییەکان بەسن بۆ بەڕێکردنی بوون و زانینی و هیچ پێویستییەك بە پشتبەستن بە سەلمێنراوە ئایینییەکان نەماوە.

ئەم لۆجیکە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، چونکە لە هەناوی ئامێری میکانیکی بووندا ون بووە و بە جووڵە هاوئاهەنگەکانی سەرسام بووە و خەڵەتاوە بەوەی کە خودا بەخشیویەتی لە توانای زانینی یاسای کارەکانی و ناوی هۆکارەکانی و جێگیرییان، بۆیە گومانی وابوو کە دەسەڵاتی کارەکەی هەیە و نهێنی و کۆتاییەکانیان دەزانێت.

ئەگەر بڕوانینە بیرکردنەوەی مولحیدەکان دەبینین کە سیستمی گەردوون و لۆجیکی و هۆکاری ڕووداوەکانی بە بنەما دادەنێن تا بیکەن بە کۆی ڕاستییەکە بەبێ بوونی هیچ بەدیهێنەرێك بۆی، ئەمەش هەڵەیەکی بنەڕەتییە لە بنەمای بیرکردنەوەکە، چونکە ئەو ڕێکوپێکییە ناوازەیەی لە گەردووندا هەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئامانج و ڕۆڵی هەیە و جێگیری یاساکانیشی بەڵگەن لەسەر ئەوەی بوونێکی نادیارە و لە چاوەڕوانی ئادەمیزادێکدایە کە بیزانێت و لەگەڵیدا کارلێك بکات، هەر بۆیە ئەو بوونی هەیە و ئامانجێکی وێنەبۆکێشراو و تایبەتمەندییەکی ویستراوی هەیە، هەروەك چۆن دەڕوانین بۆ ئۆتۆمبێلێك و دەبینین کە پارچەکانی پەیوەندیدار و لەگەڵ یەکگونجاون، هەریەکەیان کارێکی دیاریکراوی خۆی هەیە کە دەبێتە ئەنجام، یان هۆکار، یان هاوکار لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا، بێگومان ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێل بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و ویستراو هەیە

کـه بریتییـه لـه گواسـتنەوەی بارەکـان لـە ئـادەمیزاد و کەلوپـەل بـۆ مـاوەی دوور بەخێراییەکی زۆر. لۆجیکیبوونی پارچەکانی ئۆتۆمبێل جەخت لەسەر لێهاتوویی ئەو ئەندازیارە دەکاتەوە کە دروستی کردووە و بەڵگەیـەکی ئاشـکرایە لەسـەر بـوونی و تایبەتمەنـدبوونی ژیرییەکـەی، خـۆ ئەگـەر بەشـەکانی ئۆتۆمبێلەکـە خـۆی خـۆی بەدیبهێنایە و بوونەکەی ڕێکبخستایە ئەوا وادەزانم کـە هـەر بەشـێك لەوانـە هـەوڵی دەدا کارەکەی و شێوازەکەی ئەو ئامانجە سەرەکییەکە بێـت و لـە هاوکاریکردنیـان بۆ یەك پێك نەدەهات بۆ مەبەستێکی سەرەکی بەرزی پێشکەوتووی ئامانجدار.

ئەگەر سەیری هەڵوێستی ئـادەمیزاد بکـەین دەربـارەی زانسـتە تاقیکارییـەکان، دەبینین ئەم ئادەمیزادە سەرەتاییەیە کە لەناکاو ئەم ئامێرەی بینیوە کـار دەکـات سەرسام بـووە پێـی و دەسـتیکردووە بـە دۆزینـەوەی نهێنییـەکانی بـۆ خـۆی، کـە پارچــەکانی دەبینێــت دەجووڵێتــەوە، گومــان دەبــات شــەیتانێکی نــەفرینکراوە دەجووڵێتەوە و وێرانکاری دەکات. خۆی خۆی دەجولێنێتەوە و یاسایەك بـەڕێوەی نابات، پاشان هێندەی پێناچێت تێبینی ئەوە دەکات کـە جووڵەکـەیان ڕێکخـراوە و چەندین پەیوەندی لە نێوان بەشەکانیدا هەیە و بەشەکانی بەڕێکەوت بەدینەهاتوون ململانــێ لەگــەڵ یــەك بکــەن، بــەڵکو تــەواو و یــەکگرتوو و ویســتراون، دەزانێــت خولانــەوەی زەیتەکــەی کــە لــە بۆرییەکانــدا دەجولێتــەوە ئامــانجێکی هەیــە و بەهەڵەشەیی و بێسەروبەری ناڕوات، بەڵکو جووڵەی بەشەکانی دیکە ئاسان و سووك دەکات. زۆری ناوێت تا ئەو لێکۆڵەرە چەند کارێکی دیکەی هەر بەشێك بدۆزێتـەوە، تا بزانێت سیستمێکی تەواوە، ئەگەر کەسێکی بەئینساف بێت بـۆی دەردەکـەوێت کە بەدیهێنەرێکی هەیە، ئەگەر لە نکۆڵیکارەکـان بێـت، ئـەوا دەڵێـت کـە بـۆ خـۆی ڕاستییەکە هـەر لـە خۆیـەوە بـووە. ئـادەمیزادیش هـەر وایـە لـە زانـینی سیسـتمی گەردوونیدا، ئەو ونبووە لە نێو هەناویدا و سەرقاڵە بـە لـۆژیکێتی سیسـتمەکەیەوە، هەر ڕۆژەی شتێکی نوێ دەدۆزێتەوە کە بۆچوون و بیرکردنەوەی پەرە پێ دەدات و

تێگەیشتنی دادەمەزرێنێت، تەنها سیستمێکی ویستراوە کە هەر کاتێك شتێکی نوێی لەبارەوە بزانێت سیستمێك و گونجاویەك و ئامانجێکی بەرزی تێدا دەبینێت. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ [آل عمران: ١٩١]. واتە: (پەروەردگارا تۆ ئەم دروستکراوانەت بێهودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاك و بێگەردی هەر شایستەی تۆیە، لە سزای دۆزەخ بمان پارێزە).

وشەی زانست (Science) بنەڕەتی زمانەوانیەکەی لە سەرچاوە لاتینی و عەرەبیەکەیدا مەعریفەیە. زانایان سەرەتای مێژووی زانستیان بە سەردەمی فیرعەونەکانی میسر داناوە، کە لەسەر ڕێبازی هەوڵدان و هەڵە و تاقیکردنەوە دەڕۆیشتن، پاشان فەیلەسووفە گریکییەکان دەرکەوتن، هەنگاوە گرنگەکان لە سەردەمی سوقرات دەستی پێ کرد کە ئاخاوتن و گفتوگۆی لەگەڵ گەنجاندا لە دالانەکانی ئەسینا دەکرد، پاشان ئەفلاتون و ئەرستۆ بەدوای ئەودا هاتن، لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسانی زانستەکان ئاماژە دەکەن بە کۆششی زانایانی موسوڵمانان و پێشینبوونیان لە خوێندنی فەلسەفەی سروشتی بە بەراورد بە پیاوانی ئایینی مەسیحی کە ئەم لایەنەیان بەتەواوی پشتگوێ خستبوو، بەڵکو دژایەتیشیان دەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە زانایانی موسوڵمانان لە زانستە سروشتییەکاندا پێشکەشیان کرد، لای مێژوونووسانی زانستەکان وەك ئاستی شایستەی خۆی دەرنەکەوتووە. لە ڕاستیدا هەر ئەوان دامەزرێنەری زانستن بە مانا نوێیەکەی، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لەسەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) دەڕۆیشتن.

مێژووی دەسپێکردنی زانستی نوێ بە هاتنی (ڕۆجۆ بیکۆن) و (فرەنسیس بیکۆن) و (دیکارت) دادەنرێت، بەشێوەیەك کە دڵنیابوونەوە لە بەهای تاقیکردنەوەی کردارەکی و بەکارهێنانی لۆجیك بۆ هەڵێنجانی هۆکارەکان، هەرچەندە سەرەتای ڕاستەقینەی زانستی نوێ – هەر وەك مێژوونووسە

ڕۆژاواییەکان باوەڕیان وایە – گالیلۆ پێشەنگی کردووە و ئیسحاق نیوتن دایمەزراندووە. ئیسحاق نیوتن لە سەدەی حەڤدەهەمدا کتێبە بەناوبانگەکەی پێشکەش کردین[1] بە ناوی (پرنسیپیا) (Principia)

" The Principles of National Philosophy" 

"بنەماکانی فەلسەفەی سروشتی " "أسس الفلسفة الطبيعية"

لە دانراوەکەیدا فەلسەفەی بیردۆزی میکانیکی بۆ گەردوونی بنیادنراو لەسەر چەند بنەمایەکی ماتماتیکی شیکردەوە، لە پێشەکی کتێبەیدا دەڵێت: "ئەم بەشە لە میکانیکی بنیادنراو لەسەر پێنج هەستەوەرەکە کە هونەری دەستی تیا بەکار دێت (دروستکردنی ئامرازەکان) ئەوانەی پێشوو سوودیان لێوەرگرتووە، بەڵام من لێرەدا گرنگی بە فەلسەفە دەدەم و گرنگی بە هونەر نادەم، لە بارەی دروستکراوە دەستکردەکان (ئەوەی میکانیکییانە دروستکراوە) نانووسم، بەڵکو لەبارەی هێزە سروشتییەکان و بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە هێزی کێشکردن و هێزە نەرمەکان و بەرهەڵستی شلەکان و وێنەی ئەوانە، چ هێزی ڕاکێشان بن، یان دوورکەوتنەوە، هەر بۆیە من ئەم کارە پێشکەش دەکەم وەك چەند بنەمایەکی بیرکاری بۆ فەلسەفە، کێشەکانی فەلسەفە هەموویان پشت بەوە دەبەستێت لە دیاردەی جووڵەوە تا لێکۆڵینەوەی هێزەکانی سروشت، لە هێزەکانی سروشتەوە بۆ دیراسەکردنی دیاردە جیاوازەکان".

نیوتن بیردۆزەکانی لە کتێبی یەکەم و دووەمدا پێشکەش کرد، بەڵام لە کتێبی سێیەمدا نیوتن بیردۆزەکانی لەسەر جیهانی ڕاستەقینە جێبەجێ کرد.

---

١ "Sir Isaac Newton's Mathematical Principles of Natural Philosophy ad his System of the World" Revined by Florian Cajori، University of California Press، Berkeley and Lts Antics، ١٩٦١.

له (پرنسیپیا)، نیوتن پشت دەبەستێت بە بنـەمای جیاکردنـەوە لـەنێوان هێـزە کاریگەرەکان لەسەر تەن، هێزی بڕوابوونی بـە ڕاسـتی ئـەم جیاکردنەوەیـە بـوو بـە بنەمایەك بۆ گرنگترین سێ یاساکەی، کە ئەویش یاسای دووەمـە، هەنـدێك بڕوایـان وایە کە یاسای دووەمی نیوتن بنەمای زانستی نوێیە.

نیـوتن یاسـای دووەمـی داڕشـت و وتـی: " گۆڕانکـاری لـە چـەندێتی جووڵـەدا هاوئاڕاستەیە لەگەڵ هێزی کارتێکەردا، بە ئاڕاستەی ئەو هێڵە ڕاستەیە کە ئەو هێزە کاری تێ دەکـات". نیـوتن لـە دەرەنجـامی (I)دا گرنگـی دەدات بـە شـیکردنەوەی مەبەستەکەی بە وشەی (ئەو هێزە)، چونکە بە مانای ئەو کارتێکردنە جیابووەوەیە لە هێزێك کە ڕەنگە لەگەڵیدا چەند هێزێکی کارتێکەری دیکە بوونیـان هـەبێت، ئـەم بناغەیــەش ئــەنجامی بنــەمای تــەریبیی لاکــانی هێزەکانــە، کــە ئــەویش پــاش گشتگیرکردنی دەگاتە بنەمای نیشاندەری هێزەکانی سەر خاڵێك (مضلع القوى)، کە زۆرێك لە بناغەکانی زانستی میکانیکا و فیزیا و ئەندازەی لەسەر وەستاوە.

نیوتن لە دەرەنجامی (I)دا دەڵێت: "ئەگەر لـە یەککاتـدا لـە لایـەن دووهێـزەوە کاریگەرییەك لەسەر تەنۆلکەیەك دانرا، ئەوا لـە تیرەیـەکی لاتـەریب دەجووڵێـت لـە هەمانکاتدا کە جووڵەکەی بەتەواوی لەسەر ئەو دوو لایە دەبێت کە تەریبە بـەم دوو هێزە لەکاتێکدا کە ئەم دووهێزە جیان لەیەکتر".

ئـەم جیاکردنەوەیـە لـەنێوان کاریگـەری هێزەکانـدا بنـەما بـوو بـۆ گەیشـتن بـە حسابکردنی دەرەنجامەکە ـ واتە ئەنجامی کـاری دوو هێزەکـە بەیەکـەوە ـ ئەمـەش ئەوەیە کە لە دواتردا بە کۆکردنەوەی ئاراستەیی (الجمع الاتجاهی) ناسـرا. نیـوتن ئەندازەی جووڵە وا پێناسە دەکـات کـە ئـەنجامی لێکـدانی بارسـتاییە لـە خێرایـی، ئەمەش چەمکێکی مەعنەوییە کە نیوتن پێشکەشی کرد و ئەم ناوەی پێ بەخشـی، پەیوەندی گونجاوی لە نێوانیدا و لەگەڵ هێزی کارتێکەردا دروست کرد.

بـەم شـێوەیە دەبیـنین کـە بـیری نیـوتن پوخـت دەبێتـەوە لـە جیاکردنـەوەی کاریگەری هێزەکان و جیاکردنەوەی ناولێنراوی نوێ (بڕی جووڵە)، چونکە ڕۆڵێکـی مەعنەویان هەیە لە پەیوەندی جووڵە بە هێزەوە.

پێش نیوتنیش بە چەند سەدەیەك زانایانی موسـوڵمانان چـەند توێژینەوەیـەکی گرنگیان لە جووڵەی تەنەکاندا پێشکەش کرد، ئـەوەتا حەسـەنی کـوڕی هەیسـەم[1] ئاماژەی داوە بە شتێك کە ناوی نـاوە (هێـزی جووڵـە) کـە هاوشـێوەی بـڕی هێـزە لەلای نیوتن. ئیبن هەیسەم دەڵێت: "... والمتحرك إذا لقـي في حركتـه مانعًـا يمانعـه وكانت القوة المحركة له باقية فيه عند لقائه الممانع، فإنه يرجع مـن (حيـث) كـان في الجهة التي منها تحرك... وتكون قوة حركته في الرجوع بحسب قوة الحركة التي كـان تحرك بها الأول وبحسب القوة الممانعة... لأن الحركـة المكتسـبة إنمـا تكـون بحسـب مقدار المسافة وبحسـب مقـدار الثقـل". واتـە: (... ئەگـەر جـووڵاو لـە جووڵانەکەیـدا تووشی بەربەستێك بوو کـە ڕێگـری لـێ بکـات و هێـزە جووڵێنەرەکـەی تێـدا مـابوو لەکاتی گەیشتنی بە بەربەستە کە، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو لایەی کە لێیەوە جووڵاوە... هێزی جووڵەکەی لـە گەڕانـەوەدا بـەپێی بـڕی هـەمان ئـەو هێزەیـە کـە یەکـەمجار پێـی جـووڵاوە و بـەپێی هێـزە بەربەسـتەکەیـە، چـونکە جووڵـەی دەسـتکەوتوو بـە تـەنها بـەگوێرەی ئەنـدازەی دوورییـە و بـەگوێرەی ئەنـدازەی قورسییەکەیە). ئەوەی لە دەقەکەی ئیبن هەیسـەم وردبێتـەوە ئامـاژەی یاسـاکەی دووەمی نیوتنی تێدا دەبینێت.

ئەبوبـەرەکات، هیبـەتوڵڵا کـوڕی مـەلکای بەغـدادی لـە کتێبـە بەپێزەکەیـدا لـە حیکمەتدا دەڵێت: "وكل حركة ففي زمان لا محالـة، فـالقوة الأشـدُ تحـرّك أسـرع، وفي زمان أقصر، فكلما اشتدت القوة ازدادت السرعة، فقصر الزمان، فإذا لم تتناه الشـدة

---

[1] أحمد فؤاد باشا: (العلوم الكونية في التراث الإسلامي). مجلة الأزهر، شهر رمضان، ١٤١١هـ.

لم تتناه السرعة، وبذلك تصير الحركة في غير زمان وأشد، لأن سلب الزمان في السرعة نهاية ما للشدة". واته: (بەدڵنیاییەوە هەموو هێزێك لە كاتێكدایە، هێزی توندتر خێراتر و لە ماوەیەكی كورتتردا دەجووڵێت، تا هێزەكە توندتر بێت خێراییەكە زیاتر دەبێت و كات كەمتر دەبێت، ئەگەر توندییەكە بێكۆتا بوو، ئەوا خێراییەكەش بێكۆتایە، بەوەش جووڵە دەچێتە دەرەوەی كات و توندترە، لەبەر ئەوەی دەرهێنانی كات لە خێراییدا كۆتایی توندییە). لەم دەقەشدا بەهەمان شێوە ئاماژەی یاسای دووەمی نیوتن دەبینیت پێش ئەوەی بە چەند سەدەیەك پێشكەش بكرێت.

هەروەها پێشەوا فەخرەددینی ڕازی لە كتێبی (المباحث المشرقية في علم الإلهيات والطبيعيات)دا دەڵێت: "الحلقة التي يجذبها جاذبان متساويان حتى وقفت في الوسط لا شك أن كل واحد منهما فعل فيها فعلا معوقا بفعل الآخر، ثم لا شك أن الذي فعله كل واحد منهما لو خلي عن المعارض لاقتضي انجذاب الحلقة إلى جانبه..". واته: (ئەو بازنەیەی كە دوو ڕاكێشەری یەكسان ڕای بكێشن تا لە ناوەڕاستدا دەوەستێت، بێگومان هەر یەكێك لەو دووانە كارێكی تەگەرەی بۆ كارەكەی دیكە دروستكردووە، پاشان بێگومان ئەوەی هەر یەكێكیان كردوویانە ئەگەر بەرگریكاری لەسەر نەبووبێت، ئەوا بووەتە هۆی ڕاكێشانی بازنەكە بەلای خۆیدا). بەڵێ، ئەوە بنەمای جیاكردنەوەی نێوان كاریگەری هێزە كارتێكەرەكانە كە نیوتن لەدواتردا پێشكەشی كرد.

ئەوەش زانای گەورە ئیبن سینایە لە كتێبەكەیدا بە ناوی (الشفاء ـ الطبيعيات)دا دەڵێ: "وليست المعاوقة للجسم بما هو جسم، بل بمعنى فيه يطلب البقاء على حاله من المكان أو الوضع وهذا هو المبدأ الذي نحن في بيانه". واتە: (لەجووڵەخستنی تەن بەهۆی ئەوەوە نییە كە تەن بێت، بەڵكو بەهۆی واتایەكە تێیدا كە وایلێدەكات لەسەر دۆخەكەی لە شوێن یان بارودۆخەكەیدا بمێنێتەوە... ئەمەش ئەو بنەمایەیە

که دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە). بەراورد بکە لەنێوان ئەم وتەیەی ئیبن سینا و وتەکەی نیوتن لە یاساکەی یەکەمیدا کە دەڵێت: "يبقى الجسم على حالته من حيث السكون أو الحركة المنتظمة في خط مستقيم مالم يؤثر عليه مؤثر يغير من حالته، وهذا المؤثر يسمى قوة". واتە: (تەن لە دۆخی خۆیدا لە جووڵەی ڕێکدا لەسەر هێڵێکی ڕێك و وەستاندا دەمێنێتەوە مادام شتێك کاری تێنەکات، ئەو کارتێکەرەش بە هێز ناو دەبرێت).

بنوارە بۆ ئەو قسەیەی حەسەنی کوڕی ئەحمەدی هەمەدانی کاتێك دەڵێت: "فمن كان تحتها ـ أي تحت الأرض عند نصفها الأسفل – فهو في الثبات في قامته كمن فوقها، ومسقطه وقدمه إلى سطحها الأسفل كمسقطه إلى سطحها الأعلى وكثبات قدمه عليها، فهي بمنزلة حجر المغناطيس الذي تجذب قواه الحديد إلى كل جانب". واتە: (هەر کەسێك لە ژێرەوە بێت ـ واتە لە ژێر زەویەوە بێت لەلای نیوەکەی خوارەوەی ـ ئەوا لە جێگیریدا لە وەستانیدا وەك ئەوکەسە وەهایە کە لە نیوەی سەرەوەیدایە لە وەستان و جێگیری پێکانیدا، وەك بەردی موگناتیس وایە کە هێزەکەی ئاسن ڕادەکێشێت بۆ هەموو لایەك).

لەکاتێکدا ئێمە لە کۆتایی سەدەی بیستەمداین، لەگەڵ ئەوەشدا لە زانستی تەقاندن و بزوانتندا (زانستی بالیستیك) لەوە زیاترمان دەست ناکەوێت کە هیبەتوڵڵای بەغدادی وتوویەتی[1]: "....فكذلك الحجر المقذوف فيه ميل مقاوم للميل القاذف، إلا أنه مقهور بقوة القاذف، ولأن القوة القاسرة عرضية فيه، فهي تضعف لمقاومة هذه القوة والميل الطبيعي ولمقاومة المخروق.. فيكون الميل القاسر في أوله على غاية القهر للميل الطبيعي، ولا يزال يضعف ويبطئ الحركة ضعفاً بعد ضعف وبطئًا بعد بطء حتى يعجز عن مقاومة الميل الطبيعي، فيغلب الميل الطبيعي فيحرك

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

إلى جهته". واته: (... به هەمان شێوە، بەردی هەڵدراو خواستی بەرگری بۆ خواستی فڕێدەر تێدایە، بەڵام ناچارکراوە بە هێزی فڕێدەرەکە، لەبەر ئەوەی هێزە زۆرلێکەرەکە تیایدا پەیدا بووە و ئەسڵی نییە تێیدا، هەر بۆیە لاواز دەبێت بەهۆی بەرگری ئەم هێزە و خواستە سروشتییەکە و بۆ بەرگری ئەوشتەی بەناویدا دەڕوات.. بۆیە خواستە زۆرلێکەرەکە لە سەرەتاوە لەوپەڕی زۆرلێکردندا دەبێت بۆ خواستە سروشتییەکە، بەردەوام لاواز دەبێت و جووڵەکە سست دەبێت، لاوازبوون لەدوای لاوازبوون و سستبوون لەدوای سستبوون، تا وای لێ دێت توانای بەرگریکردنی خواستە سروشتییەکەی نابێت، ئەو کاتە خواستە سروشتییەکە زاڵ دەبێت و بۆ لای ئەو دەجووڵێت).

مێژوو زۆرێك لە زانایانی ڕیزی دووەمی پێناساندین کە پاڵپشت بوون بە یاساکانی نیوتن تا ڕوو بکەنە بێباوەڕی (إلحاد)، کە بڕوایان وابووە ئەم تێگەیشتنە و ڕاڤەکردنەی سیستمی گەردوون ئایین پووچەڵ دەکاتەوە، چونکە وا لە ئادەمیزاد دەکات بتوانێت پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتوو بکات کە ڕاست و دروستییان سەلمێنراوە. لە نموونەی ئەو زانایانەش (لاپلاس)ە کە هاوچەرخ و هاوسەردەمی ناپلیۆن بووە و گرنگیی بە سیستمی خۆری دەدا و چۆن هەڵسوکەوتەکانی دەرەنجامێکی سەپاوی یاساکانی نیوتن بوو. لاپلاس هاوکێشە بەناوبانگەکەی کە بە ناویەوە ناونرابوو پێشکەش کرد بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرێك لە دیاردە فیزیکییەکان. یەکێکی دیکە لە فەیلەسوفە مولحیدەکان فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت) بوو کە وتی[1]: "ايتوني بالمادة وسوف أعلمكم كيف يخلق الكون منها !". واتە: (ماددەم بۆ بهێنن پێتان دەڵێم چۆن گەردوونی لێ دروست دەبێت). زانای بایۆلۆجیش (هیگڵ) وتی: "إنني أستطيع خلق الإنسان لو توفر الماء والمواد الكيمياوية والغذاء". واتە: (من

[1] وحيد الدين خان، (الدين في مواجهة العلم). المختار الإسلامي، ترجمة: ظفر الإسلام خان، ط٢، القاهرة، ١٩٧٤.

دەتــوانم ئــادەمیزاد دروســت بکــەم ئەگــەر ئــاو و مــاددە کیمیاییــەکان و خــۆراکم لەبەردەستدا بێت". (نیچە)ی فەیلەسوفیش وتی: "ئێستا ئیتر خودا مرد".

ئەگــەر ئەمــە بــریتی بێــت لــە وتــەی ئــەو مولحیدانــەی کــە لــە ئیلحــاد و بێباوەڕییەکەیاندا پشتیان بە بیری نیوتن بەستبوو، دەبێت نیوتن خاوەنی پرنسیپیا خۆی چی وتبێت؟!. ئیسحاق نیوتن لەبارەی خۆیەوە دەڵێت[1]:

"I seem to have been only like a boy playing on the seashore, and diverting myself in now and then finding a smoother pebble or a prettier shell than ordinary, whilst the great ocean of truth lay all undiscovered before me".

واتە: (من خۆم زیـاتر وەك منـداڵێك دێتـە بەرچـاو کـە لـە کـەناری دەریـا خـەریکی یاریکردنم و جار جار ڕا دەبوێرم و خـۆم خـەریك دەکـەم بـە هەڵگرتنـەوەی بـەردی بچووکی ناسکتر، یان سەدەفێکی جـوانتر لەوانـەی دەوروبـەری خـۆی، لـە کاتێکـدا دەریای ڕاستی گەورە لە بەردەممدا لێڵ و ناڕوونە).

بەراوردی ئەم دۆخە دەکەین بە ئەو فەرموودەی خودای گەورە کە دەفـەرموێت: ﴿قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا﴾ [الكهف: ١٠٩]. واتـە: (پێیـان بڵـێ: ئەگـەر دەریـا هـەمووی مرەکـەب بێـت و زانست و زانیاری پەروەردگارمی پێ بنووسرایە، دەریـا تـەواو دەبـوو پـێش ئـەوەی زانست و زانیاری پـەروەردگارم تـەواو بێـت، ئەگـەر چـەندەها ئەوەنـدەی دیکـەیش دەریا بهێنین و بیانکەین بە مرەکەب).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [لقمان: ٢٧]. واتە: (خـۆ ئەگـەر بەڕاسـتی هەرچی درەخت هەیە لە زەویـدا ببنـە پێنـووس، دەریـاش چـەندەیە ببێتـە حـەوت

---

[1] New Standard Encyclopedia، Standard Educational Corporation Chicago، (١٩٧٦).

هێندە ـ ببێتە مرەکەب و زانست و نهێنیی دروستکراوەکانی خودا بنووسنەوە ـ ئەوا هێشتا زانست و زانیاری و فەرمانەکانی خودا تەواو نابێت، بەڕاستی خودای گەورە بە دەسەڵات و دانایە).

ئەوە ڕوونکردنەوەی ڕاستییە لەلایەن بەدیهێنەری ڕاستییەکانەوە وەك موعجیزە و ڕوونکراوە و بەرزتر لە وتەی مرۆڤە بیرمەندەکان، ئەوەتا دەریا بەس نییە ئەگەر بە هێندەی وێنەی ئەوانیش مرەکەب بهێنین، چەند گەورەیە کە نیوتن هەمان نموونە هەڵببژێرێت کاتێك خودای گەورە منەتی کردووە بەسەریدا بە پریشکێك لە زانست، وەك ئەوەی ڕاستی هانی بدات هەمان نموونە بهێنێتەوە.

ئەوەتا ئیسحاق نیوتن، خاوەنی هێزی کێشکردن کە چینی دووەمی زانایانی لە ڕاستی ئایین نابینا کرد، ئەو لە بەرانبەر ڕاستییە گەورەکەدا هەستی بە کزی خۆی و کەمی و بچووکی زانستەکەی کرد و خۆی وەك منداڵێك دەبینێت کە خەریکی گاڵتە و گەپە و پێگەیشتوویەك نییە کە توانای هەبێت قووڵ ببێتەوە لە ئۆقیانووس و دۆزینەوەکانی، هەر خودی ئیسحاق نیوتنە کە لە پێشەکی دانراوەکەیدا وتوویەتی: ئەو دەیەوێت لە ڕاستی و ڕاستەقینە نزیك ببێتەوە و لەوانەیە بیردۆزەکانی پێشەکییەك بێت بۆ زانینی شێوازی فەلسەفە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە ڕاستی.

پاشان هەر خودی ئیسحاق نیوتن کەسێکی شەرمن بوو، دەترسا لە بڵاوکردنەوەی دانراوەکەی، گەر هاوڕێکەی (ئیدمۆند هێلی) هانی نەدایە کە پێشکەشی کرد بۆ کۆمەڵەی شاهانە و دواتر زانایانی سەردەمی خۆی هانیاندا و پاڵیان پێوەنا بۆ بەردەوامبوون، لەسەرووی هەموویانەوە (ڕۆجەر کۆتس) پرۆفیسۆری گەردوون و فەلسەفەی تاقیکاری بوو، هەر ئەو بوو کە دانراوەکەی نیوتنی بڵاوکردەوە و پێشەکیی بۆ پرەنسیپیا نووسی، هەر ئەو بوو لە پێشەکیی پرەنسیپیادا وتی:

"He must be blind who from the most wise and excellent contrivances of things cannot see the infinite wisdom and Goodness of their Almighty Creator and he must be mad and senseless who refuses to acknowledge them"

واتە: (بەڕاستی نابینایە ئەو کەسەی ئەو ڕێکوپێکییە ناوازە پڕ داناییە ببینێت و فەزڵ و دانایی بێکۆتایی بەدیهێنەری گەورە نابینێت، وە شێت و نەزانە هەر کەسێك داننانێت بە نرخ و بەهای ئەم ڕێکوپێکییە ناوازەیەدا).

وەك ئەوەی ڕۆجەر کوتس پێشبینی ڕەفتاری ئەو گومڕا و لادەرانەی کردبێت کە دانراوەکانی نیوتن بە شێوازێك لێکبدەنەوە کە هیچکام لە خودی نیوتن و مامۆستاکەی مەبەستیان نەبوو. ئەو مولحیدانە گومانیان وابووە ئەم یاسایانە کۆتا ئەنجام و کۆتایی زانستە، بە لەخۆباییبوونەوە ئەم یاسایانەیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بەرانبەر ئایین دەم درێژ بکەن، هەروەك ئەوەی زانینی شتێك بریتی بێت لە هەموو شتێك، بریا زانیاریشی هەبوایە بە شتەکە، بەڵام تەنها زانیارییەکی کەمە بە ئەندازەی ئەو ئاوەی دەزوویەك لە ئاوی دەریا هەڵی دەگرێت.

کێ بەو بێباوەڕانەی وتووە کە ئەوەی نیوتن پێشکەشی کردووە دوا چارەسەرە، ئەوەتا کانت مرد و گەردوونێکی نوێی لەو هەموو ماددەیەی دەوروبەری پێشکەش نەکردین، هەرچەندە ئاو و ماددە کیمیاییەکان و خۆراکەکان فەراهەم بوون، هیگڵیش نەیتوانی تەنها ئادەمیزادێکمان بۆ دروست بکات.

ئەلبێرت ئەنیشتاین لە کتێبەکەیدا (تطور علم الفيزياء)[1] دەڵێت: "ئێمە ناتوانین بڕیار بدەین لەوەی شیکردنەوەیەکی کۆتایی هەیە بۆ سروشت کە بۆمان بڕەخسێت ڕۆژێك لە ڕۆژان پێی بگەین".

---

[1] A.Einstein، L.jnfeld، "The Evalution of Physics"، Simon ans Schuster، New York، ١٩٦٠.

ئیمامی غەزالیش دەڵێت: "بە ڕاستی ئێمە ئەمڕۆ شتانێك دەزانین كە دوێنێ نەمان دەزانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەموو ڕۆژێك نەزانی خۆمان دەسەلمێنین، هەر بۆیە هەرگیز ناگەین بە ڕاستەقینەی كۆتایی". بەڵێ، بەڕاستی زانیاری كۆتایی لەسەر بوون بوونی نییە. ئەوانەش كە ڕۆچوون لە زانستدا هەست بە لاوازی زانستیان و كەموكورتی تێگەیشتنیان دەكەن و لە پەروەردگاریان دەترسن، خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ [فاطر: ٢٨]. واتە: (بە ڕاستی لە نێو بەندەكانی خودادا هەر زاناكان لە خودا دەترسن). هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لاَ تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ سُجَّدًا﴾ [الإسراء: ١٠٧]. واتە: (بڵێ: باوەڕ بە قورئان بهێنن، یاخود باوەڕی پێ نەهێنن، سەربەستن، بەڕاستی ئەوانەی پێشتر زانیارییان پێ دراوە چاك دەزانن كە ئەم قورئانە لەلایەن خوداوەیە، هەر بۆیە كاتێك ئایەتەكانیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە خۆیان پێ ناگیرێت سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دادەنەوێنن و كڕنووش بۆ نێرەری قورئان دەبەن).

لە ئایەتێكی دیكەدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُولُو الأَلْبَابِ﴾ [آل عمران: ٧]. واتە: (لێكدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە تەنها هەر خودا دەیزانێت، ئەو كەسانەی لە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بە هەموو ئەو ئایەتانە هەیە كە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشتی ئەوە، بەڕاستی جگە لە خاوەن ژیری و بیرەكان لەم قورئانە بیرناكەنەوە).

## ڕاگرەکان و بەرگریکارەکانی کاری جێنشین:

ئەگەر بێین چاو بخشێنینەوە بە مێژووی ئادەمیزاددا، دەبینین بەردەوام لە کۆششدا بووە بۆ تێگەیشتن لە دانایی خودا لە دروستکراوەکانیدا و بەکارهێنانی ئەم تێگەیشتنە بۆ بەکارهێنانی تاکەوشەکانی ئەم گەردوونە لە بێگیان و ڕووەك و گیانلەبەران بۆ سوودی خۆی تا ژیانی ئاسانتر بکات، هەر بۆیە هەموو ڕۆژێك شتێکی نوێ لەبارەی دروستکراوەکانی خودا تێدەگات و بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی شارستانێتییەکەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە هەڵی دەسەنگێنێت، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ هێزی خراپە و جوانییە هەڵخەڵەتێنەرەکانی دەجەنگێت کە دەیەوێت لەڕێگەی ڕاستی لای بدات، بە شێوەیەك کە بەکارهێنانی ژیری و زانیاری بە دروستکراوەکان وەها دەیخەڵەتێنێت تا ڕێگای وێرانکاری و خوێنڕشتن بگرێتە بەر.

بەم شێوەیە، بنەماکانی جێنشین کامڵ دەبێت، بەو عەقڵەی کە خودا پێی بەخشیوە لە نیعمەتی ژیریی جیاواز، کە خودا فەزڵی زانستنی دۆزەرەوەی پێ بەخشیوە، ڕاگرەکانی ئەم جێنشینییەشی بەوە دەگاتە لووتکە کە دژ بە هێرشەکانی ئیبلیس و نەوەکانی بوەستێتەوە، کە ڕێگا دەگرن لە بەکارهێنانی ویژدان و دانایی بەکارهێنانێکی زانستیانە، بۆیە پێویست بوو دژایەتی ئارەزووە بێبنەماکانی بکات و کۆشش لەگەڵ دەروونی خۆی و پەروەردگاری بکات بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ ئەو چاکەیە بدات کە لەناخیدا چێنراوە. بەو توانا سنووردارەمان لە تێگەیشتنی پریشکێك لە داناییەکانی خودا دەڵێین: ئادەمیزاد کار و کاردانەوەی بۆ فەراهەم بووە بەهۆی ڕاگر و بەرگرییەکانەوە، بۆیە لەسەری پێویست بوو کە ڕێگەیەك لەم دووانە دیاری بکات بۆ سەرکەوتن و زاڵبوونی.

بەڵێ، جێنشین پێویستە ئامادەبێت لە بەردەم ئەو کەسەدا کە کردوویەتی بە جێنشین، تا ببینێت چۆن هەڵسوکەوت بکات لەو شتەدا کە کراوە بە جێنشین

تیایدا، هەر بۆیە پێویستە بەرەنگاری فریودانەکانی لادان لە جێنشینی بکات کە بەرەو خراپە و بوختان دەیبات. جێنشینیش پێویستە کۆمەڵێك دەسەڵاتی هەبێت تا توانای بەجێگەیاندنی جێنشینیی هەبێت. ئەو توانای کاری ئەرکی جێنشینیی هەیە، ڕووبەڕووی ئەو کاردانەوەیەش دەبێتەوە کە بەرەنگاری جێنشینیەکەی دەبێتەوە، بێگومان کاری ئادەمیزاد لە زەویدا ڕوون نییە و هیچ مانایەکی نابێت بەبێ چەند بەربەستێك تا زاڵ ببێت بەسەریاندا، کەواتە بوونی کاردانەوە لە پێویستییەکانی جێنشینییە. لێرەدا ڕەنگە بیرۆکەی زانایانی میکانیکمان بەبیر بێتەوە کە وای دادەنێن هەموو خستنەگەڕێك بریتییە لە جووڵەیەك کە دژی بەربەستێکە، بۆ ئەوەی بە ئەنجامگەیاندن و بەجێهێنانێك هەبێت پێویستە بەربەستیش هەبێت.

بەدڵنیاییەوە خودای گەورە ئادەم و هاوسەرەکەی لە بەهەشتدا نیشتەجێ کرد، هەر خودای گەورە بوو دروستیکردن بۆ جێنشینی لە زەویدا، ئەوە ویستی خودایە کە ئادەم لە بەهەشتدا بژی پێش ئەوەی کە دابەزێت بۆ زەوی، لە دوای ئەوەی کە لەو دارەی خوارد کە خودای گەورە لێی قەدەغەکردبوو، چونکە ئادەم و حەوا لەسەریان نووسرا بوو بەهەشت بەجێبهێڵن بۆ ئەو زەوییەی کە شوێنی جێنشینییەکەیانە و خودا بۆ فریشتەکانی باس کردووە پێش دروستکردنی ئادەم. ئادەم و حەوا لە بەهەشت دابەزین بۆ زەوی، لەبەر ئەو هەڵەیەی لە زانستی خودادا بڕیاردراوە بۆیان، هەر بۆیە هەستیان بە بەرپرسیارێتیی سەرشانیان کرد.

هەروەك پێشتریش باسمان کرد، ئێمە تێدەگەین نیشتەجێکردنی ئادەم و هاوسەرەکەی لە بەهەشتدا پێش ئەوەی دابەزن بۆ زەوی وەك تەواوکاری فێرکردنیان و پڕچەککردنیانە بە چەکی ژیریی و زانست، چونکە هەر کەس بەهەشتی بینیبێت و تیایدا نیشتەجێ بووبێت و تیایدا ژیابێت بە دڵنیاییەوە دەبێت هەست بەو گەورەیی و دانایی و ناز و نیعمەتانە بکات کە خودای گەورە

دروستیکردوون وەك تاج لەسەرنانێك و خەڵاتکردنێك بۆ بەندە دڵسۆزەکانی، هەر بۆیە ئەم نیشتەجێییە لە ژێری ئادەم و هاوسەرەکەیدا بوو تا کاتێك کە دادەبەزن بۆ زەوی ئەو جیاوازییە گەورەیە بەرجەستە و بەرچاوە هەست پێ بکەن و لێکی جیا بکەنەوە، ئەو کات بەهەشت لە ژێرییاندا و لە ژێری نەوەکانیاندا ببێت بە چرایەك و ڕۆشناییەك کە بە هۆیەوە زەوی بە نزم و لە خوارەوە ببینن و هەوڵی تێدا بدەن تا وای لێبکەن ئاسانتر و بەهای گەورەتر بێت. زەوی هەر چەندێك ژێری ئادەمیزادیش هەوڵی تێدا بدات لە کوێدایە بە بەراورد بە بەهەشتی نەبڕاوە و هەمیشەیی؟ بۆیە ئادەمیزاد دەستیکرد بە کۆشش بۆ تێگەیشتنی بوون و بەکارهێنانی بۆ سوودی خۆی، ئایا چ گومانێك ببەین بە کاری کەسێك کە ناوەکان فێر بووە و نیشتەجێی بەهەشت بووە کاتێك دادەبەزێت بۆ زەوی! بێ هیچ گومانێك، پێویستە شارستانێتییەکی تێدا بنیاد بنێت کە شایستە بێت بە جێنشینیی، کۆشش ناوەستێت و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و هەوڵدانی ئادەمیزاد تیایدا تەواو نابێت، ئەمە لە کوێی ئەو بەهەشتە هەمیشەییەدایە کە بۆ پارێزکارەکان ئامادە کراوە؟ بەو دەستەواژەیەی کە ئێمە بەپێی ئاستی خۆمان تێی دەگەین دەڵێین: نیشتەجێبوون لە بەهەشت وەك بەشێکی پراکتیکی و کرداری وابووە تا ئادەم ڕاهێنانی تێدا بکات لەسەر چڵەپۆپەی ناز و نیعمەتەکان و چڵەپۆپەی کەماڵ و پێگەشتن بزانێت و بەشێوەیەکی لێ بێت کە هەرچی لە زەویدا دامەزرێنێت و جێبەجێی بکات قایلی نەکات، هەر بۆیە ئادەمیزاد لە ئامادەکردنی تاکەوشەکانی سروشت لە دەوروبەری خۆی بۆ سوودی خۆی ناوەستێت، چونکە ژێرییەکەی کە لە ئادەم و حەواوە ــ سەلامی خودایان لەسەر بێت ـ بۆی ماوەتەوە، ئەو عەتر و جوانییەی لە بەهەشتدایە لەسەرووی هەموو جوانی و ناوازەییەکانەوەیە. بەڵێ زانستمان دربارەی زەوی و شارستانێتیمان لەسەری کارێکە کۆتایی نایەت، وامان لێ هاتووە بە هەموو داناییەکەوە بڵێین "هەر چەند فێر ببین ئەوەندە نەزانین"،

چونکە زانست کانییەکە، هەر کاتێك لێی هەڵێنجین زیاد دەکات و هەر کات نوێ بزانیت ئەو کات هەست دەکەیت کە پێویستت بەوە هەیە زیاتر فێر ببیت لەوەی کە دەیزانیت، هەر زانایەکی بیرمەند و ژیر بهێنیت دەڵێت: "زانستی تەواو و کۆتایی بە بوون، بوونی نییە". گەردوون هەروەك پێشتر باسمان کرد خودای گەورە بنەماکانی جێنشینیی ئادەمیزادی تێدا داناوە تا بتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ سوودی خۆی و بێکۆتا ملکەچی خۆی بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئەمە لایەنێکە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی نیشتەجێبوونی ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا، دەتوانین لایەنێکی دیکەی ئەم نیشتەجێبوونە بزانین، بەڕاستی شەیتان وەسوەسەی بۆ دروستکردن و لایدان لەو ژیانەی کە تیایدان. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ئیبلیس و هۆشیارکردنەوە لێی هەر لەسەرەتاوە، تا ئادەمیزاد گەورەیی ڕاسپاردەکە و سامناکی بەرپرسیارێتیەکە هەست پێ بکات، لە دوای ئەوەی لە درەختەکەیان خوارد عەورەتیان دەرکەوت و بە گەڵای دارەکان خۆیان دادەپۆشی.

خودای گەورە دابەزینی ئەوانی بۆ زەوی لە چارەیان نووسیبوو، بۆ کاتێکی گەورە بە پێوانەی ئادەمیزاد نەوە و زۆربوون و جێنشینیی لە زەویدا بۆ نوسیبوون. دەی زۆر دوورە بۆ مرۆڤێکی تەنیا لە زەویدا هەوڵ بدات جێنشین بێت و ئاوەدانی و شارستانێتیی تێدا بەرپا بکات و چاکە و خراپە لەیەك جیابکاتەوە، خودا بناسێت و بەندایەتیی بۆ بکات، پێویستە ئەم ئادەمیزادە زیاد بکات تا بەرپرسیارێتییەکە لەدوای خۆی بخاتە سەرشانی ڕۆڵەکانی و پەیامەکەی بزانێت، چونکە جێنشینە، وای لێهات ئادەم و حەوا هەست بە حەزی زۆربوون بکەن، ئەوەش ئەوەیە کە بۆیان دانراوە تا جێنشینی بکەن لە زەویدا، زۆربوونیش وای لێهات پەیوەست بوو بە شەرمنیەوە.

لەسەر بناغەی پەیبردن و تێگەیشتنە سنووردارەکەشمان دەڵێین: بەڕاستی چیرۆکی ئادەم (سەلامی خوای لەسەر) ڕەنگدانەوەی چیرۆکی ئادەمیزادە بەدرێژایی

تەمەنی بەشێوەیەکی گشتی. ماوەی نیشتەجێبوونی ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا ڕەنگدانەوەی سەردەمی بەڕائەت و پاکێتی منداڵییە بۆ ئادەمیزاد، وەك ئەوە وایە لە بەهەشت بێت، هەر کەس لەو تەمەنەدا بمرێت دەچێتە بەهەشتەوە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی خۆڕسکیدایە، پێگەیینی مرۆڤ و باڵغبوونی لە خواردن لە درەختەکە و دەرکەوتنی عەورەتیان دەچێت. لەو کاتەدا ئادەمیزاد ڕاسپاردەکە لەئەستۆ دەگرێت و هێزی چاکە و خراپە دەزانێت و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و دادەبەزێت بۆ زەوی کە ڕاستی و دەروون و هەست و ئارەزووەکانن و وایان لێ دێت کورت نابێتەوە لە ئارەزووی سێکسی بە تەنها، بەڵکو ئەوانە تێدەپەڕێنێت بۆ ئارەزووەکانی دەسەڵات و زاڵبوون و سەروەت و سامان.

بەم شێوەیە دانرابوو بۆ ئادەم کە داببەزێت بۆ زەوی، دوای ئەوەی ناوەکان فێربوو و دوای ئەوەی نیشتەجێی بەهەشت بوو و لە ناز و نیعمەتی خۆشگوزەرانی خودایی تێگەیشت، هەروەها لەدوای ئەو هەڵەیەی کە لێیەوە فێری بەرپرسیارێتی بوو و هێزی خراپەی ناسی کە لە کەمیندایە بۆی، ناخی برسی بوو بۆ چاکەکردن تا ئەو بەهەشتە بەدەست بهێنێت کە ناسیویەتی و بە ناز و نیعمەتەکانی ئاشنا بووە.

لەسەر زەویش ئادەمیزاد وەچەی خستەوە و نەوەکانی دەستیان کرد بە کۆشش بۆ ملکەچ پێکردنی سروشت بۆ ئەوەی وا لە ژیانیان بکات ئاسانتر بێت، ناوەکان ئامرازە ملکەچەکەیان بوو کە فێرکردنی خودایی پێی بەخشیبوون.

# بەشی چوارەم

# هەمووی ( کلها )

قورئانی پیرۆز دەفەرمێت کە خودای دانا و کاربەجێ ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کردووە، واتە زانستی ئادەم بە ناوەکان کاملە، هەروەك خودای گەورە فێری کردووە، ئەم تەواوییەش لە زانستی ناوەکاندا وامان لێ دەکات هەندێك خاڵی فیکری بخەینەڕوو کە لێرەدا باسیان دەکەین:

## هەموویان ( کلها ) لە توانای ناوناندا :

ناوەکان لە فێرکردنی خوداییدا بریتی نییە لە دەرخکردن و لەبەرکردنی خودی وشەکان بە زمانێکی دیاریکراو، بەڵکو فێرکردنی مانا و ناوەرۆکی ناوەکانە و پێدانی توانای ناونانە. ئادەمیزاد بە هەموو زمانەکانی ناو دادەنێت و بە قسەکردن و جیاکردنەوە و ناسین خەریك دەبێت پێیانەوە. خۆ لە هەموو زمانەکاندا ناوەکان بوونیان هەیە وەك هۆکارێکی ئاسان بۆ تێگەیشتن لەنێوان خەڵکیدا، وەك بنەمایەك بۆ زانینی دروستکراوەکانی خودا لە گیاندار و ڕووەك و بێگیان، تەنانەت ماناکان و بیرۆکەکانیش، ئەم هۆکارە بۆ هەموو خەڵکی بە جیاوازی ڕۆشنبیرییان و زانستیان و زمان و شێوەزاریان لەبەردەستدایە.

خودای گەورە هەمیشە توانای دانانی ناوەکانی بە ئادەمیزاد بەخشیوە هەر کاتێك نوێیەك لە جیهانەکەیدا دەربکەوێت کە پێویستی بە ناسینی و بەکارهێنانی بێت. گەلێك ناو لە بوارە جیاوازەکاندا دەرکەوتوون کە زانراوی نویٚ (مدرکات جدیدة) جیا دەکاتەوە لە ئامێری زانستی و ناوچەی جوگراف و واتای فیکری و هی دیکەیش. ئەوەتا سەردەمەکەمان ئەلیکترۆنی ناسی کە (تۆمسۆن) ئەم ناوەی بۆ یەکەی کارەبا دانا. ئەمریکا ئەو کیشوەرە نوێیەی ناسی کە (ئەمریکۆ فسبۆچی) دۆزییەوە و بە ناوی خۆیەوە ناوی نا. مووشەك و کۆمپیوتەری ناسی، بە هەمان شێوە نەست (لاشعور)ی لە ئادەمیزاددا ناسی. بەڵێ، خودا منەتی بەسەر ئادەمیزاددا کردووە بە توانای ناودانان و بە زاراوەکردنیان، بەڵکو گۆڕین و ڕاستکردنەوەیان، ناویان دەنێت بە ئەوەی لەسەری دەیبینێت لە ماددە و فیکر و کەسەکان و داهێنانەکان.

بەمەش تەواوکارییەکە لە زانستی ناوەکاندا بریتییە لە توانای ناونان و کارلەسەرکردنیان بە هەمیشەیی لە هەموو زمانێکدا و لەگشت کاتێکدا، وەك ئەوەی کە ئادەمیزاد سەرپشکی و دەسەڵاتی پیٚ بەخشرا بێت بۆ بەکارهێنانی ناوەکان، تا هەمیشە جیهانی زانستی پیٚ بناسێت، هەمووی بۆ ئەو بێت هەر کاتێك پێوستی پیٚ بێت و نرخیان بزانێت و هەوڵیان پیٚ بدات پێیان بۆ جیاکردنەوە و زانینی دروستکراوەکانی خودا. هەروەك پێشتر باسمان کرد کاتێك حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکرا، فریشتەکان ناوەکەیان لیٚ پرسی تا ئەندازەی زانستەکەی بزانن، وتی: حەوا؟ لەبەر ئەوەی لە شتێکی زیندوو دروست کراوە، کەواتە هەر ئەو ناوی ناوە و هۆی ناونانەکەشی بەو ناوە ڕوون کردووەتەوە.

## ( هەمووی ) لە فێربوونیاندا بە تەواوی:

بەڕاستی مرۆڤ بە تەواوی فێری هەموویان بوو، هەمووشیانی لەبەرکرد، هـەروەك ئەوەی ئادەمیزاد هەر لە بنەڕەتـدا ناوەکـان بزانێـت، هـەرکاتێك شـتێکی نـوێی بـۆ دەربکـەوێت لـە دروسـتکراوەکانی خـوادا نـاوە جێگیرەکـەی لـە زانسـتی خـوادا بـۆ دەدۆزێتەوە، لەو زانستە شاراوەیەی کە خودای باڵادەست پێی بەخشیوە، هەروەك ئەوەی ئادەمیزاد هەموو ناوەکان بزانێت، بەڵام هەموو تەمەنی دەژی لە دونیادا بـۆ ئەوەی هەندێك لە ئەم ناوانە لە ژیانیدا بەکار بهێنێت، لەوانەشە خۆی نـاوێکی نـوێ بۆ شتێکی نوێ مەزەندە بکات. لەڕاستیدا ناوەکە دێنێتەوە یادی و هەڵی دەبژێرێت بەوەی کە خودا بۆ ئەو نـاوەی لـە زانسـتەکەیدا دیـاری کـردووە، بـە هۆیـەوە نـاوە ڕاستەکە دەچەسپێت لە نەریتی ئادەمیزاددا کە لـە زانسـتی خـودادا دیـاریکراوە تـا خەڵکی بەکاری بهێنن، ئەوان بـە تـەواوی فێـری بـوون لـەلای خـوداوە، هەنـدێکجار خـەڵکی تەتەڵـە دەکـەن لـە دۆزینـەوە و پێـدانی نـاودا، بۆیـە دەیگـۆڕن و ڕاسـتی دەکەنـەوە، هەنـدێکجار ناوەکـە لـە ژیـانی خەڵکیـدا پەیـدا دەبێـت بـەبێ ئـەوەی لـەدایکبوونێکی دیـاریکراوی بـۆ دیـاری بکـەن، بـەڵام لـە کۆتاییـدا لەسـەر ئـەوە دەچەسپێت کە خودا دیـاری کـردووە و فێـری کـردوون، نـاوێکی سوودبەخشـە کـە لەگەڵ ناوەکانی دیکە یارمەتی یەکدی دەدەن تا دروستکراوەکانی خودا دەربڕن.

## هەموو ناوەکان فێربوو تا لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی داد پەروەرانە بێت:

ئادەم ناوەکان هەر هەموویان فێر بوو، ئەوە فێرکردنە تەواوەکەیە کە منەتێکـە لـە خـوداوە و فـەزڵ و گەورەییدانـە بـە ئـادەمیزاد وەك ڕێزلێنانێـك، بۆیـە زانسـتی ناوەکـان هـەر هـەموویانی خسـتە نێـو خـودی ئادەمـەوە، لێـرەوە دەتـوانین، بـە بیرکردنەوە سنووردارەکەمان، بڕوانینە دانایی خودا کە زانستی ناوەکانی بە تەواوی و بێکەموکووڕی داناوە وەك مادەسازی بۆ جێنشینەکەی لە زەویدا. ئەو جێنشینەی

که لەزەوی خوادا بە کارکردن و ڕێکخستن کۆشش دەکات، پێویستە کە ڕاهێنـراو و فێربوو بێت و ئامادەکراو بێت بۆ سروشتی ئەو کارە گرنگەی کە پەیوەستە پێیەوە.

پێشتر ڕوونمان کردەوە، ناوەکان دەروازەی ناسـینی بوونـە، فێربـوونی تـەواوی ناوەکانیش واتە پەیبردنی تەواو بە بوون، بەوەش ئادەمیزاد ڕێککەوتووە لە ناخیدا لـە ڕاسـتی هـەموو ئـەو بوونـەی دەوروبـەری، لەڕاسـتیدا تـەنها بەشـێك لـەو زانینـە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە کۆشش بکات لە ژیانیـدا، بـەڵام نـاخی بەتـەواوی پـڕە لــە ڕاســتیەکە، زانینێکــی تــەواو بــۆ تاکەوشــەکانی بــوون هەڵوێســتی لــە کاروبارەکانی دونیا بەڕێوەی دەبات. ئەو ڕێك کەوتووە لەگەڵ هەر هـەموو بووندا و خۆی پڕچەك کردووە و بۆ کێشەکانی، خۆی ئامادە کردووە و بە قووڵی هەستکردن بە زانست بڕیاری خـۆی لـە چـاکە و خراپـە دەدات، هـەموو وردەکارییـەکانی لەبـەر نەکردووە، بەڵام هێڵە گشتیەکان و جێگیرەکانی بوون دەزانێت، لێرەوە ویژدانی تێر دەبێت و بڕیاریشی نەگۆڕ و هەڵوێستیشـی هەڵبـژاردنێکی تـەواوی خۆیـەتی، ئـیتر لێپرسینەوە و نەمریی پاداشتیشی حەققە.

سوپاسی بێ پایان بۆ خودای دادگەر، کە بە زانسـتی تـەواوی ناوەکـان، منـەتی بەسەر ئادەمدا کردووە، هەر بۆیە هەوڵی مرۆڤ لە زەویدا ڕێگـەی ڕاسـتییە، چـاکە و خراپە بە ڕوونی لەیەك جیا دەکاتەوە، چونکە تاکەوشـەکانی بـوون هـەر هـەموویان لەلای ئەو ئاسانن، چونکە زانای هەموو پەنهانەکان ئەوەی فێرکردووە.

بەڵێ تەواوی و کەماڵی زانیاری فەزڵێکی گەورەیە، با بۆ ئەو بابەتە نموونەیـەکی سادە بهێنینەوە: وای دابنێ منداڵێکی بچووك پیتـەکانی زمـان و هەنـدێك لـە وشـە سادەکانی لەبەرکردووە، دەمانەوێت کە تاقیکردنەوەیـەکی بکـەین و تیایـدا ئاسـتی وەرگرتنی هەڵبسـەنگێنین، بـەڵام ئـەو منداڵـە لـە مانـای تاقیکردنـەوە و مەبەسـتی تاقیکردنـەوە تێناگـات. بەدڵنیاییـەوە ئـەم منداڵـە نازانێـت مانـای فێـڵ و گـزی لـە تاقیکردنەوە چییە و جیـای ناکاتـەوە، بـە نـەقڵ کـردن بێـت لـە کتێبەکـە، یـاخود

پرسیارکردن له چاودێریکەرانی تاقیکردنەوەکە، نازانێت کە گزی کارێکی خوازراو نییە و خراپە، ڕەنگە سەری سوڕبمێنێت گەر لەسەر گزی لە تاقیکردنەوەکەدا سزا بدرێت، چونکە سنوور و ئەندازەی ئەو کێشەیە نازانێت کە باسی دەکات، هەر بۆیە ویژدانی ساز و کامل نییە بە تاکەوشەکانی ئەو دۆخە تا هەڵوێستێکی بەرپرسیارانەی هۆشیارانە بگرێتە بەر.

بێگومان ئێمەی نەوەی ئادەمیزادیش چاکە و خراپە بە ڕوونی دەزانین، کەواتە ئادەمیزادی ژیری پێگەیشتوو بێئابڕوویی و چاکە دەناسێت، جا کەسێکی نەفام بێت، یان هەژار، ڕەشپێست بێت، یان سپی بێت، هەر چۆنێك بێت، لە عەقڵ و هۆشیدا بیری بوون و حەقیقەتی بوون کامڵ دەبێت، هەر بۆیە گونجاوە لەگەڵ ئەو واقیعی پان و بەرینی دەوروبەری، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ببێتە جێنشین لە زەویدا، ئەو خاوەنی هەموو ناوەکانە ، واتە سەرجەم وشەکانی بوون دەناسێت، بۆیە هەڵوێستی ئەو لە کاروباری ئەم دونیایە هەڵوێستێکی کۆتاییە کە نیشانەیە لەسەر ڕێبازەکەی، خاوەنی هەڵبژاردنی ئازادانەی تەواوی ئەو بڕیارەیە کە پێی ڕازییە، وشەکانی ئەو پرسە بەتەواوی دەزانێت، بەوەش شایستەی جێنشینی بووە، بۆیە دەبێت لێپرسینەوەیەی لێ بکرێت، ئەگەر لە چاکەکاران بێت پاداشت وەردەگرێت، ئەگەر لە گومڕایان بێت سزا دەدرێت.

خودای گەورە لە سوورەتی (غافر)دا دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ لاَ ظُلْمَ الْيَوْمَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ [غافر ١٧]. واتە: (ئەمڕۆ هەموو کەس پاداشتی کار و کردەوەی خۆی وەردەگرێت، ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێك لە هیچ کەس ناکرێت، بەڕاستی خودای گەورە بەخێرایی لێپرسینەوەکان ئەنجام دەدات).

لە سوورەتی (التحريم)دا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لاَ تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ [التحريم: ٧]. واتە: (ئەی ئەوانەی بێباوەڕ بوون، ئەمڕۆ هیچ

پاكانەیەك مەكەن، چونكە بەڕاستی تەنها پاداشتی ئەو كار و كردەوانەتان دەدرێتەوە كە ئەنجامتان دەدا).

خودای گەورە و فریشتەكانی و خاوەن زانستەكانیش شایەتی دادگەری بۆ دەدەن: ﴿شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَآئِمًا بِالْقِسْطِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ [آل عمران: ١٨]. واتە: (خودای گەورە خۆی شایەتی داوە و دەریخستوە و سەلماندوویەتی كە بەڕاستی جگە لەو هیچ خودایەك نییە شایانی پەرستن بێت، هەورەها فریشتەكان و خاوەن زانستەكانیش كە بە ڕێگەیەكی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن خودا هەمیشە دادپەروەری ڕەهایە و جگە لەو زاتە خودایەكی دیكە نییە و باڵادەست و دانایە).

بە زمانی ئەم سەردەمە دەڵێین كە فێربوونی ئادەم بۆ ناوەكان لە ناخیدا بۆتە زانستێكی شاراوەی تەواو، كە سەرتاپای ڕاستیەكانی پێ بناسێت، بەڵام لە كاتی ژیانی ئادەمیزاددا بە هۆشیاری ئەندازەیەك لەم ناوانە دەزانێت، تا كاریان پێ بكات و بە هۆیانەوە هەوڵ بدات، ڕەنگە خودا تەوفیقی بدات تا ناوێكی نوێ بۆ ڕاستییەك لە بووندا بدۆزێتەوە، ئەمەش منەتی خودایە تا لە هۆشیدا ئەم چەمكانە دەربهێنێت بە شێوەی ناوێكی سوودبەخش، وەك گواستنەوەیەك لە نەستەوە بۆ هەست، چونكە ناخی عەقڵانەی ئادەمیزاد هەموو ڕاستی لە خۆ گرتووە، بەڵام مامەڵە كردارییە هۆشیاریەكانی لەگەڵ بووندا بەشێكی كەم لەم زانستە گەورە خوداییە بەكار دەهێنێت. هەر بۆیە ئادەمیزاد لەگەڵ بووندا ڕێككەوتووە لەناخیەوە ئامادەكراوە بۆ هاوئاهەنگبوون لەگەڵیدا، بەڵكو پڕە لەو حەقیقەتە تەواوەی كە وای كردووە باسكردنی لە هەر شتێك كە لەگەڵیدا دێتەئاراوە باسكردن بێت لە ناوەڕۆكی ڕاستی و ئاراستەی ڕاستی، هەر بۆیە ئادەمیزاد لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ ئەم بوونەدا كۆشش دەكات بەهۆی ناوەكانەوە پەرەیان پێ دەدات و گەشەش بە پەیبردنەكانی دەدات دەربارەی ناوەكان. ئەوەتا هەموو ڕۆژێك بیركردنەوەی و

زانیاری لەبارەی ڕاستی بوونـەوە دەگۆڕێـت و زانسـتی پـتر لەسـەری وەردەگرێـت، چـونکە ئـەو هۆکارانـەی لـە دەسـتیدایە ناوەکـانی حەقیقـەتی گرتۆتـە خـۆ، لەبـەر ئەوەشـە زانیارییـە هەڵقوڵاوەکـەی نێـو بـیری و هەڵسـوکەوتەکانی وای لـێ هـاتووە لەسەر ڕێبازی ڕاستی بجووڵێت و شوێن ڕاستی بکەوێت.

لەبەرئەوە ئاساییە کە ئەو زانیارییەی دوێـنێ وەرمـانگرتووە ئـەمڕۆ گۆڕانکـاریی تێدا بکەین، لە ناخە مرۆییەکەمان کە هەموو ناوەکان لەخۆدەگرێت لە هەر ڕۆژێکدا چەند ناوێکی نـوێ بدۆزینـەوە، بـەڵکو ئێمـە دەسـەڵاتی تاقیکردنـەوەی ناوەکـان و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەیان بۆ چەند ناوێکی درێژەپێدراومان هەیە، بەو هۆیـەوە کەسانێکمان بۆ دەردەچێت کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی گەرد دەکەن تا هەست بـە بـوونی نـاوك بکـەن، بـەڵکو کەسـانێکی وا کـە پێکهـاتنی نـاوك لـە پڕۆتۆنـەکان و نیوترۆنەکان هەست پـێ بکەن و بیزانن.

لەمەوە هەستکردن و زانینی تەواومان بە ناوەکان بناغەن بۆ توانای پەرەپێدانی زانیارییەکانمان سەبارەت  بە بوون، بـۆ توانـای گـۆڕینی ئاڕاسـتەی بیرکردنـەوەمان لەسەر ڕێبازی ڕاستی کـە خـودای گـەورە دروسـتی کـردووە. چـەند شایسـتەیە کـە جێنشینەکە ئامادە بێت بۆ ئەوەی مامەڵـە لەگـەڵ بوونـدا بکـات بـە شـێوەیەك کـە گەرەنتی و دەستەبەری ئەوەی بۆ بکات کە لە پلەی جێنشینیدا بێت لە ڕووی زانین و پەرەسەندن و گۆڕانکاری بۆ ئەوەی دروستی دەکات.

فێربوونی ناوەکان بە تەواوی مانای ئامادەگی تەواو دەگەیەنێت بۆ هەوڵـدان بـە درێژایی کات (هەرچەند درێژ بێتەوە) بۆ ناسین و پەیبردن بە بـوون و قووڵبوونـەوە لە تێگەیشتنیدا بە هەمیشەیی، تا بنیادنانی شارستانێتییەك بڕەخسـێت بۆیـان کـە شایستەی جێنشینی بێت. فێربوونی ناوەکان بە تەواوی واتە تەواوبوونی تێگەیشتن و بوونبەیەکی ویژدانی هەموو ئادەمیزاد، تاکەوشەکان هـەموویان خـوای گـەورە بـە پاڵفتەیی فێری ئادەمیزادی کردووە، هەر بۆیە ڕەفارکردن لەگەڵ شتەکان و ماناکان

ڕەفتارکردنێکیە بەپێی ڕەوشەکانەوە بە پێکهاتن لەگەڵ دروستکراوەکانی خودا بەڕێوەی دەچێت، بۆیە ویژدان ئامادە و هۆشیارە، چاکە و خراپە ناسە، هەڵقوڵاوی تەواوکاری زانستە شاراوەکانە، ئەگەر تۆ نەزانیت تاقیکردنەوە چییە ئەوا بەدڵنیاییەوە لە هەڵەی گزیکردن لە تاقیکردنەوە تێناگەیت. ئەگەر بە تەواوی تێنەگەیت دادگاییکردن چییە ئەوا لە هەڵەی شایەتیدانی درۆ تێناگەیت، لەبەر ئەمانە ئادەمیزاد بە هەموو ڕەگەز و زمانەکانیەوە لە چاکە و خراپە تێدەگات و جیایان دەکاتەوە، چونکە دەروونی ڕووناکە بە زانینی تەواو. بەڕاستی بەدیهێنەری گەورە دادپەروەرە.

ڕەنگە بە توانای بیرکردنەوەی سنووردارمان بڵێین ئادەمیزاد توانیویەتی پێش بوونی دونیایی بکەوێت، چونکە خودا بڕیاری ئەوەی دابوو کە ئادەم و حەوا بۆ ماوەیەکی کەم نیشتەجێی بەهەشت بن، بەهۆی مانەوەی بەهەشتەوە تێگەیشتن و زانیان کام شتە چاکترە لە دونیا و ئەوەی تێیدایە، چونکە ئەو یاسایەی بەهەشت لەسەری دەڕوات چاکتر و باشترە لە یاسای زەوی، کە چاکە و خراپەی تێدا تێکەڵ بووە، هەر لەبەر ئەمە و لە میهرەبانی خوداوە یە ئادەمیزاد ئامادەیە بۆ ئەوەی مەیل و حەزی بۆ چاکە بێت بە سروشتی خۆی، بە تایبەتی کە زانیویەتی وازهێنان لە بەهەشت بەستراوە بە هەڵە و تاوان و گوێڕایەڵنەبوون بۆ خودای بە توانا و شکۆمەند.

هەروەك ئەوەی ئادەمیزاد لەو نموونە سادەیەدا، چۆتە تاقیکردنەوەیەك لە زەویدا و هەموو ناوەکان فێر بوون، بەڵکو سەرکەوتوویش بووە لەبەر چوونە بەهەشتی پێش زەوی، هەستی بە بۆنخۆشی چاکە و گەورەیی شکۆ کردووە، هەر بۆیە بە سروشتی خۆی مەیلی بۆ چاکە پەیدابووە، هەر کەسیش بەئەنقەست لەمە لادات ئەوا شایستەی سزای ڕۆژی دواییە، چونکە بڕیاری نکووڵی داوە و خراپە و گومڕایی و بوختانی پێ بتشتر بووە لە ڕاستییە ئاشکراکە.

هەروەك پێشتر لە بەشی سێیەمدا باسمان کرد، زانین سێ ئاستی هەیە: ئاستی زانینی پێناسکاری، ئەنجا زانیاری لۆجیکی کە سەرپەرشتیی جووڵەی ماددە دەکات، پاشان حیکمەت و هۆی بەکارهێنانی زانیاری بۆ بەدیهێنانی ویژدانی مرۆیی. بۆ ئەوەی ئادەمیزاد ئەم هەموو ئاستانە بزانێت پێویستە ناوەکان هەموویان فێر بێت، بەتەواوی و بێ کەموکوڕی، تا بتوانێت قووڵ ببێتەوە لە زانیندا و ویژدان بخاتە کار، بۆیە تەنها ناوێك لە زانیاریی لۆجیکیدا زانیاری و مەعریفەیەك دەبەخشێت بۆ ڕەفتاری چەندین ناو لە زانیاری پێناسکاریدا. هەر لەبەر ئەوەشە، گەر بمانەوێت لە ناوەکانی زانیاریدا ستوونی بجووڵێین لەسەرمان پێویستە کە بواری ئاسۆیی هەر هەمووی بزانین لە کاتی هەر بەرزبوونەوەیەکدا، ئەم پلەبەندییە بەرزەی زانیاری حیکمەت و دانایی و چەسپاندنی ویژدان لە لوتکەی هەرەمی بیرکردنەوەدا دادەنێت، بۆیە تا ویژدان بهێنینەدی پێویستە سەرجەم تاکەوشەکانی زانیاری بزانین، ئەگەرنا ویژدان جێگیر نابێت و هۆکارەکانی دانایی تەواو نابن، دەی کێ هەیە قایل بێت بەوە بۆ جێنشینی خودای بەرز و بێگەرد؟

بڕوانە بۆ ئەم ئایەتە چۆن خودای گەورە ئاستەکانی زانیاریمان فێر دەکات و دەفەرموێت: ﴿**وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ**﴾ [یوسف: ٧٦]. واتە: (لەسەروو هەموو خاوەن زانست و زانیارییەکەوە زاناتر و شارەزاتر هەیە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ [المجادلة: ١١]. واتە: (خودای گەورە ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە ئێوە و ئەوانەشتان کە زانست و زانیارییان پێ دراوە چەندەها پلە و پایە بەرزیان دەکاتەوە، خودایش بەئاگایە بەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

لە گەورەیی ناوەکان ئەوەیە کە دەربڕی هەموو ئاستەکانی زانینە و چارەسەری تەواوی هزر دەکات، لە ناز و نیعمەتی خودا بەسەرمانەوە ئەوەیە کە منەتی کرد بەسەر ئادەمدا و هەموو ناوەکانی فێرکرد.

## هەمووی ( كلها ) لە جۆراوجۆری تواناكان و زانستی ئادەمیزاددا :

لە دیدگەیەكی ترەوە دەڕوانینە فێربوونی ناوەكان: ناوەكان چەند وشەیەكی تەواو سادەن، وامان لێدەكات خودی ناونراو بهێنینە بەرچاومان، یاخود واتاكەی بهێنینە بەرچاومان كاتێك لە ناوە مەعنەوییەكان بێت، بە هەموو ئەوەی خودی ناولێنراو لەخۆی گرتووە لە تاكەوشەی بێكۆتا، ئەم ناوە ئاسانە تەنها كلیلێكە كە سەرچاوەی زانیاری پێ دەكەینەوە، بەڵام چەندێك لە ناوەكان دەناسین؟ بەڵێ ناوەكان هەموویان لە ناخماندا دەناسین، بەڵام بەشێك لە زانستمان بە ناوەكا ن لە ژیانماندا بەبیر دەهێنینەوە و زۆر گرانە كە هەموو ناوە ناسراوەكان بۆ ئادەمیزادی ئاسایی سەرژمێری بكەین، ڕەنگە ناوێك هەبێت بۆ شتێكی مەعنەوی تێگەیشتنی گران بێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات و مامەڵەكردنی خەڵك پێی، ئاسان دەبێت.

ئەگەر وا داینێین كۆششی عەقڵی بۆ ناوەكان بچووكە و ژمارەی ناوەكان زۆرن، بەو واتایەی كە هەر ناوێك ئاسانە لە فێربوونیدا و خودای گەورە هەموو ناوەكانی پێ بەخشیوین، ئەو كاتە هەوڵدانی عەقڵ بۆ فێربوونی هەموو ناوەكان لە ئەنجامی لێكدانی سفر دەچێت لە بێكۆتا، سفرەكە بریتییە لەو هەوڵە كەمەی بۆ ناوێك دەدرێت، بێكۆتاش بریتییە لە فێربوونی ناوەكان هەموویان و لە زانستی ماتماتیكیدا ئەنجامی لێكدانی سفر لە بێكۆتا یەكسانە بە بڕێكی بێسنوور، كەواتە ئەنجامەكە بەگوێرەی زانستی ماتماتیك ئەندازەیەكی بێسنوورە، بە گوێرەی هەر دۆخێك بە جیا جیاوازە.

بەڵێ، ئەندازەیەكی بێسنوورە، بە جیاوازی مرۆڤەكان دەگۆڕێت، بە ئەندازەی ئەوەندەی كە خودای كاربەجێ زانست و زانیاری دەبەخشێت بە نەوەكانی ئادەم دەگۆڕێت، بەڵام هەموو ئەوان هەموو ناوەكان فێر بوون! ، بەڕاستی فێركردنی خودایی جوانییەكی ناوازەیە !

تۆ ناتوانیت سەرژمێری هەموو ئەوانە بکەیت کە دەیزانیت، وا هەستیش بکەیت کە زانیارییەکانت لە ناو ژیریتدا جێگایان دەبێتەوە، لە ناختدا هەستێك بە بێکۆتابوونی زانراوەکانت هەیە، هەروەها بە فراوانبوونی ژیریت بەوانەی کە گونجاوە لەگەڵ بوونی دەوروبەرت، ئەمەش منەتێکە لەلایەن خوداوە کە لەبەر ئاسانی ناوەکان و گەورەیی ژمارەیان و دیارینەکراوی ئەندازەی هەوڵە ژیرییەکە تیایاندا بەیەکەوە، ئەوەتا شیاون و ئاسانن و بیکۆتان، ئەندازەی لەبەرکردنیان لەلایەن تۆوە دیاریکراو نییە، بەڵکو جیاوازە لە نێوان تۆ و کەسانی دیکەدا، واتە ئەندازەی زانیاری بە بوون لەنێوان ئادەمیزاددا جیاوازە، پاك و بێگەردی بۆ خودا، ئا ئەمەیە چڵەپۆپەی گونجاوی و ڕێکی لە نێوان ئادەمیزاد و بووندا، بەوەی هەر ئادەمیزادێك ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و زانیاری خۆی لەسەر بوون بە بیر خۆی بهێنێتەوە بە ئەندازەی ئەو زانستەی هەیەتی لەسەر هەموو ئەو ناوانەی کە خودای گەورە بۆی بڕیارداوە.

ئەوەتا هەریەکێك لە ئێمە خوای گەورە ئەندازەیەك لە زانستی پێ بەخشیوە کە بۆمان دیاری نەکراوە، بەڵام لە زانستی خودادا دیاریکراوە، بەڵام ئێمە هەموو ناوەکان فێر کراوین، هەموومان سەلمێنراوەکانی بوونمان زانیوە و جیاکردنەوەی پیس و پاك، بە واتایەکی دیکە چاکە و خراپە کامڵ بووە لامان، بووینەتە بەرپرسیار و لێپرسینەوەمان هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە جیاوازین لە ئەندازەی ئەوەدا کە خودا لە زانست و دانایی پێی بەخشیوین. بڕوانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [البقرة: ٢٦٩]. واتە: (ئەو زاتە بە هەر کەس بیەوێت دانایی پێ دەبەخشێت و

**هەرکەس دانایی پێ ببەخشرێت ئەوا خێرێکی زۆری پێ دراوە، جگە لە خاوەن ژیرییەکان کەسانی دیکە لەو بەهرەیە تێ ناگەن و پەندی لێ وەرناگرن).**

**هەروەها بڕوانە بۆ ئەم ئایەتەش:** ﴿فَتَعَالَى اللهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ وَلاَ تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ [طه: ١١٤]. **واتە: (خودای گەورە زۆر پایەبەرز و بڵندە و پاشای ڕاستەقینەیە، ئەی پێغەمبەر، نەکەیت لە خوێندنەوەی قورئاندا پەل بکەیت پێش ئەوەی سروشی ئەم قورئانە تەواو بێت بۆ لای تۆ و بڵێ: پەروەردگارا زانست و زانیاری زیاترم پێ ببەخشە).**

**ئەوەش نەوەی ئیسرائیل کاتێك خودای گەورە (تالوت)ی وەك سەرکردە و پادشا بۆ ڕەوانەکردن:** ﴿ قَالُوا أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ وَاللهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [البقرة: ٢٤٧]. **واتە: (وتیان: چۆن ئەو ببێت بە سەرکردەی ئێمە، ئێمە شایستەترین بە سەرکردەیی لەو، ئەو ماڵ و سامانێکی زۆری نییە! پێغەمبەرەکە لە وەڵامیاندا وتی: بەڕاستی خودای گەورە (تالوت)ی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە و زانست و زانیاری زۆر و لاشەیەکی بەهێزی پێ بەخشیوە. خودای گەورە پاشایەتی دەبەخشێت بە هەر کەس کە بیەوێت (شایستە بێت) و خودا خاوەن فەزل و سەرپەرشتیاریی بێسنوور و زانایە). بۆیە خودای گەورە زانستی زۆر دەبەخشێت بە هەر کەس بیەوێت و دانایی دەداتە هەر کەس خۆی بیەوێت و شایستە بێت، چونکە خودا زۆر زانا و زۆر ئاگادارە، بەڵکو ئەم زانستەی کە خودای زۆر زانا پێی بەخشیوین لەکوێی زانستی خوداییدایە، خودای کاربەجێ دەفەرموێت:** ﴿وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلاّ قَلِيلاً﴾ [الإسراء: ٨٥]. **واتە: (هیچتان پێ نەبەخشراوە لە زانست و زانیاری تەنها بەشێکی کەم نەبێت).**

**هەروەها دەفەرموێت:** ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ [الأنعام: ١٠١]. **واتە: (پەروەردگار هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەو زاتە بە هەموو شتێك زانایە).**

**هەروەها دەفەرموێت:** ﴿أَلَآ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطٌ﴾ [فصلت: ٥٤]. **واتە: (ئاگاداربە، ئەو زاتە بە هەموو شتێك زانایە و ئاگادارە بە هەموو شتێك و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).**

**لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت:** ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطًا﴾ [النساء: ١٢٦]. **واتە: (هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە هەر خودا خاوەنیەتی و دەسەڵاتی ئەو زاتە دەوری هەموو شتێکی داوە و خودا بە هەموو شتێك، ئاگادارە).**

# دەرەنجام

لە چەند لاپەڕەی پێشوودا باسمان لە چیرۆك و بەسەرهاتی دروستکردنی ئادەم و جێنشینبوونی لە زەویدا کرد، تا خودای گەورە بپەرستێت و بە ژیری و ویژدانی هەوڵ بدات و کۆشش بکات بۆبونیاتنانی شارستانێتی و چاکە و خراپە لەیەك جیابکاتەوە. ئەمەش لەڕێگەی ئەو سروشتەی خودا لەناخیدا چاندوویەتی لە حەق و و چاکە و دادپەروەری و ئاشتی، بۆ ئەوەی بتوانێت جێنشین بێت لە زەویدا، خودای گەورە زانستی ناوەکانی پێ بەخشی و هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد.

بە تەواوی و بێ کەموکوڕی، لەسایەی ئەم فێرکردنە مەزنە خوداییە شایستەی جێنشینی بوو، خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتییەکانی، پڕچەك کرد.

بەم شێوەیە بڕیار درابوو بۆ ئادەم کە ببێتە جێنشین لە زەویدا، هەر بۆیە خودای گەورە پڕچەکی کرد بە فێربوونی ناوەکان تا توانای جیاکردنەوە و هەستکردنی هەبێت و دەست وەربداتە دروستکراوەکانی خودا و بە شێوەیەك بەکاریان بهێنێت بۆ سوودی خۆی و بە نیعمەتی ژیری و بیرکردنەوە جیایان بکاتەوە. ئیبلیسیش بوو بە دوژمنێك کە ڕێگەی خراپەی بۆ ڕازاندەوە تا ڕێگری بکات لە پەیامەکەی لە زەویدا، لە کۆششکردنی بەرەو شارستانێتی و دادپەروەری و ئاشتی.

لە بەشی دووەمیشدا هەوڵمان داوە لە مانای ناوەکان نزیك ببینەوە، دەرکەوت ناوەکان کە وەك کۆد وان، شتێکی گەورە دەگەیەنن، بەڵام بە ئاماژەیەکی سانای کەم، وە گەیشتینە ئەوەی کە گوزارشتمان لە نێو دا بەوەی کە کورتکردنەوەی زانیارییە بێ کۆتاکانە بۆ کەمترین پانتایی هزریی، بە دەربڕینێکی دیکە ناوەکان بریتیین لە کۆکردنەوەی بێکۆتا لە نێو سفرێکدا، باسی ئەوەشمان کرد کە ناو وەك ئەو سندوقە ڕەشە وایە کە ڕاستی شاراوە لەبارەی بوونەوە لەخۆ دەگرێت.

بۆمان ڕوون بووەوە کە فێربوونی ناوەکان لەدوای پەیبردن بە جیابوونەوە دێت لە سروشت، ئەو ناوانەش دابەشکراون بۆ چەند تاکوشەیەك و گشتێکی تەواو نییە، لەبەرئەوەشە کە توانیمان پێکهاتەکانیان لەیەك جیابکەینەوە، هەر یەك بەجیا، توانیمان بۆ سوودی خۆمان بەکاریان بهێنین، دەرکەوت کە پەیبردن بە جیابوونەوە واتە پەیبردن بە یەکگرتن، ئادەمیزادیش توانی پێکهاتەکانی بوون کۆبکاتەوە بۆ سوودی ژیانی خۆی و ئاسانکردنی، ئەمەش بووە گرنگترین شتێك کە کاریگەری لە سەر ژیانی ئادەمیزاد و کارلێکی لەگەڵ سروشت دانابێت، ئەوەش ئەوەیە کە بینیمان کاری ئادەمیزاد لەسەر زەوی تەنها بریتییە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی تاکەوشەکان، بۆ بەرهەمهێنانی تایبەتمەندییە نوێ و جیاوازەکان لەم سەرزەوییە خاو و دەسلێنەدرەدا، ئادەمیزاد توانی کانزاکان دەربهێنێت لە خاکی خاو، شووشە دروست بکات لە سلیکات و ئەلۆمنیا کە لم و بەردی قسڵیە. توانی پلاستیك دروست بکات و بەنزین لە پەترۆل دەربهێنێت و زۆر شتی دیکەیش وەك ئەوانە.

بەم شێوەیە ئادەمیزاد لە جیهانی زانیندا کاری بەو زانستەی ناوەکان کرد کە خودا پێی بەخشیبوو، توانی کە زانستی پێناسکاری و زانستی لۆژیکی و دانایی و ویژدان فێر ببێت و بزانێت، کەوتە بزووتن بۆ بەدستهێنانی خێر و چاکە و گەورەیی و واتا، توانی کە زانستی فەلسەفی دابەش بکات بۆ چەند زانیارییەکی جیاواز تا بەجیا توانای بەسەر هەموویاندا هەبێت، بۆیە زانستەکانی جوگرافیا و فیزیك و کیمیا و زانستی دەروونزانی و هی دیکەیشی داهێنا.

بێگومان فێرکردنی خودایی فێرکردنی واتا و مەبەستە، نەك پێلەبەرکردنی چەند ناوێکی دیاریکراو، بەڵکو فێرکردنی توانای دەربڕینی ناوەکانە و مانا و تێگەیەنراوی زانینە لە ڕێی ناوەکانەوە، هەر بۆیە ئادەمیزاد توانی بە بەردەوامی دەریان ببڕێت هەرکاتێك پێویستی پێیان بێت، بوو بە هۆکارێکی ملکەچ تا لە جیهانی مەعریفەی بەرفراواندا یارمەتی جووڵانی بدات.

ئێمەش ڕاڤەی ناوەکان دەکەین و لەڕێگەی  چەند ناوێکی دیکەوە فێری چەند ناوێکی دیکە دەبین، پاشان هەوڵ دەدەین لە ناوەکانەوە و بە ناوەکان و بۆ ناوەکان، بۆ نموونە لە ناوەکانی تەختە و بزمار و کەتیرە و بە ناوەکانی بڕین و لەیەکدان و جێگیرکردن هەوڵ دەدەین بۆ ناوەکانی دەرگا و پەنجەرە و شتانی دیکەیش، بەم شێوەیە ئادەمیزاد بووە نوێکەرەوە و زیادکەر و گۆڕانکار لە زەوی خودادا.

ئەوەشمان بۆ ڕوونبوویەوە کە فێربوونی ناوەکان ئەو بناغەیە بوو کە زانستی مرۆیی لەسەر دروست بوو، چونکە ئادەمیزاد توانی ڕێبازی شیکردنەوە بزانێت، کە ئەویش ڕێبازێکە کێشەکە سادە دەکاتەوە بۆ چەند کێشەیەکی بچووکی لێك جیا، کە بتوانرێت هەریەکێکیان بەجیا چارەسەر بکرێت، پاشان هەڵدەستین بە کۆکردنەوەی ئەم بەشانە تا چارەسەری تۆکمە پێك بێت. ئەم ڕێبازەش لە زۆرێك لە زانستە تاقیکارییەکان و زانستەکانی ماتماتیکدا بەکارهێنرا، بەتایبەت هەردوو زانستی جیاکاری و تەواوکاری بەشێوەیەك کە یاسای جیاکردنەوەی گۆڕاوەکان (Separation of Variables)مان بۆ دەردەکەوێت و یاسای جیاکاری لە زانستەکانی میکانیکدا دەردەکەوێت، کە ئەتوانرێت کاریگەری هێزەکان لەسەر تەن جیابکرێتەوە و کاریگەری گشتی هێزەکان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کاریگەرییە جیاوازەکان بۆ ئەم هێزانە لەوەدا کە پێی دەڵێین: (بەرهەمی کارلێك). ئەوکاتە بەرهەمی کارلێك بریتی دەبێت لە گوزارشتێکی تەواوی هەموو ئەو هێزانەی کە هەن، لەوەدا کە تایبەتە بە کاریگەرییە میکانیکیەکانیەوە.

بەڵێ، ئەو بنەما سەرەکییانەی زانستی مرۆیی لەسەریان ڕاوەستاوە، ڕەگ و بناغەکانی لە ناوەکانەوە وەرگرتووە، بەڵکو ئادەمیزاد شتێکی دانا کە پێی دەوترێت پێناسە، وەك بنەمایەك بۆ پێناسەی بنەڕەتەکان لە زانستە جیاوازەکاندا. ئەم پێناسەیە تەنها لاساییکردنەوەیەکی مرۆییە بۆ ناوەکان، چونکە پێناسە

وشەکانی بەگوێرەی دوایین زانیاریمان لەبارەیانەوە دیاریکرد، تا زمانی زانستی یەکبخرێت و لەتوانادا بێت ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی بێ هیچ ئالۆزی و تێکەڵبوونێك، دەربببڕین.

هەروەك پێشتر باسمان کرد کە تێگەیشتن لە سروشت پێکدێت لە ئەڵقەیەکی داخراو لە ناوەکان، لەوێدا لەنێو ناوەکاندا دەجووڵێین تا ناوەکان هەندێکیان ئەوانی دیکە ڕاڤە بکات، ناوەکان بەشێوەیەکی بەهێز تێکدەئاڵێن، تەنانەت ئەگەر بمانەوێت یەك ناو بزانین پێویستە لەسەرمان هەموو ناوەکان بزانین و زانستمان بە تەنها ناوێك تەواو نابێت تا هەموو ناوەکانی ئەم بوونە نەزانین، بەڵێ هەموویان.

خودای گەورە و کاربەجێش هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کردبوو. بەڵێ، زانستی (بوون) بۆ نەوەکانی ئادەم تەواو بوو بوو، ئادەمیزاد لەگەڵ بوونی دەرەکیدا ڕێك کەوتبوو، هەموو ئەوانەی دەیانبینێت و دەیاندۆزێتەوە تەنها یادهێنانەوەیەکی ئەوەیە کە لەناخیدایە لە زانستی ناوەکان، وەك ئەو کەسە وایە کە بابەتێکی بیر بێتەوە کە پێشتر زانیویەتی، هەر بۆیە ویژدانی تەواو بوو و جیاکردنەوەی چاکە و خراپە ڕوون و ئاشکرا بوو، هەر بۆیە توانای دۆزینەوەی بوونی هەیە، بەهەمان شێوەش حەقیقەتی تەواوی بوون، ئیتر بوویە خاوەنی ویژدانێکی تەواو و بە ڕوونیش چاکە و خراپە جیا بکاتەوە، چونکە هەموو وردەکارییەکانی بوون لە ناخیدا شاردراونەتەوە، هەر بۆیە شایانی جێنشینی بوو لە زەویدا و بڕیاردانی لە نێوان چاکە و خراپەدا بڕیارێکی نەمر بوو، کە شایستەی لێپرسینەوەیەکی نەمر بێت.

مرۆڤ هەمووی فێر بوو، هەر بۆیە توانی بەردەوام مامەڵە لەگەڵ سروشتدا بکات و وشەکانی سروشتیش بەردەوام پێش بخات، وای لێ هات چاکە و خراپە لە یەکدی جیا بکاتەوە، دەروونی گەشتە کەماڵ و بە دانایی هەوڵی دەدا، پاشان نەوەکانی ئادەم جیاواز بوون لە نێوان خۆیاندا بە ئەندازەی ئەو زانستەی خودای کاربەجێ

پێی بەخشیبوون. وەك پێشتر لە بەشی چوارەمدا باسمان کرد، بەڕاستی لەتوانادا نییە سەرژمێری ناوەکان بکەین، هەر بۆیە بە تەنها دەتوانین ناوەکان بە بێکۆتا دابنێین، پاشان ئەو کۆششە هزرییە لە هەموو ناوێکدا کەمە تائەو ڕادەیەی بتوانرێت بە نزیك لە سفر دابنرێت، هەر بۆیە قەبارەی هزری زانستی لە هەر عەقڵێکدا ئەنجامی لێکدانی بێکۆتایە لە سفر، ئەم ئەندازەیەش لە زانستی ماتماتیکدا بڕێکی دیاری نەکراوە. بڕێکی دیارینەکراوە لە زانینی ئێمەدا، بەڵام لە زانستی خوادا دیاری کراوە، کەواتە بڕێکی دیارینەکراوە بە واتای جیاوازبوونی بە گوێرەی هەر بارودۆخێك، بەم شێوەیە ئەمە شێوەی ئادەمیزادێکە کە خودا بەشی خۆی لەو زانستەی پێبەخشیوە کە لە کەسانی دیکە جیاوازە و ئادەمیزاد ناتوانێت بە پێوانەکردن ئەو ئەندازە لە زانست دیارییکات کە پێیگەیشتووە، بەڵام ئەوپەڕ و ئاستی زانستەکەی لە زانستی خوادا دیاریکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو مرۆڤەکان هاوبەشن لە فێربوونی هەموو ناوەکاندا و هەوڵدان بەهۆیانەوە و زانین و دەرککردنی دانایی و دڵزیندوویی، هەر بۆیە هەموو مرۆڤەکان، زانایان و نەفامیان، گەورەیان و بچووکیان، سپی پێستیان و ڕەش پێستیان، هەموویان کاری خۆیان پێشکەش کردووە.

بەڵێ، ئادەم هەموو ناوەکان فێر بوو، بوو بە جێنشینێکی بەرپرسیاری پابەند بە لێپرسینەوە، بەڵام زانستەکەی سنووردارە و زانیاری لەبارەی خودی بوونەوە سنووردارە و ئەو خۆی و نەوەکانیشی زەحمەت دەکێشن لە زەوی خوادا و لەگەڵ ژیانی دونیادا بە کۆشش دەست وپەنجە نەرم دەکەن.

﴿رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ﴾ [آل عمران: ٨]. واتە: پەروەردگارا، دوای ئەوەی ڕێنموونیت کردین دڵەکانمان لا مەدە لە ڕێگەی ڕاست و ڕەحمەت و سۆز و بەخششی خۆتمان پێببەخشە، بەڕاستی تۆ بەخشەریت.

# پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.